


# ژماره ٧

ئەنجومەنی ئەدەبیی بانه

سەرنووسەر: ک. د. ئازاد

کاناڵی تێلگرامی: @Le_Daweni_Arbebawe

بەفرانباری ٢٧٢٠

| وتاری ئەدەبی، مێژوویی ... | لاپەڕە | شێعر، پەخشان... | لاپەڕە | چیرۆک | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەوی یەلدا | ٢ | سەرپل زهاب. پوویا فەرەجی | ١٦ | بانە. بەهمەن قادری "دڵپڕ" | ١٧ |
| بانە. ئاودێر | ۴ | سەقز. عەتا ساڵح پوور | ١٦ | بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ٣٢ |
| نێرگز عەبباسزادە (کچی ئاربەبا) | ۶ | سەقز. کارۆ مرووەتی | ١٦ | شەماڵ ئێسماعیل پوور | ٣٧ |
| سنە.  نەسرین کەریمی | ٨ | بۆکان.محەممەد ڕەزا خەلیل بەیگی "بڕوا" | ٢٢ | بانە. ک.د.ئازاد | ۵۶ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ١۴ | ڕامین فەرەجی شاڕی ئارمردە | ٢٢ | | |
| بانە.قادری خدر زادە | ٢۶ | مەهاباد.سووتاو | ٢٣ | | |
| ڕۆستەم خامۆش– هەولێر | ٣٠ | دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | ٢٣ | | |
| سەردەشت .حەسەن ڕەوش( پارێزەر) | ٣۴ | جەلال مەلەکشا | ٢۴ | | |
| پەری نەجەفی. کرماشان | ٣۶ | مەهاباد. جەعفەرمەعرووف(ژیار) | ٢۴ | | |
| مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی | ۴١ | بانە. حومەیرا  محەمەد ئەمینی | ٢۵ | | |
| سنە. پژمان حەبیبی | ۴٢ | سەردەشت .سابیر بێتوشی | ٢٨ | | |
| ئیسماعیل غەمگیـن | ۵٢ | بانە. فریشتە نێعمەتی زادە | ٢٨ | | |
| | | مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی | ٢٩ | | |
| | | بانە. ناسر فەرەجیان | ٢٩ | | |
| | | ڕۆستەم خامۆش– هەولێر | ٣١ | | |
| | | ئەمین محەمەد – سلێمانی | ٣١ | | |
| | | بۆکان. لوقمان پیربادینی | ٣٣ | | |
| | | سنە. ئێقباڵ بەرقی | ٣٣ | | |
| | | بۆکان. ئاسۆ | ٣٩ | | |
| | | سەردەشت. بناوێ.خەمبار | ۴۴ | | |
| | | بانە. کام ژین | ۴۴ | | |
| | | دهلران. نوورموحەمەد ناسری | ۴۵ | | |
| | | بانە. ک.د.ئازاد | ۴٨ | | |
| | | شنۆ. عومەر محەممەدی | ۴٩ | | |
| | | بانە. کەوسەر خوداپەرەست | ۵٠ | | |
| | | بانە. شەیدا ئەحمەدی | ۵١ | | |
| | | مەریوان. ڕانا | ۵١ | | |
| | | سەقز. مریەم یەتیمی | ۵۴ | | |
| | | سەقز. ئازاد سەیدئیبراهیمی | ۵۵ | | |
| | | بێهزادی زارەع زادە(باوکی نیشتمان) | ۵۵ | | |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

# شەوی یەڵدا یان شەوچلە




شەوی چلە یا یەڵدا هەر وەک زۆربەی زۆری یادەکانی دیکەی میللەتانی ئێران سەرچاوە و ڕەگ وڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی کەیهانی، لە سەرەتای وەرزی زستاندا یادێک دەکەنەوە کە بە شەوی چلە یا شەوی یلدا ناو دەبردرێت، کە لەئێران و وڵاتانی دەوروبەری دا بە شەوی یەڵدا بەناوبانکە.

هەندێک کەس لەو باوەڕە دان کە شەوی چلە بۆ لابردنی دەرد و بەڵا و شوومی شەویکە، بەڵام لە مێژووی کۆنی ئێراندا هیچ شەو و ڕۆژێک بە شووم دانەنراوە.

ڕۆژ لە سووڕی ساڵانەی خۆیدا لە کۆتایی پایزدا دەگاتە نزمترین خاڵی باشووری خۆرهەڵاتی گۆی زەوی کە دەبێتە هۆی کورت بوونەوەی ڕۆژ و زیاد بوونی کاتی تاریکی شەو، بەڵام لەسەرەتای زستان خۆر دەگەڕێتەوە بۆ باکووری خۆرهەڵات کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی ڕۆژ و زیاد بوونی ڕووناکی و کورت بوونەوەی شەوگار.

لە کۆندا یادکردنەوەی ئەم شەوەیان زۆر لەلا گرنگ بوو، بە جۆرێک کە ئەوشەوە تا بەیانی نەخەوتوون تا هەڵاتنی خۆریان بینیوە، لەم شەوەدا خواردنێکی زۆریان دادەنا بۆ ئەوەی بتوانن تا بەرەبەیان و هەڵاتنی خۆر بە بێداری بمێننەوە.ئەو خواردنانەشی کە دادەندران بریتی بوون لە هەنارو شووتی وسنجوو و...کە ڕەنگەکانیان سوورە کە بە سووری ڕەنگی خۆریان دەشوبهێنن.

زۆربەی ئایینەکان ئاماژەیەکی ئایینیان داوە بە شەوی یەڵدا و تێکەڵی بیروباوڕی خەڵکیان کردووە، لە ئایینی میترا یەکەمین ڕۆژی زستان بەناوی خورەڕۆژ یا خورشیدروز، ڕۆژی لە دایک بوونی مێهرو یەکەمین ڕۆژی ساڵی تازە دادەنرا کە ئێستا تێکەڵ کراوە لەگەڵ مێژووی زایینی کە درێژە پێدەری ڕۆژمێری میتراییە وە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ پێش میلاد دروست بووە.

مەزهەب و گرووپە جیاجیاکانی ناو ئایینی کریستیان ڕۆژی لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح دەگەڕێننەوە بۆ ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی نزیک دەستپێکی یەکەم ڕۆژی وەرزی زستان، بۆیە هەر لەو کاتەدا جەژن دەگێرن بەناوی جەژنی کریسمس. کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی میترایی کە لە ڕۆژمێری کۆنی سیستانی دا ئاماژەی پێ کراوە بە سەرەتای ساڵی نۆی یەکەم ڕۆژی زستان بووە و یەکەم مانگی ئەوانیش لە ڕۆژمێردا بەناوی کریست بووە.بۆیە ئێستا ناو نراوە کریسمس.

بە پێی هەندێک سەرچاوە ڕۆژی خۆر، ڕۆژی یەکسانی مرۆڤەکان بووە، پاشاکان بەرگێکی سپی و سادەیان لەبەر دەکرد، وە لەو ڕۆژەدا نەپاشا و نەهیچ کەسێکی تر فەرمانی بە کەسانی تر نەدەکرد. سەرجەم کاروبارەکان بە بێ فەرمانکردن بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕادەپەڕێندران.لەو ڕۆژەدا هەر جۆر خوێنڕشتنێک ،تەنانەت سەربڕینی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیش قەدەغە کرابوو.هۆکاریکی تری پشووی ئەو ڕۆژە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشگیری بکرێت لە ئەنجامدانی هەر گوناە و خراپەیەک ،چۆن بە پێی ئایینی ڕووناکی بچوکترین خراپەکاری لە ڕۆژی لەدایک بوونی خۆر بەگەورەترین تاوان هەژمار دەکرا.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

ئەبوڕیحان بیروونی لە کتێبی (ئاسارولباقیە ) دا باسی دەکات و دەڵێت:مەبەست لە زایینی لە دایک بوونی خۆرە،ناونانی یەکەم مانگی ساڵ لەوەرزی زستاندا بە مانگی (دی) بە واتای دادار یا خوداوەند لە بیروباوەڕی ئایینی میتراییەوە سەرچاوەی گرتووە.

**نالی ، شاعیری هەست ناسکی گەلەکەمان بەم شێوە باسی شەوی یەلدا دەکا:**




شەوی یەلدایە،یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
دڵم وەک حاکمی مەعزوولە قوربان
خەلاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە،بۆیە
لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو
لەخەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەمشەو؟
سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
کە جێم سەردارەکەی مەنسوورە ئەمشەو
موسڵمانان دەپرسن حاڵی" نالی"
لە کونجی بێکەسی مەهجوورە ئەمشەو.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# وانەی هەشتەم

## دوو پیتی بێدەنگی « ڤ – ڵ »
## پیتی بێدەنگی « ڤ »

**بانە. ئاودێر**

ئەم پیتە لە رێنووسی کوردیدا هاوتای پیتی « V » لە زمانی لاتین و ئینگلیسی دایە. لە زاراوەی کرمانجی باشووردا لە چەند وشەیەکی وەک: بڤە، گڤە، حەڤدە – زیاتر نابیسترێت و زۆرتر لە زاراوەی کرمانجی سەروودا دەبێژرێ. دەنگی ئەم پیتە لە نێوان دوو دەنگی « و » و « ف » دا دەوترێ. هەندێ کەسی فارسی زمان یان ڕوونتر بڵێن تارانی لە برێ وشەی وەکوو (اول، دوم)دا کرکی دەکەن. بۆنموونە پیتی (ڤ) لەم وشانەدا :

مرۆڤ: بنیادەم، ئینسان

فراڤێن: فراوێن، جەمی نیوڕۆ

لاڤە: پارانەوە، دڵدانەوە

بێریڤان: مەڕدۆش

ڤیان: عشق، دڵداری

سۆلاڤ: ئاوهەڵدێر، تاڤگە، پلووسک

شڤان: شوان

شڤن: بزنە کێوی

## پیتەکانی « ل – ڵ »

دەنگی ئەم نیگارە لە رێنووسی کوردیدا دوو جۆرە:

**١- پیتی « ل »ی کز یان نەرم**

دەنگ و رەنگی ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا وەک خۆی دەردەکەوێت و هیچ گۆڕانی بە سەردا نایێت.

١- لە سەرەتای وشەدا. وەکوو: لاولاو، لاواز، لاو، لەنجە، لەڕ، لێو، ...

٢- لە ناوەڕاستی وشەدا. وەکوو: بەلەم، کەلەم، تەلان، تەلار، پەلە، ...

٣- لە کۆتایی وشەدا. وەکوو: تەل، کەل، پەل، لوول، مەل، ...

پیتی « ل » لە رێنووسی لاتیندا بەم شێوە ( L)دەنووسرێت.

تێبینی:

پیتی « ل » بە پێچەوانەی پیتی « ڕ » لە سەرەتای وشەدا هەمیشە نەرمە و هیچ گرفتی لە دوو نییە.

**٢- پیتی « ڵ » قەڵەو یان گڕ**

ئەم پیتە لە زمانی فارسیدا ناوترێت و وەک « ض »ی عەڕەبی کە ناسیاری عەڕەبە، پیتی« ڵ » ش ناسیاری کوردە. لە زمانی عەڕەبیشدا تەنیا ئەگەر پیتی سەرەتای وشە، سەر یان بۆری لە سەر بێت و بە دوای ئەویشدا (ل) هاتبێت، بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە. وەکوو: ئەڵڵا – وەڵڵا. بۆ دەربڕینی پیتی(ڵ) قەڵەو پێویستە نووکی زمان بڕێک بە ماڵی بە بناری سەرووی ددانەکانی پێشەوە بچەسپێت و دەنگی« ڵ » لە قوڵایی گەروەوە دەرببڕدرێت.

ئەم دەنگە بە هیچ جۆرێک ناکەوێتە سەرەتای وشە، چونکە لە سەرەتادا هەمیشە نەرمە. بەڵام دەکەوێتە ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە.

١- لە ناوەڕاستی وشەدا. وەکوو: بەڵەک، پەڵە، هەڵە، کەڵک، ...

٢- لە کۆتایی وشەدا. وەکوو: لێڵ، خاڵ، کاڵ، چاڵ، ماڵ، ...

پیتی« ڵ » لە رێنووسی لاتیندا بەم جۆرە ( L̂ )دەنووسرێت.

**تێبینی لە سەر دوو پیتی (ل) و (ڵ):**

١- هەر دووک پیتی « ل » و« ڵ » لە وشەدا پێکەوە دێن. وەکوو: لاڵ، لێڵ، ...

٢- کار دەکەنە سەر واتای وشە، بۆیە پێویستە ئاگادار بین لە نووسینیاندا. وەکوو:

پەلە – پەڵە، هەل – هەڵ، گول – گوڵ، چل – چڵ، کول – کوڵ، کەل – کەڵ، ...

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

٣- بە پێچەوانەی دەنگی « ڕ » لە هەندێک وشەدا دوو بە دوو دێت. وەکوو:
کوللە، گوللە، کەللە، زللە، بەرەڵلا، هەڵلا
٤- گڕی یەکەم کار دەکاتە سەر دووهەم و بەپێچەوانە. بۆیە دووهەم ئەگەریش نیشانەی لەسەر نەبێ ناگۆڕێت. وەکوو:
هەڵلا- هەڵلا، بەرەڵلا- بەرەڵلا
٥- لە هەر وشەیەکی کوردیدا ئەگەر پیتی« ل » بە دوای پیتی« ئەلف »دا بێت، بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە. وەکوو:
هەڤاڵ، ساماڵ، مەتاڵ، بەتاڵ، تاڵ، ماڵ، کاڵ، ...

سەرچاوە : ڕێنووسی زمانی کوردی ماموٚستا هێرش بێتووشی

## وانەی نۆهەم

تێکەڵاوی وشەی بێگانە دەگەڵ زمانی کوردی و چەند خاڵێکی بنەڕەتی
چوونی وشەی بێگانە لە زمانێکەوە بۆ ناو زمانێکی تر لە هەندێ ڕێگای وەکوو ئەم چەند خاڵەوە روو دەدات:
١- داگیرکاری و زاڵبوونی هەندێ لایەن بەسەر ئەوی تردا
٢- جیرانەتی، دراوسێیەتی
٣- بازرگانی (تجارت)
٤- تێکەڵاوی یان هاوفکری فەرهەنگی(تبادل فرهنگی)
٥- شاڵاوی فەرهەنگی (تهاجم فرهنگی)
ئەوەش نیشانەی لاوازی یان هەژاری ئەو زمانە کار تێکراوە نییە.
زمانی کوردیش لەو یاسایە بەدەر نییە. گرنگی ئەو کارتێکردنەش لە وەبەرچاوگرتنی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دایە.
١- لە ڕێنووسی کوردیدا لە بری کۆی پیتەکانی: (ت- ط)، (ث- س- ص) و (ذ- ز- ض- ظ)، تەنیا لە سێ پیتی (ت – س – ز) کەڵک وەردەگیرێت.
٢- لە ڕێنووسی کوردیدا حەرەکە دەوری پیت دەبینێت و لە نووسین و بینیندا بەرچاوترە.
٣- شێوەی نووسینی (توند، بەتەوژم، کرژ، ڕەق) واتە تەشدید «ــّ» لە ڕێنووسی کوردیدا دووپاتە بوونەوەی خودی پیتەکەیە. وەک لە وشەی محمد (محەممەد) دا بەرچاو دەکەوێت.
٤- بۆ نووسینی وشەی بێگانە لە ڕێنووسی کوردیدا پێویستە ئەو سێ خاڵە سەرەکییە لەبەرچاوبن:
یەکەم: بەپێی یاسای زمان و ڕێزمان وشەکە بخرێتە چوارچێوەیەکی خۆماڵییەوە.
دووهەم: ئەگەر وشەیەکی هاوتای ئەو وشەیە لە زمانی کوردیدا هەبێت، بێ جیاوازی زاراوەیی لە وشە کوردیەکە کەڵک وەربگیرێت و وشە بیانیەکە پاش گوێ بخرێت.
سێهەم: هیچ وشەیەکی بێگانە بە ڕێنووسی خۆی نەنووسرێت و بخرێتە سەر شێوەی ڕێنووسی کوردی.
٥- لە زاراوەی ناوچەیی کەڵک وەرنەگیرێت و کام وشە بنەماییە ئەویان بنووسرێت.
بۆ نموونە: (دەچم لە بری ئەچم)، (هیوا لە بری هەویا)،(خوێ لە بری خێ)، (دەڵێم لە بری دەلێم)، (ماڵ لە بری مار)، ...
٦- لە هەر وشەیەکدا دوو پیتی (ک) و (گ) لە پێش پیتە دەنگدارەکانی(ی – ێ) یان دیفتۆنگی (وی – وێ) دا بێن، ئاڵوگۆڕی دەنگیان بەسەر دادێت، بەڵام هەر هەمان فۆنێمن.
پیتی (ک)، وەک: کیسە، کینە، کوین، کێ، کوێر، کوێخا، ...
پیتی (گ)، وەک: گیان، گیرفان، هەنگوین، ڕەنگین، گێلاس، گێلاخە، گێژاو، گێلگێلە، گوێ، گوێزان، گوێژ، ...

**سەرچاوە :**

ڕێنووسی زمانی کوردی
ماموٚستا هێرش بێتووشی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# ژیان نامەی حەمە تاڵی بانە






ئامادە کردن: نێرگز عەبباسزادە (کچی ئاربەبا)

حەمە تاڵ لە ساڵی ١٢٦٩ ی هەتاوی کوڕی فەقێ میرزای شاری بەڕۆژە واتا بانەی ئێستا لە دایک ئەبێ و لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدا چون حەمە کوڕێکی گرژ و ڕەش تاڵە بوو بەو هۆیەوە لە ناو هاوڕێکانی بە حەمە تاڵ ناسرابوو و ئەو کات کە لەگەڵ منداڵانی کۆڵان یاری شەڕ،زۆران گرتن و ململانێیان ئەکرد حەمە لە هەر گرووپێکا بووایە ئەو گرووپە براوە ئەبوو لە دە پانزدە ساڵیدا حەمەتاڵ گەنجێکی سوارچاک،چالاک،مەلەوان و نیشانە گرێکی شارەزا بوو و دەستی بدایە هەر کارێک بە ئامانجەکەی ئەگەیشت.

حەمەتاڵ کە ناوی زیرەکی و ئازایەتیەکەی کەوتبووە سەر زاری خەڵکی کاتێ ڕۆستەم خانی ساوان ئەو هەواڵەی پێ ئەگات پێی کەسێکی باش ئەبێ و بە مووچە و بەراتێکی باش حەمەتاڵ ئەکاتە پیاوی خۆی و بە هۆی ئازایەتی و دەست پاکی حەمەتاڵەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لای ڕۆستەم خان خۆشەویستتر ئەبێ!

لە ساڵی ١٩١٤ ی زایینی کاتێ شەڕی جیهانی یەکەم کۆتایی پێ هات دەوڵەتی تورکیا لە بەینی وڵاتە موسوڵمانەکاندا وا بڵاوی کردەوە کە گوایە ئەو شەڕە لە سەر ئیسلامە و لە گەڵ کافرەکان شەڕ ئەکەن لە کاتێکا هیچ کام لە سیاسەتمەدارەکانی تورکیا موسوڵمان نەبوون و تەنیا ئامانجیان هەڵخەڵەتاندن بوو

ئەو دەم خەڵکی بانە بڕوایان بە دەوڵەتی تورکیا هێنا و شێخ و مەلاکان هاوکاری خۆیان بۆ غەزا دژی سپای ڕووس ڕاگەیاند و لایەنی تورکیایان گرت .مەلا عەبدوڵڵا کە لە مەلاکانی مزگەوتی گەورەی شاری بانە بوو لە کۆبوونەوەیەک دا ڕایگەیاند کە ئەم شەڕە شەڕی کافر و موسوڵمانە بەو قسانە خەڵکی زیاتر هان دا بۆ شەڕ کردن دژ بە ڕووسەکان حەمەتاڵ وەک زۆرێک لە سەرکردەکانیتر لەسەر بانی ماڵی قازی ئەوڕەحمان ئاڵای موجاهیدینی هەڵکرد...!

بەشێ لە شەڕی تورکیا و ڕووسیە کەوتە کوردستان و کورد بۆ یارمەتیدانی تورکیا لەو شەڕەوە گلا ! هەر بۆیە ڕووسەکان زۆر بێ بەزەییانە دەستیان دایە دژایەتی و کوشتار و کاول کردنی کوردستان بە تایبەت ناوچەی بانە!

لە ئاکامی ئەو شەڕەدا گرانی و قات و قڕیی ڕووی کردە کوردستان و واش خەڵکێکی زۆر لە برسا مردن...

کاتێ شێخ و مەلاکان زانیان کە شەڕی تورکیا بۆ پاراستنی ئیسلام نیە لە شەڕ کردن پاشە کشەیان کرد و بە دەوڵەتی ڕووسیا بێ لایەنی خۆیان ڕاگەیاند و کاتێ تورکیا بەو کارەی کوردەکانی زانی دەستی کرد بە کوشتنی سەرۆک هۆزەکانی کورد.

دوای هەشت ساڵ شەڕکردن کاتێ دەوڵەتی تورکیا هەڵوەشا ئینگلیس و ئەمریکا و... لە کۆنفڕانسی (سیڤەر)دا بڕیاریان دا کە پارێزگای موسڵ وەک دەوڵەتی کورد دابمەزرێ بەڵام لە کۆنفرانسی (لۆزان) لە بڕیارەکەیان پەشیمان بوونەوە و لەو کاتەدا شێخ مەحموود دژی پەیمان شکێنی ئینگلیس ڕاپەڕی و قۆڵبەست کرا و بنەماڵەکەی بە دزیەوە لە مەرزی باشماقی مەریوانەوە ڕوویان کردە بانە و کاتێ حەمەتاڵ ئەو هەواڵەی بیست چوو بە پێشوازیانەوە و میوانداری کردن و دواتر چوونە لای ڕۆستەم خان کە بۆ ماوەی چەن ڕۆژ میوانداری و خزمەتی باشی کردن.

دەوڵەتی ئینگلیس لە میوانداری ڕۆستەم خان زۆر تووڕە بوو و لەو کاتەدا کە ڕەزا شا بە یارمەتی ئینگلیسەکان دەوڵەتی قاجاڕیان ڕووخاندبوو و خۆیان لەسەر تەخت بوون لە خزمەت ئینگلیسەکانا بوون و لە قسەیان دەر نەئەچوون ڕۆستەم خانیان بە تاوانی میوانداری بنەماڵەی شێخ مەحموود بێ لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی مەحکەمەوە لە داریان دا...

ئەو کارە حەمەتاڵی زۆر تووڕە کرد و حەمەتاڵ بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا و وتی بە هەر جۆرێ بتوانم کاربەدەستانی ئێران لە ناو ببەم ئەوا لە ناویان ئەبەم و هەر کەس بۆ باشی و قازانجی ئێران تێبکۆشێ ئەوا ڕەحمی پێ ناکات و ئەیکوژێ...!

چەندین ساڵ دژی دەوڵەتی ئێران کاری کرد و هەوڵی لە ناو بردن و ڕووخاندنی دا و کاتێ تەنگەتاو ببووایە سنووری عێراقی ئەشکاند و دژایەتی ئێرانی ئەکرد. سەرەڕای زیرەکی حەمەتاڵ هەنێک لە سیخوڕ و خۆفرۆشەکان

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە







حەمەتاڵ ئەگرن و وەک دیارییەک ناردیان بۆ تاران و لەوێ خرایە بەندیخانەی قەسرەوە کە پڕ بوو لە سەرۆک هۆز و شاعیر و نووسەری سیاسی کاری ئێران.

حەمە تاڵ دوای ٨ساڵ لە زیندان ڕائەکات پاسەوان و چەکدارانی ئێران زۆر هەوڵی بۆ ئەدەن بەڵام بێ سوودە و لە هیچ شوێنێ نایدۆزنەوە.

حەمەتاڵ تا ماوەیەک لە مووچەیەکی خوڕاسان و سنووری نێوان ئەفغانستان و ئێران وەک کرێکارێک خۆی ژیاند و بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە چەن مانگێ لە ئەفغانستان بوو دواتر لەوێوە هاتەوە بلووچستان و بە لێواری دەریای عەمان و خەلیجی فارسا خۆی گەیاندە بەندەر عەباس و خوزستان و لوڕستان. لە لوڕستانەوە چووە ئیلام و کرماشان و قەسری شیرین لە قەسری شیرین و سنووری خۆسرەوییەوە خۆی گەیاندە باشووری کوردستانی عێراق و چووە سلێمانی و دیسان تفەنگ لە شان بوویەوە بە حەمەتاڵی جاران!

لە سلێمانی تا ماوەیەک لای شێخ مەحموودی نەمر بوو و جار جار دەستێکی لە ئێران ئەوەشاند لە عێراقیش کەوتە بەندیخانە بەڵام لەوێ بە تکای حەفسەخانی نەقیب براژنی شێخ مەحموود ئازاد کرا!

سەید عەتا لە سەیدەکانی باینچۆی سەر بە سنە لە سەر کردەوەکانی یەکێک لە ژاندارمەکانی دەوری ڕەزا شا تفەنگ ئەخاتە شان و ئەفسەر و گوروبانێ ئەکوژێ و دواتر ئەچێتە لای حەمەتاڵ دەوڵەتی ئێران داوا لە دەوڵەتی عێراق ئەکات کە ئەوانە لە ڕژیم یاخی بوون و ئەبێ ڕادەستی ئێران بکرێنەوە تا سزای خۆیان وەرگرن. بەڵام دەوڵەتی عێراق ئەڵێ کە ئەوان نازانین لە کوێن و بەو قسانە ئەو بابەتە پشت گوێ ئەخەن.

لە دوای ئەوانە دەوڵەتی ئێران دەست ئەکات بە پیلانگێڕی و هەموو هەوڵی خۆی ئەدات تا بەینی سەی عەتا و حەمەتاڵ تێکبات کە بەداخەوە لە پیلانگێڕییەکەی سەرکەوتوو ئەبێ و حەمە تاڵ بە دەستی هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆی واتا سەی عەتا ئەکوژرێ!

دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی ناوی حەمەتاڵ لە ناو خەڵکیا بە چەتە و دز دەرکات کەسێ بە ناوی عەباس ئەکاتە فەرماندەی هەنگی مەرزی بانە و مەریوان و پێی ئەڵێ کە بە ناوی حەمەتاڵەوە هەر چەن توانی لەو سنوورانە دزی و تاڵان و کوشتوبڕ بکات...!

حەمە ڕەشی خانی بانە بۆ تۆڵە سەندنەوەی حەمەتاڵ لە ناو پادگانی بانە عەباس ئەکوژێ.لە دوای هەموو ئەمانە جاش قەڵەمێک بۆ ئەوەی حەمە تاڵ وەک چەتە و ڕێگر پێناسە بکات و بیخاتە سەر زاری خەڵکی بەو شێوە ئەنووسێ:

هەناری گوڵی هەناری دانە دانە/ سەر ڕێکەت لێ دەگرم وەک حەمە تاڵی بانە

ئەم هۆنراوە ڕاستەکەی بەو شێوەیە:

هەناری گوڵی هەناری دانە دانە/ دژ بە زاڵم ڕاوەستن وەک حەمە تاڵی بانە

هەر کەسێکیش سەودا سەر و خولیای دڵدارەکەی بووایە و هەستی بەوە بکردایە کە یارەکەی لێ دوور ئەکەوێتەوە بەو چەشنە ئەی چریکاند:

ئاوی کانیە کیژانێ/ ڕێواسی دۆڵی خانێ/ سەر حەداتت لێ ئەگرم/ وەک حەمە تاڵی بانێ

(جێی ئاماژەیە کە بڵێم لە کتێبی مامۆستا محەممەد ئیمامی دا وا نووسراوە کە گوایە حەمە تاڵ ئەچێت بۆ مەریوان و گوندی هەنجیران تاڵان دەکات و خەڵکی هەنجیران شکایەتی خۆیان دەبەنە لای سەید عەتا تا پێی بڵێن کە ئەبێ تاڵان کردنەکەی وەگەڕێنێ بەڵام کاتێ سەید عەتا ئەو هەواڵەی پێ ئەگات لای حەمە تاڵ باسی ئەکات و حەمە تاڵیش بە شۆخی و گاڵتەوە وەڵامی ئەداتەوە لەو کاتەش دا سەید عەتا پیاوێکی بە کرێ ئەگرێ بە ناوی بلەخەزان و حەمەتاڵ ئەکوژن...!)

**سەرچاوەکان:**


١ –کتێبی موحەممەد
٢ –ڕەئوف تەوەکوولی
٣ –لاپەڕەکانی سۆشیاڵ میدیا
٤ –وتووێژ لەگەڵ چەن کەسێکی بەساڵاچوو

سنه. نەسرین کەریمی

# سەنجەرخانی وەزیری (سەردار ئەکرەم)



سەنجەرخانی وەزیری ناسراو بە سەردار ئەکرەم، ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییەی کورد کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەر دوو سوپای بریتانیا و ڕووسیای شکست دا، ڕەزاشای ئێرانیش نەیتوانی دەستگیری بکات، بەڵام بەهۆی ناپاکی و خیانەتی براکەی و بە دەست چەکدارەکانی براکەیەوە کوژرا.

لە مێژووی کورددا زۆر بە کەمی باسی سەنجەرخان کراوە، کەمترین سەرچاوە لەبارەیەوە هەیە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە سەنجەرخان تەنیا پاڵەوانێکی دژ بەداگیرکاری ڕووسیا و بەریتانیا بووە و وەک سەرکردەیەکی جووڵانەوەی کورد بە دوای دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ و دەوڵەت بۆ کورد نەبوویێت.

**مێژووی بنەماڵەی وەزیرییەکانی سنە:**

سەنجەرخان لە بنەماڵەی ناسراوی وەزیرییەکانی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەپێی هەندێک سەرچاوە بنەچە و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی وەزیرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی وەزیرستانی ئەفغانستان، جەمال ئەحمەدی ئایین تۆژەری مێژووی کورد لەمبارەیەوە دەڵێت: لە سەردەمی شاعەباسی سەفەوی (١٥٧١ ـ ١٦٢٩ ز) خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆ خانی ئەردەڵان کە یەکێک لە گەورەترین و بەهێزترین میرەکانی ئەردەڵان بووە بۆ ماوەیەک وەک بارمتە لە ئەسفەهانی پایتەختی سەفەوییەکان بووە، ئەحمەد خان لە ئەسفەهان لەگەڵ پیاوێک بە ناوی خواجە ئیبراهیمی بەزاز کە ئەویش بارمتە بوو و وەک هەندێک سەرچاوە دەڵێن پێدەچی خەڵکی وەزیرستانی ئەفغانستان بێ ئاشنا دەبێت، پاشان لە سەر داوای هەڵۆخان برایمی بەزاز لەگەڵ ئەحمەد خان دێتە سنە ناوەندی میرنشینی ئەردەڵان.

دواتر کاتێک لە ساڵی ١٠٤٦ کۆچی مانگی بەردی بناغەی شاری سنە دادەنرێت، وەزیرییەکان دێنە ناو شاری سنە و لە دروستکردنی شاردا ڕۆڵێکی بەرچاویان دەبێت، لە سەردەمی ئەمانوڵلاخاندا بە شێوەی فەرمی دەچنە ناو حکومەتی ئەردەڵانەوە، بە هۆی تواناکانیان لە بواری ژمێریاری و کار و باری دیواندا و پێویستیی ئەردەڵانییەکان بەم زانستە، وەزیرییەکان جێگایەکی قایم بۆ خۆیان لەناو حکومەتی ئەردەڵاندا دروووست دەکەن، بنەماڵەی وەزیری بە چوونە ناو داموودەزگای دەسەڵاتداریی ئەردەڵان، دەبنە خاوەن نازناو و پێگەی تایبەت بە خۆیان و نازناوی میرزا بە واتای سکرتێر و نووسەریان پێ دەبەخشرێت.لە سەردەمی ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵاندا کەسێک لە وەزیرییەکان بە ناوی میرزا لوتفوڵلا گوندی نەڕان دەکرێت و لەو گوندە نیشتەجێ دەبێت، سەنجەرخان لە نەوەکانی میرزا لوتفوڵلا بووە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## سەنجەرخانی وەزیری کێیە؟




سەنجەرخان کوڕی میرزا محەممەدی وەزیری خاوەنی ئاوایی نەڕانی سەر بە شاری سنەیە، ناوی دایکی جەیران خانمی ئەردەڵانە، جەیران خانم ژنی دووەمی میرزا محەممەد بوو، دوو کوڕی بە ناوەکانی سەنجەر و یەدوڵڵا هەبوو. لە دوای مردنی میرزا محەممەد، سەنجەرخان بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ براکانی، ناچار بوو گوندەکەی خۆی جێ بهێڵێت و ڕووی کردە ناوچەی کولیایی لە سنووری کرماشان و بوو بە چەکداری ئەمانووڵڵا خانی فەرهەنگ.

لەمبارەوە هونەرمەند عەباس کەمەندی لە کتێبی داستانی سەنجەر خاندا دەنووسێت:میرزا محەممەدی وەزیری نەڕانی باوکی سەنجەر خان ئامۆزای ئاسف دیوان بووە، دوو ژنی هەبوو کە لە ژنی دووەمی سەنجەرخان و یەدوڵلاخان لە دایک بوون، دایکی سەنجەر خان خوشکی حاجی عەلی خانی کولیایی بووە کە لە کەسە نزیکەکانی ئەمیر ئەمجەد خانی کولیایی بووە.

کەمەندی دەنووسێت: سەنجەرخان لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بەهۆی قسە لە ڕوویی دەکەوێتە بەر ڕقی ئاسف دیوان و ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر حاجی عەلی خانی کولیایی و دەبێتە سەردار لە سوپای ئەمیرئەمجەد خانی کولیایی.

هەرچەندە سەبارەت بە چوونی سەنجەرخان بۆ ناوچەی کولیایی بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە و هەندێک دەڵێن لە کولیایی بووەتە سەردار لە لەشکەری ئەمیر ئەمجەدخانی کولیایی، بەڵام دروستترین بۆچوون هەر ئەوەیە کە لەوێ بووەتە چەکداری ئەمانوڵلاخانی فەرهەنگ و لە ژێر کاریگەریی ئامانوڵڵا خان لە ڕووس و ئینگلیز بێزار بووە،سەنجەرخان پاش گەڕانەوەی لە ناوچەی کولیایی ڕووی کردە ناوچەی دێولانی نزیک سنە و هەندێک زەوی و زاری کڕی و بناغەی گوندێکی دانا و دەستی بە کاری جوتیاری و ئاژەڵداری کرد، لە گوندەکەی خانوو و زەوی بە جوتیارانی ناوچەکەدا دەدا و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و هاوکات لەگەڵ جوتیاری و ئاژەڵداری دانیشتوانی گوندەکەی فێری ئەسپسواری و مەشقی سەربازیش دەکرد.

هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونی سەنجەرخان، لە ئێراندا شۆڕشی مەشرووتە ڕووی دا، گەورەترین دەستکەوتی مەشرووتە، کەمکردنەوە و لاوازکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بوو، هەر بۆیەش حاکمی ویلایەتەکان کە لە ناوەندەوە دەستنیشان دەکران، دەسەڵاتیان کەمتر بووەوە و عەشیرەتەکان بەهێزتر بوون، هەر سەرۆک عەشیرەتێک چوار چەکداری هەبووایە، بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەگرتە دەست، سەنجەر خانیش لەو کاتەدا هەندێک چەکدار و سواری لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە.

لە سەردەمی سەردار مەحیی ڕەشتیدا کە دانراوی حکومەتی مەشرووتە لە سنە بوو، سەنجەرخان کەوتە دژایەتیکردنی حکوومەتی ناوەندییەوە، لەو کاتەدا کە ڕەزاخان ( کە دواتر بووە شای ئێران) هێشتا ئەفسەرێکی قەزاقی بەکرێگیراوی حکومەتی ناوەندی بوو، بۆ دەستگیرکردنی سەنجەرخان چووە قەڵای

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

میاوروران، بەڵام نەیتوانی دەستگیری بکات و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناو و ناوبانگی سەنجەرخان لە ناوچەکەدا دەنگدانەوەیەکی زیاتری هەبێت.


ئاوایی نەڕان سەربە شاری سنە

## ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر دوو لەشکری ڕووس و بەریتانیا

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوونە شوێنی بەرکەوتنی سێ سوپای عوسمانی و ڕووسیا و بریتانیا، حکومەتی ناوەندی قاجارەکانیش ئەوەندە لاواز بوو کە توانای پاراستنی خاک و خەڵکەکەی نەبوو لە داگیرکاری هێزە بیانییەکان، سوپا داگیرکەرەکان بۆ دابینکردنی بژیوی سەربازەکانیان دەستیان بەسەر گەنم و ئەمبارەکانی خواردەمەنیدا گرتبوو و ئەمەش قاتوقڕی و گرانی و برسێتی لە ناوچە کوردییەکاندا لێ کەوتبووەوە، لەم سەروبەندەدا سەنجەرخان بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە لەو نەهامەتیانە بە پشتبەستن بە خەڵکی ناوچەکانی سنە و کامیاران بەرەنگاری هێزە داگیرکەرەکان بووەوە.

عەباس کەمەندی لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەم قۆناغەی ژیانی سەنجەر خان دەنووسێت:سەنجەر خان کە هەستی بە قووڵایی قەیران و گوشاری زۆری سەر خەڵکی کردبوو، بە نامەیەک داوای لە حاکمی حکومەتی ناوەندی لە سنە کردبوو کە پشتیوانی لە خەڵک بکات و یارمەتی خەڵک بدات بۆ شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی هێزە داگیرکەرەکان، بەڵام حاکمی سنە لە دژی ئەم داواکارییە دەوەستێتەوە، سووربوونی سەنجەرخان لە سەر بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران دەبێتە هۆی نیگەرانی حاکمی سنە و بۆ ئەوەی پێش بە راپەڕینی سەنجەرخان بگرێت هێزێکی بریتانی بۆ سەرکوتکردنی سەنجەرخان دەنێرێت، لە ئەنجامدا شەڕێکی قورس لە نێوان سوپای بریتانیا و سەنجەرخان ڕوو دەدات و بە تێکشکانی بریتانییەکان کۆتایی دێت، سەرکەوتن بەسەر بریتانییەکاندا دەبێتە هاندەرێک بۆ سەنجەرخان کە بەرەنگاری ڕووسەکانیش ببێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە بێ داواکردنی مۆڵەت لە حکومەتی ناوەندی و هیچ کەسێکیتر، دەکەوێتە شەڕێکی قورس لەگەڵ ڕووسەکان و لە ناوچەکە دەریاندەپەڕێنێت.

هەر لەم سەروبەندەدا کە بارگرانییەکی زۆر کەوتبووە سەر شانی خەڵک، عوسمانییەکان لەم دۆخە کەڵکیان وەرگرت و مەلاکان و سەرۆک عەشیرەت و کەسانی دیاری ناوچەکەیان هاندا بۆ ئەوەی جیهاد لە دژی ڕووسەکان رابگەیەنن، لە کاتی ڕاگەیاندنی جیهاددا، سنە لە ژێر دەستی ڕووسەکاندا بوو، هێزی عەشیرەتەکان لە ناوچە جیاجیاکانەوە هێرشیان کردە سەر سنە، یەکێک لە سەرکردەکانی شەڕ سەنجەرخان بوو کە توانیان ڕووسەکانیان لە شاری سنە دەرپەڕێنن.

لە دوای شکستی ڕووسیا لەناو شاری سنە، سوپای ڕووس پاشەکشێی کرد بۆ بنکەیەکی سەربازی لەناوچەی بانلەیلاخ کە پێشتر خۆیان دروستیان کردبوو، کاتێک هێزی عەشیرەتەکان دوای سەرکەوتن بە

سەر ڕووسەکاندا شاریان جێ هێشت، دووبارە ڕووسەکان گەڕانەوە ناو شار و خەڵکی شار بۆ پاراستنی خۆیان بە پێشوازیانەوە چوون، سەنجەرخانیش بە ناچار شاری جێ هێشت و گەڕایەوە قەڵای میاوروران، دوای ئەم ڕووداوە ڕووسەکان بڕیاریان دا تۆڵە لە سەنجەرخان بکەنەوە و قەڵاکەیان گەمارۆ دا، لەم شەڕەدا سەنجەرخان بە قورسی بریندار بوو و لە گوندی گەزگەزارە بۆ ماوەیەک خۆی شاردەوە تا برینەکەی ساڕێژ ببێت. بەڵام عەباس کەمەندی دەڵێت: کاتێک سوپای ڕوس بە فەرماندەیی کۆلۆنیل مامانۆف گەیشتە سنە و سەردار مەحیی حاکمی حکومەتی ناوەندی ڕای کرد، لە سەر داوای خەڵک سەنجەرخان و کۆمەلێکی دیکە لە خانەکانی ناوچە لەگەڵ دوا خانی ئەردەڵان واتا عەباس خانی سەردار ڕەشید کە لە ڕوانسەر بوو، لەگەڵ ڕووسەکان کەوتنە شەڕ و تا شاری قوروە ڕاویان نان، لە لایەکی دیکەوە سوپای ئەڵمانیا و سوپای عوسمانی کە هاوپەیمان بوون چوونە ناو سنەوە، ڕووسەکان جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر سنە و سەنجەر خان ئەمجارەیان بە تەنیا هەموویانی لە شار دەرکرد و ڕاوی نان. بە هۆی ئەم ئازایەتی و قارەمانێتییەوە دەوڵەتی عوسمانی، نازناوی "سەردار ئەکرەم"ی پێ بەخشی.

کەمەندی پێیوایە پێدانی نازناوی سەردار ئەکرەم ئەوەندەی دیکە پێگەی سەنجەرخانی بەرزکردەوە و وەک کەسێکی پیرۆز و ئەفسانەیی لەناو خەڵکدا ناوبانگی دەرکردبوو، ڕووسەکان کە تاکە هۆکاری تێکشکانی خۆیان لە سەنجەرخانەوە دەدیت، دەستیان دایە گەمارۆدانی گوندی میاوروران و قەڵای سەنجەرخان، سەنجەرخان بۆ شکاندنی گەمارۆیەکە داوای لە حکومەت کرد یارمەتی بدات، شێخ مەردوخی سنە کە بۆ یارمەتی وەرگرتن بۆ سەنجەرخان ڕووی لە هەر کەس نا، بەبێ هیوایی ناردیانەوە، هەربۆیە شێخ بە ناچاری بە خۆی بە سی سوارەوە ڕووی لە قەڵای میاوروران کرد، بەڵام بەر لەوەی شێخ بگات، سەنجەرخان گەمارۆی سەر قەڵاکەی شکاندبوو و ڕووسەکانی ناچار کردبوو پاشەکشێ بکەن، لەم شەڕەدا بوو کە سەنجەرخان بە قورسی بریندار ببوو.

سەبارەت بە پاشەکشێی یەکجاری سوپای ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەمال ئەحمەدی ئایین پێیوایە ساڵی ١٩١٧ کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا ڕووی دا، یەکێتی سۆڤیەت بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە ئێران دابوو و دوای بڕیارەکەش هێزەکانی ڕووسیا لە ڕێگەی مەنجیلەوە بەرەو سۆڤیەت گەڕانەوە و میرزا کووچکی جەنگەلیش لە باکوری ئێران ڕێگەی پردی مەنجیلی بۆ دەربازبوونیان ئاوەڵا کردبوو، هەر بۆیە ئەو بۆچوونە ڕاست نییە کە دەڵێن سەنجەرخان ڕووسەکانی تا پردی مەنجیل لە باکووری ئێران ڕاونا.

عەباس کەمەندیش لەمبارەیەوە دەڵێت:شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان کێشرایە ناوچەکانی دیواندەرە و سەقز و لە زۆربەی شەڕەکاندا سوارەکانی سوپای سەنجەرخان توانیان ڕووسەکان تێک بشکێنن و ئەو ناوچانە ڕزگار بکەن، سەنجەر خان بە هاوکاری یەکێک لە حاکمانی ناوچەی سەقز و بۆکان بە ناوی حیشمەتولمولک خان، ڕووسەکانی تا پردی مەنجیل ڕاونا و نامەیەکی بۆ میرزا کوچک خانی ناسراو بە سەرداری جەنگەڵ نووسیبوو و داوای کردبوو ڕێگەی دەربازبوونیان لێ بگرێت.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕ حکومەتی ئێران بۆ چاوترسێن کردنی عەشیرەت و سەرۆک خێڵەکان و چەک داماڵینیان بە پلانێکی نوێ هەندێک کەسی نوێی وەک حاکم و فەرماندەی سوپا ڕەوانەی کوردستان کرد.

کەمەندی لەمبارەوە دەڵێت: لە دوای سەردار مەحیی ڕەشتی، محەمەد خانی شەریفولدەولە کە خەڵکی کاشان بوو بووەتە حاکمی سنە، شەریفولدەولە پیاوێکی دڵڕەق و بە فێڵ و تەڵەکە بووە و زۆربەی خانەکانی ناوچەی لە ناو برد. شەریفولدەوڵە بە فێڵ و تەڵەکە ویستی لەگەڵ عەشیرەتەکانی مەندومی و گەڵواخی ئاشتی بکات و داوای یارمەتی لە سەنجەرخانیش کرد، سەنجەرخان کە لە شەڕ و کوشتار لە ناوچەکەدا بێزار ببوو و دەیزانی ئەگەر شەریفولدەولە هێرش بکاتە سەر ئەم عەشیرەتانە، ئەوا ڕەحم بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەش ناکات، بەڵێنی هاوکاری دا، هێشتا لە قۆناغی دانووستاندابوون کە شەریفولدەولە هێرشی کردەسەر عەشیرەتەکانی مەندومی و گەڵواخی، سەنجەر خان لە دژی ئەم هێرشە وەستایەوە و شەریفولدەولەی جێی هێشت و وتی من نابمە هاوبەشی ئەم تاوانە.

شەریفولدەولە ڕقی لە سەنجەر خان هەڵگرت و پلانی کوشتنی دارشت، لە ئەنجامدا خەلیل خانی برای سەنجەر خان بە ئاسف دیوانی ڕاگەیاند ئامادەیە سەنجەرخان لە ناو ببات بە مەرجێک کە لە دیوانی شەریفولدەولەدا جێی بکاتەوە، لە مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچیدا خەلیل خان بە پیلانێک سەنجەرخانی بانگهێشتی ماڵی خۆی کرد و بە دەستی چەکدارەکانی خۆی دەیکوژێت.

بەڵام ئەحمەدی ئایین ڕووداوەکە بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت سەنجەرخان پاش سارێژبوونی برینەکەی کە ماوەی ساڵێک زیاتری خایاند، گەڕایەوە نێو قەڵای میاوروران و لەم سەروبەندەدا هەندێک ڕووداوی نوێ هاتنە ئاراوە، یەکێک لەو ڕووداوانە دامەزراندنی ئەنجومەنێک بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی شای ئێران، سەنجەرخانیش بە هاوکاری چەند کەسێک ئەنجومەنێکیان بە ناوی ئەنجومەنی دیموکرات لە شاری سنە دامەزراند.

ئەم ڕووداوانە هاوکات بوو لەگەڵ لادانی ئەحمەدشای قاجار لە سەر حوکم، شوێنگرتنەوەی لەلایەن ڕەزا شاوە، یەکەم کاری ڕەزاشاش قەڵاچۆکردن و چەک داماڵینی عەشیرەتەکان بوو، شەریفولدەولەی کاشانی نێردە ویلایەتی کوردستان، شەریفولدەولە بە هاوکاری هەندێک کەس لە ناوچەکەدا دەستیکرد بە چەک داماڵینی عەشیرەتەکان کرد و یەکە بە یەکە سەرۆک عەشیرەتەکانی بە دەستبەسەرکراوی ڕەوانەی تاران کرد و لە سێدارەیان دان، هەر بۆیە لە سنە بە شەریفە قەساو ناوی دەرکردبوو.

لەم کاتەدا سەنجەرخان هەر لە قەڵاکەی خۆیدا مایەوە و خۆی بە دەستەوە نەدا، دوو هاوڕێی نزیکی هەبوو بە ناوەکانی شێخ ئیبراهیمی شابازی و سالار نیزام، کاتێک ئەم دوو هاوڕێیەی کوژران سەنجەرخان زۆر تەنیا کەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی حکومەت نەیانتوانی دەستگیری بکەن، چونکە هەم قەڵای بوو، هەم هێزی چەکداری هەبوو، هەمیش دەوڵەمەند بوو و دەستی بە سەر زەوییەکانی ئاسف دیواندا لە بانلەیلاخ گرتبوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە موڵکی دایکیەتی و ئاسف دیوانی لە خۆی تورە کردبوو، ئاسف دیوانیش بۆ سڕینەوەی مەترسیی سەنجەر خان، خەلیل خانی برای سەنجەر خانی لە دژی هاندا، خەلیل خان سەنجەر خانی بە بیانووی میوانییەک بانگهێشتی ماڵەکەی خۆی کرد، سەنجەر خان متمانەی بە براکەی کرد و لە قەڵاکەی هاتە دەرەوە و چووە ماڵی براکەی لە گوندی نەڕان، کاتێک بۆ دەستنوێژگرتن لە ماڵەکە هاتە دەر، لەلایەن چەکدارانی خەلیل خانەوە کوژرا، یەدوڵلاخانی برا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

و ئەحمەدخانی ئامۆزاشی هەر لەو میوانییەدا کوژران، هەرچەند خەلیل خان دواتر لەم کردەوەی خۆی پەشیمان بووەوە بەڵام بێسوود بوو و بە براکوژ ناوی دەرکرد.

سەنجەرخان ئەگەر بە دەستی براکەشی نەکوژرابایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕەزاشا هەر دەیکوشت وەک چۆن هەر لەم سەروبەندەدا میرزا کوچک خانی لە باکوری ئێران و شێخ خەزعەلی خوزستان و سمایل ئاغای سمکۆ و زۆر سەرکردەی دیکەی کوشت.

**سەرچاوەکان:**


- داستانی سەنجەرجان نووسینی عەبباسی کەمەندی
- توژینەوەکانی ئەحمەد ئایین سەبارەت بە ژیانی سەنجەرخان



# زڕە نووسین بۆ منداڵان زەرەرە



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

نووسین بۆ منداڵان و مێرمنداڵان ڕنگە بەلای هێندێ لە نووسەرانەوە سانا و ئاسایی بنوێنێ و زۆر جار دیومانە بابەتێکی سادە و بێ ناوەڕۆک وەک شێعر یان چیرۆکی منداڵان دەرخواردی خوێنەران دەدەن.

بەڵام دەبێ لەو ڕاستییە تێبگەین کە هەموو سادە نووسینێک ناچێتە خانەی ئەدەبیاتی منداڵانەوە و دەبێ ئەوەش بزانین پانتای خەیاڵی منداڵ و وەرگرتنی واتاو ناوەڕۆکی دەقێکی ئەدەبی بۆ منداڵ زۆر ئاسانترە لە گەورەکان. بە مەرجێک بابەتەکە ڕۆحێکی منداڵانە لە نێویدا شەپۆل بدات. منداڵ لە خەیاڵ و فەنتازیادا هەستێکی بێگەرد و مێشکێکی کراوەی هەیە و ئاوێنەی دید و ڕوانگەشی زۆر ڕووناک و بێ غەورە. بەشەرتێک گەورەکان بەر چاویان تاریک نەکردبێ.

کەسێکی کە دەیهەوێ بابەتێک بۆ منداڵ بنووسێ دەبێ بەڕاستی خۆی منداڵ بکاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی منداڵی، کە لەوێدا چۆنی بیر لە دونیا و ژیان و بوونەوەرەکان دەکردەوە.نووسین بۆ منداڵان ئامۆژگاری کردن و ڕاهێنان نییە؛ بەڵکوو پێشکەش کردنی چەند لەتکە ئاوێنەیە بۆ ئەوەی بتوانن دنیا و ویست و ئارەزووەکانی خۆیانی تێدا ببینن. منداڵ ترس نازانێ چییە هەتا گەورەکان فێری نەکەن. درۆ لە زاتی منداڵ دا نییە ئەگەر گەورەکان ئەو ئاوەی بۆ نەڕێژن. دیارە ترس و درۆ دوو شتی قێزەونن کە هیچ کەس حەزییان پێ ناکا. بەڵام کە بەوردی بیر بکەینەوە خۆمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەوەمان فێری منداڵەکەمان کردووە. دەی کەوایە شتێکی کە بە شێوەی عەمەلی فێری منداڵەکەمان کردووە چۆن دەمانهەوێ لە ڕێگایەکی خەیاڵییەوە پێی تەرک بکەین و بە شێعر و بە چیرۆک، بۆ واز هێنان لەو ئاکارە دزێوانە هانی بدەین. کاتێک منداڵێک دەگری یان بەهانەی شتێک دەگرێ، پێیدەڵێن نەگریی گورگە کە بۆت دێ، یان ورچەکە و هەژدیهاکە و چی و چی دەتخۆن و بەو کارە بۆ هەتاهەتایە ئەو ترسەمان مان شکاندووەتە گیانی و تازە تێکەڵ خوێن و گۆشت و هەستی بووە و ناتوانین بە دڕۆیەکی تر و ئامۆژگارییەکی تر لەبیری بەرینەوە. یان منداڵەکەمان شتێکی بە دەستەوەیە مەترسیدارە یان پێمان حەیفە بیشکێنێ، لە دەستی دەردێنین و لەپشت خۆمانەوە دەیشارینەوە و دەڵێن پشەکە خواردی یان گورگەکە هات بردی. ڕەنگە پێمان وابێ چونکە منداڵەکە لێی ناپرسێتەوە باوەڕی کردووە؛ نا ئەو دەزانێ فێڵمان لێ کردووە، بەڵام ناوێکی بۆ ئەو فێڵ لێکردنەنەدۆزیوەتەوە؛ بۆیەبە ناچاری بە خۆی دەسەلمێنێ کە باوەڕ بکات؛ کەوایە دەبێ بزانین هەر لەو کاتەدا بە دەستی خۆمان تۆوی درۆمان لە مێشک و هەستیدا چاندووە و بەرەبەرە ڕیشەو پنجی داکوتاوە و ئیتر ناتوانین فێڵ و درۆ لە زاتیدا ڕیشەبڕ بکەین و بە هیچ چەشنە ئامۆژگاری و شێعر و چیرۆکێکیش لە مێشکی نایەتە دەرێ.

لە ئەدەبیاتیمنداڵاندا هەمیشە ئەکتەر و قارەمانەکان ئاژەڵ و پەلەور و فڕۆک و خشۆکەکانن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دنیا ڕاست و بێ فێڵ و گزییەی ئاژەڵەکانی تێدا دەژین. دیارە دنیای منداڵانیش وەک دنیای ئاژەڵان بێگەردە، بەو مەرجەی گەورەکان ڕمووەدیان نەکردبێ.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

لە ئەدەبیاتی منداڵاندا ڕێوی وەک بوونەوەرێکی زیرەک و وریا جاری وایە فێڵەبازیش ناسراوە، بەڵام فێڵ و تەڵەکە و زیرەکییەکانی هیچکات بێ بەزەییانە و دڕندانە نەبووە. ئەگەر فێڵ و زیرەکییەکیشی کردبێ بۆ قەشمەرجاڕییان وەدەست هێنانی خواردنێکی سادە بووە. هەڵبەت لەو چیرۆکانەدا کە فۆلکلۆری ڕەسەنن یان نووسەرێکی شارەزای دنیای منداڵان و ڕەوانناسی منداڵان نووسیبێتی، نەک نووسینی زۆرە نووسەران، چونکە هێندێ نووسین هەیە وەک لە پێشدا ئاماژەم پێکرد، فڕی بە دنیای منداڵانەوە نییە، بەڵام چونکە نووسەرەکەی دنیای منداڵانەی بەرتەسکە و نەیتوانیوە خۆی منداڵ بکاتەوە، نووسینەکەشی بۆ گەوران نابێ و بۆ منداڵانیش ڕەق و زبرە. ئەو جۆرە نووسینانە وەک کراسی تاناکۆرا وایە بۆ گەوران چکۆلەیە و بۆ منداڵانیش گەورەیە، هەر بۆیە زۆر ناحەز و نالەبارە لەبەردا. هەر بۆیە کاتێک وەک بابەتێکی منداڵان بڵاوی دەکەنەوە جگەلەوەی هیچ قازانجێکی نییە، زەرەریشی زۆرە.

لە بابەتە ڕەسەنەکاندا هیچکات ڕێوی ئاکار و کردەوەیەکی ئەوتۆی نییە کە منداڵ بە لاڕێدا ببات، بەڵکوو زیرەکییەکانی ڕێوی منداڵ هان دەدا بیر بکاتەوە و بۆ زیرەک بوون مێشکی بخاتە کار. بەڵام بەداخەوە هەروەک گوتم هێندێک زۆرە نووسەر و زۆرە شاعیر خۆیان لە منداڵان قوت کردۆتەوە و بە زۆرە نووسین و بابەتی ناڕەسەن ئاوێنەی بیری منداڵانیان رووشاندووە. گەورەکان دەبێ زۆر بە وریایی و وردبینییەوە کتێب بۆ منداڵەکانیان بکڕن و هەروەک بۆ جلوبەرگ و پێداویستی و کەلووپەلی منداڵەکانیان حەول دەدەن شتی باش و ئیستاندارد و پاک و خاوێن دابین بکەن، دەبێ بۆ کڕینی کتێبیش ئەو وەسواسەیان هەبێ و ڕەنگ و ڕووی کتێبەکان چاویان هەڵنەفریوێنێ.









## پاییز

سەرپل زهاب. پوویا فەرەجی

بەوە باوشم سەردە ...
دەسەیل لەڕ و پیر پاییز
گیانم گردێەسە وەر
نە کلاو ها سەرم نە کوترێگ لە وەر دێرم
عشقد دەمەو دور مل
هجراند کەمەو پا
بەوە باوشم سەردە
بیلا ئاگر بگرم
تا لە کانی لێود  شەق لێوم پڕەو بکەم
ئرمسەیلم میلاوە بەساس
لە ئەشکەفت رۆناک تماشای تۆ
هەناسەم چۆ تەم تەمە لۆلانێگەو چەویلد چۆ
جامەک لە تای کانی
بەوە باوشم بیلا باڵەو بگرم تا شەوەیل هۆنک
تاوسانان
لە ژێر سایەی زوڵفد
گڵای  دارەیل تەنیایی بێەمەو لا
تا جاری تر مەسیحایێگ لە دەمد
وەهارێگ بخەێدوە داوان  زنجم
بەوە باوشم سەردە
نە وەفر تیەێدو نە واران
تەنیا منم و تۆ وە گەرد جەهانێگ ئڕا یەک مردن.



بۆکان. محەممەد ڕەزا خەلیل بەیگی "بڕوا"

قەڵەم هەستە چەکی سەرکەوتنی من
دروشم و مەشخەڵی نەسرەوتنی من
قەڵەم هۆی ڕاپەرینی شۆڕشی سوور
دنەو مایەی لە بۆ پێشکەوتنی من



## پێچەوانە

ڕامین فەرەجی شاری ئارمردە

بەپێچەوانەی زیندووبون
مەرگ لە خۆیەوە ئەفری
نەزانی لاتێکی زۆر قەبەیە!
شوعار دانت ڕێم لی ئەگری



# پەنجەرەی شکاو

نووسین: بەهمەن قادری "دڵپڕ"

**بەشی١**

وەک هەموو ڕۆژێکی دی لەسەر مێزەکەم دانیشتبووم.
بەپێی خووی هەموو ڕۆژێکم کە کتێب خوێندنەوەم وەلا دەنا، ڕێک دەچوومە دیوەکەی کاکم و لەبەر پەنجەرە بچکۆلەکە سەیری سەمای گەڵای زەرد و شنەبام دەکرد.
ئەو ڕۆژەش هەر بەو شێوە.
کە گەیشتمە بەر پەنجەرەکە، کەش و هەوا وەک ڕۆژانی تر نەبوو، ئاسمان لێڵ بوو دیار بوو کاتی بارینی هاتبێ.
بارانم زۆر لا خۆش بوو.
ئەو ڕۆژەش ڕۆژی خۆم بوو چونکە دەمزانی بێگومان باران دەبارێت.
هەروایش بوو.
دوای چەن خولەکێک ئەو هەورە دڵپڕانە دەستیان کرد بە بارین.
لەبەر پەنجەرە هەروا تەماشای دەرەوەم دەکرد، لە پڕ چاوم کەوتە سەر پەنجەرەی ماڵێک.
ئەمناسین. ماڵی کاحەمە جوانێ بوو.
کچێک لە بەر پەنجەرەکە وەستابوو، زۆر دڵنشینانە ئەویش وەک من سەیری بارانی دەکرد.
زۆر جوان بوو.
بە دەم ئەو بارانەوە هەستێکی جوانم تێدا هەڵقولا، نازانم بۆ چاوم لە سەر ئەو پەنجەرە لا نەدەچوو.
زانیم کێیە.!
"فرمێسک "کچ حەمە جوانێ بوو.
ئەو تایفە هەر لە زووەوە ناشرینیان بە دەگمەن تێدا بوو، بۆیە نازناوی "جوانێ" لە باو و باپیرەوە بۆ کاک حەمە مابۆوە.
فرمێسکم دەناسی.
زۆر جار بە قسەش بە یەک گەشتبووین، جیرانمان بوون ئیتر، بەڵام جیرانی نزیک نا کەمێک دوور بوون.
بەس ئەوە یەکەمجار بوو لە بەر پەنجەرە بیبینم.
ئێستاش نازانم ئەو ڕۆژە ئەو هەستە چی بوو سەری لێدام.
هەستم بەرانبەر فرمێسک لەو ڕۆژەوە جووڵا و چووە دڵمەوە.
یەکەمجارم بوو عاشق ببم.
بەڵام ئەویش نەک بە یەک نیگا، نە، زووتر دەمناسی و کچێکی زۆر نیان بوو،
هەر ئەوەش وا بزانم تۆوی عەشقێکی تێدا چاندبووم و ئەو ڕۆژە پاییزیەش کاتی پشکووتنی بوو.

**بەشی٢**

ئەو ڕۆژە کە تێپەڕی، شەوەکەی هەستێکی سەیر سەری لێ دابووم.
عەشق ئەوەیە ئیتر، بێ ئەوەی سەبەبێکت ببێت دڵی خۆت بۆ کەسێک ڕەها ئەکەی.
ڕۆژانێکی زۆر هەر وا ڕۆژ نە ڕۆژ دەهاتە بەر پەنجەرە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

وا دیار بوو ئەویش سەیری منی دەکرد و ئەویش ئاگای لە من بوو.
نزیک بە دوو سێ مانگ ئەم بابەتە بەردەوام بوو.
هەموو ڕۆژێک یەکتر بینین و بێدەنگی.
ئەو کات تەمەنم پازدە ساڵ بوو.
ڕۆژێک لە بەر پەنجەرە غیرەتم دا بە خۆم و ئیشارەتێکم لێ کرد و هەر جۆرێک بوو پێم گوت کارم پێتە و لە کوێ چاوەڕێت دەکەم.
ئێوارێ چوومە پەنا دیوارەکەی ماڵ عەبە چکۆلی قەلایی، کە شوێنێکی زۆر چاک بوو بۆ ئەوەی بیبینم و کەس نەزانێت.
چاوەڕێم کرد تا هات.
هەر هەنگاوێک نزیک دەبۆوە خەریک بوو دڵم دەوەستا. ئیتر نازانم بۆ؟؟
بە ڕووخۆشیەوە وتی:



- سڵاو ئازاد گیان چۆنی؟؟
+ س، ، س، ، سڵاو ئەوین باشی
- گیان؟ کارت چی بوو؟
+ وە، ، وەڵا ویستم شتێکت لا بڵێم
- گیان بڵێ؟
+ئەوەی ڕاستی بێ..ئمممم
- دەی چی؟
+ وە...وە..وەڵا هی...هیچ
- چۆن هیچ ئەی ئەو هەموو ئیشارەیە چی بوو؟
+ڕاستیت دەوێ؟
-دەی؟
+ ئەم ماوەیە کە دەتمبینی لە بەر پەنجەرەکەتان هەستم بەرانبەرت گۆ...گۆڕاوە
- ئێ

کە وتی ئێ ئەڵەی کێشایان بەسەرمدا ئەوەندەم پێ ناخۆش بوو، ، هەستم کرد هیچ بۆی گرنگ نیە من ئەوم خۆشەوێت، بەڵام لە ناکاو وتی:
- ئەزانم
+ چۆن؟؟
- چاوم لێت بوو.

هەوڵ کەمێک لووتبەرزانە ڕەفتاری کرد، بەڵام لە دواییدا خۆیشی دانی بەوەدا نا منی خۆش دەوێت و ئەویش ئەم ماوەیە بێ هۆ نەهاتۆتە بەر پەنجەرە.
لەو کاتەوە پەیمانێکی خوێنینمان پێکەوە بەست کە تا مردن پێکەوە بین.
زۆر سەردەمێکی خۆش بوو...ئەیی یادی بەخێر.....
زوو زوو دەمبینی و ژوانمان ڕێک دەخست و عەشق و ئەوینمان بەردەوام بوو.
لە ماوەی ئەو چەن ساڵەدا نەمانهێشت کەس بزانێت کە دڵداری یەکترین.

چونکە لە کوردەواریدا دوو مرۆڤ یەکدی هەڵبژێرن و دڵیان یەک بگرێت، بە جۆرێک سەرکۆنەیان دەکەن،کە لە هەر شوێنێ ناوی عەشق هات وەک شەیتان لە بانگ ڕادەکەن و گوێیان دەگرن.
بۆیە نەمانویست کەس بزانێت.
ورده ورده تەمەن بەرەو بیست و یەک و بیست و دوو چوو و وادەی ئەوە هاتبوو
فرمێسک بکەمە شەریکی ژینم و هەردوو بەڵێن ببەینە سەر.
یادی بەخێر.... هەر ڕووم نەبوو بە باوکم بڵێم، ئاخری بە دایکم گوت و مەسەلەم بۆ باس کرد.
دایکم هێندەی پێ خۆش بوو، لە خۆشیان پێی عەرزی نەدەگرت.
شەوێک لە دەرەوە لای ئاوالأنم کە گەڕامەوە ماڵێ، دایکم خوا لێی خۆشبێ.. هەر لە بەر دەرکەوە بە شەوقێکی زۆرەوە باوەشی پێدا کردم و گوتی:
ـ بە باوکتم گوت ئازاد گیان
+ دەی کوتی چی دایە گیان؟
ـ زۆری پێ خۆش بوو وتی سبەی لەگەڵ حەمە جوانێ قسە دەکەم و عومر باقی بێ، بۆ شەوێ تریدا دەچین بۆ داخوازی.
ـ دی زۆر چاکە دایە گیان ئینشائەڵڵا

لە خۆشیدا پێم عەرزی نەدەگرت.
وام هەست دەکرد دڵخۆشترین کوڕی سەر گۆی زەویم.
چونکە دەمزانی باوکی فرمێسک مرۆڤێکی تێگەشتووە و حاڵی دڵمان دەزانێ و دەمداتێ.
گوندەکەمان لە شاری نزیک بوو.
بۆیە هەرچۆن بوو لە هەژدە ساڵیدا دووکانێکم لە شار بە قەرز و قۆڵە کڕی و دامنا تا بیست ساڵی.
ماوەیەک چوومە شارانی دوور و کارم کرد تا قەرزی دووکانم داوە و توانیم هەنێ کەل و پەل بۆ فرۆشتن بکڕم و لەو ساڵەوە کار و کاسبیم زۆر باش بوو.
بۆیە وەک ناوی خۆم لێم ڕوون بوو حەمە جوانێ فرمێسکم دەداتێ.
باوکم خوا بیبەخشێ، ، بۆ سبەی شەویدا هات و گوتی:

ـ کوڕی خۆم بە حەمەم گوت، گوتی جا هەر کوڕی خۆمە و کچی پێشکەش.
واش بڕیارە سبەی شەو بچینە خوازبێنی.
باوکم دەیگوت:
هەتیو ئیتر تۆ ئەبی بە پشتی کچێک نابێ ئیتر ئەم لاو لا بچیت و هەر ئاوا سەرت لە کاسبیدا بێ و ئاگات لە خێزانی خۆت بێ.
من زۆر بە شەرمەوە دەمگوت:
+ بەسەر چاو باوکە گیان.

شەوی داخوازی هات و چووینە ماڵی فرمێسک.
تاقمێکی زۆر لە خاڵ و مامەکانیشم هاتبوون.
جەماعەتی پیاو و ژن هەر باسیان لە شەڕ و تەقە و کوشتن دەکرد، بەڵام من لە خۆشیاندا گوێم هیچی نەدەبیست.
دوای چەن کاتژمێرێک دانیشتن و چا خواردن گوتیان: کوڕ و کچ بچنە ژووری و قسە و قەولی خۆیان بە یەکدی بڵێن.
هەستاین و زۆر بە شەرمەوە چووینە نێو هۆدەیەکەوە کە لە قوژبنی ژووری میوانەکەدا بوو.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

کە چووینە ژووریٚ ئەڵەی یەکمان نەدەناسی.
لە خۆشیاندا قسەمان بۆ نەدەهات.
وەرحاسڵ ئەو شەوە تێپەڕ بوو و هەردوو بنەماڵە ڕازی بوون و بڕیار درا زەماوەندێکی باش بەڕێوە بچیٚ هەر لەم نزیکانەدا.
ئەو شەوە هەر خەیاڵم دروست دەکرد و بەدەم خەیاڵەوە خەوم لیٚ کەوت.
سبەی هەستام هاتم بچمە سەر جادە و ماشێنیٚ بگرم و وەرە و شار ببمەوە. لە هەر کۆڵانێکەوە تێپەڕ دەبووم باس باسی شەڕ بوو.

**بەشی٣**

وەک باسیان دەکرد گوایە ڕژیمی شاهەنشایی بەر بۆتە گیانی خەڵک و پۆل پۆل دەیانکوژیٚ.
زۆرم لا سەیر بوو،.
هەرگیز بیرم لە سیاسەت و ئەمانە نەکردبۆوە چونکە هیچ حەزم پێی نەبوو.
سیاسەت تفەنگێکی گەورەیە، کە بە یەک گوللە وڵاتێک دەکوژێت .
ئەمبەر و ئەوبەر هەر باسی ڕژیمی شاهەنشایی و شەڕ و پێکدادانی خەڵک بوو.
چەن ڕۆژیٚ تێپەڕی و کوشت و کوشتارەکانی ڕژیمی شا زۆرتر دەبۆوە.
زۆری نەخایەند دەور و بەری گوندی ئێمەیان دابوو کە گوایە چەن کەسێکی سیاسی لێرەن و خۆیان شاردۆتەوە.
ماڵ بە ماڵیان دەپشکنی و شڕ و شێتاڵی هەموو ماڵەکانیان خستبووە دەرەوە.
دەمەو ئێوارە بوو کە ماڵ پشکنینیان تەواو بوو و هیچیان نەدۆزیەوە.
لە پڕ دەنگی تەقە و تەقینەوە گوندی پڕ کرد و هەموو ماڵەکان ڕژانە نێو کووچە و کۆڵانەکان.
قەرەباڵغی و هات و هاوار هێند زۆر بوو کەس کەسی نەدەناسی و هەموو لە هەوڵی خۆ ڕزگار کردن بوون.
یەک ریز گوللەیان نا بە نێو ئەو خەڵکە هەژارەوە و چەندین کەسیان بریندار بوون و چەندین کەس مردن.
بەڵام من ئەوکات نەمدەزانی کیٚ ماوە کیٚ مردووە.
چەکدارەکان بڵاوەیان کرد و سەر و شوێنیان نەما.
گەڕامەوە بۆ ناو خەڵکەکە بینیم باوکم بەر گوللە کەوتووە و مردووە و دایکیشم بە پێی ئەوەی نەخۆشینی دڵی بوو، لەو تەقەدا دڵی وەستابوو و ئەویش مردبوو.
دنیام بەسەر دا وێران بوو. ساتێک بوو کە نە ژیان ئاوڕی لیٚ دەدامەوە و نە مردن.
ئەژنۆم شکا... دام بەسەر خۆمدا و دەمنەڕاند و خۆڵم دەکرد بە سەری خۆمدا. ئای چ ساتێکی ناخۆش بوو..
پاش چەند کاتژمێرێک گوڵەی ئامۆزام هات بۆ لام و بە پێی ئەوەی منداڵ بوو خێرا هەواڵەکەی ئاڕاستە کردم:
ـ کاک ئازاد وە..وەڵا... دادە فرمێسک مردووە.
ئەوەڵ بڕوام نەکرد،بەڵام کە بەرەو ماڵی حەمە جوانیٚ بەر بوومەوە زانیم فرمێسک گوللەیەک بەر دڵی کەوتووە و مردووە.
کە ڕۆشتم ڕایانکێشابوو.. دەموو چاوی فریشتە ئاسا.... وەک حەسرەتێک لە دڵی مابووبێتەوە، چاوەکانی غەمگین بوون.
دنیام بەسەر دا ڕووخابوو.
دەڵەی ئاسمان کۆڵەکەی ڕووخابووە سەر شانی من...
هیچ بەسەر دنیاوە نەبووم.. نەمدەزانی چیبکەم... چۆن بکەم..

بە کۆڵەبارێکەوە لە ئاوات و خەیاڵی مردوو ...
بە دنیایەک عەشقی لە خاچ دراو تەنیا مامەوە و کەس نەهات بە لامەوە.

زامێکی قووڵ دڵی داپۆشیم.
حەسرەتێکی زۆر گەورە لە دڵمدا مابۆوە.
لەو ڕۆژەوە خۆشی مرد و خەم کە نەمدەزانی چیە، ، لە دایکبوو و بووبە بەشێکی زۆر لە ژیانم.
ڕۆشتم..
ڕۆشتم بۆ شوێنێکی زۆر دوور کە زامی دڵم سارێژ بکەم. ماوەی سی ساڵ ئیتر پێم بەو گوندەدا نەهاتەوە.
کە هاتمەوە هیچ لە زامم کەم نەببوەوە و هەر وەک خۆی مابوو.

ئێستەش جار جار سەرێ لە گوند دەدەمەوە کە چۆڵ چۆڵە...
لە پەنجەرە شکاوەکەی ماڵی خۆمان ئەڕوانم کە فرمێسکی بە من ناساند.
دەچمە سەر گۆڕی دایک و باوکم و بۆیان دەگریم.
دوایان دەڕۆم بۆ گڵکۆی فرمێسک کە بوو بە فرمێسکێکی هەمیشەیی و بە چاوانما هاتە خوارێ.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## ئامێزی خەیاڵ

سەقز. عەتا ساڵح پوور

دڵ لە ئامێزی خەیاڵدا ساز و ئاوازی ئەوێ
چاوی شینی کیژی سەردەم، چاوی پڕ نازی ئەوێ

زۆر و بۆرن چاوەچاو و زەردەخەندەی بێبەها
خۆشەویستی، چاوەترس و هەڵگری ڕازی ئەوێ

نامەوێ بۆچیمە شاری گشت لە ژێر چارشێوی ڕەش
نیشتمانی خۆزگەکانی من کچی شازی ئەوێ

گرمەگرمی هەور و باران و خەزەڵوەر تێکەڵن
داری ئیقباڵمان نەڵێی نا، نیشتنی بازی ئەوێ

شەمع و پەروانە لەبەر چی بوونە ویردی سەر زمان؟
سووتنی باڵی پەپــوولە گیانە ئامرازی ئەوێ

شەوقی مانگ و خۆر نەبێ، تاریکە گشت تۆپی زەوی
ئەم شەوی ئەنگوستەچاوەم بێشک ئیعجازی ئەوێ

قام و بەستەی ئەم (عەتا)یە نەزری ئەشقی تۆیە تۆ
دڵ لە ئامێزی خـەیاڵدا ساز و ئاوازی ئەوێ



سەقز. کارۆ مرووەتی

١
سوپاس بۆ خوا
کە "با" کوێر نییە
ئەینا کێ دەستی گرتایێ

٢
ئیتر تەقەڵ نادەم
لەهیچ شێعرێکم
بڵێم چەند ڕۆژە ئەتناسم
خەیاڵم پەرژین دەکەم لێت
با بژوێنی مەراقم سەوزتر بێ
ئیتر چارەنووسم بە تۆ
سارێژ ناکەم ئەی "باران"
با هەر نەگەم بە جەژن

٣
لە جارێ سێبەرەکەتا
حەزێکم نوێژی دابەست
ئیتر هەر تەواو نەبوو
ئەم شێعرە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## گەیشتنە خۆر

دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان

دڵت تاڤگەی ڤیانێکی بەتین بێ
سەرت سەوداسەری بیر و نەرین بێ
چەمت کانیاوی ئەنگێوەی ئەوین بێ
چەو و چاوگەی بزاڤ و هەم لڤین بێ
هونەر لای تۆ تەبیبی شێت و دین بێ
هەناسەی ژین و هەتوانی برین بێ
کە پانتای سۆزی تۆ زەریای بەرین بێ
هەناوت بۆ گراوت دوور لە قین بێ

هونەر خۆی ژانی داهێنان و ژین بێ
ڕووگەی ئافرێنەرت دەرمانی دین بێ
بیرۆکەی داهێنانت سەوز و شین بێ
گڕی ئافراندنت هەر دەم بەتین بێ
هونەر مان و نەمان , شایی و شین بێ
هونەر وێنای ئەوینی ماموزین بێ
هونەر پێشەنگی گشت هۆزان و چین بێ
هونەر شالووری دەنگچڕ تاکوو چین بێ
هونەر هەر بەردەبازی ڕێی ئەوین بێ
هونەر بۆ گەیشتنە کانزای‌خۆر کەوین بێ

کە گەیشتنە خۆر بە تاو و داپەڕین بێ
دە با کاری ئەتۆ هەر هەڵپەڕین بێ
هونەر بۆ گەلنەویستانت کەمین بێ
لە شەرگەی دژبەراندا چەشنی مین بێ
ئامانجی تۆی تەوار هەر هەڵفڕین بێ
نەیاری تۆ و هونەر یاخوا خەمین بێ



## دڵی سەرشێت

مەهاباد.سووتاو

دڵت سەرچاوەکەی مێهر و سەفایە
وجوودت دەسکـــری شازی خودایە

فیدای دوو چاوی مەستت بێ ژیانم
دڵم حــــەوجێ بە تۆیە و بێنەوایە

نەخۆشم چاوەڕێم سەوداسەری تۆم
بزەی لێوی گــوڵت بۆ من دەوایـــە

بە یادی عیشقی تۆ،تۆفــــانە دایم
لە ناو ناخــــی دڵم کێشە و هەرایە

گزینگی ڕووت بخە سەر ژینی تارم
لەمێژە ماڵــــی ژینم بێ چـرایـــە

تەبیعەت بۆیە جوانە و پڕ شکـــۆیە
ئەتۆی تێدای کە وا بادی‌هـــــەوایە

دەڵێن ڕۆژێ هـەیە بۆ ئەو سورشتە
ئەتۆی ڕۆژی زەوی ،ئەو ئی‌خودایە

بە تەنیا بۆ خــودا کڕنووشە واجب
بەڵام کڕنووشی مـن بۆ تۆ ڕەوایە

دڵی سەرشێت و دێوانە و پەرۆشم
لە پیری دا خەریکی ماجـــەرایـــە

ئەگەر ڕۆژێ بنۆشم جامی وەسڵی
ئەگەر ساتێ لە تەکما بێتە کایـــە

ئەگەر "سووتاو" بچێژێ تامی لێوی
هەموو دەرد و غەمی کایە و بەبایە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# کاروان!

جەلال مەلەکشا

کێ نوستووە؟ کێ بێدارە؟
ئەم ڕێگایەی پێدا دەچن، هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە
دەور و بەرتان گورگە لوورە چەقەڵ کاسەی سەر و گۆشتی دڵتان ئەخوا
ئەوەندە تاریکی چڕە، جندۆکە کۆرپەتان دەدزێ، پێ نازانن
چاوتان لە ناو تاریکیدا
تا ئەم خوارە هەتەر ناکات بیرتان ئاسمانێکی تەسکە
هێندە بەرچاوتان تاریکە
نازانن ڕۆژ لە ئاسۆی کام پێدەشتەوە سەر هەڵدێنێ
هەر بە تەشیە کۆنەکەتان دەیرێسن و لە بیری نوێ
سڵ و سرک،
هەر ئەڕۆن و هەر بە ناقی قووڵی زوڵمەتا ڕۆ دەچن
چراکانیش کز ئەسووتێن
هێندێ چرایش چاوی گورگن
کاروان! کاروان!
هۆ کاروانی سەر لێ شێواو!
لە شەوگاری ئەنگوستە چاو گۆچانی شک دەلاقەیەک ناکاتەوە
مەشخەڵ مەشخەڵ، مەشخەڵی بیر
چرای ئەندێشەتان هەڵکەن
ڕێگا و ڕەوتێ هەنگاوەکانتان بگۆڕن
ئەم ڕێگایەی پێدا دەڕۆن، زۆر کاروانی پێدا ڕۆی و نەهاتەوە
کاروان! کاروان! بۆ کوێ دەڕۆن!؟
ئەم هەورازەی وەک مێروولە پێدا ڕێکچەتان بەستووە
دەتانباتە هەڵدێرەکەی ساڵی پێشوو
ئەو بنارەش
وا بە ئێسک و کاسەی سەرتان داپۆشراوە
دەگاتەوە بەفرەچاڵی کلیلەی ڕندوو
کاروان! کاروان! ڕێگای تازە بدۆزنەوە!
کاروان! کاروان! ڕێگای تازە بدۆزنەوە!



بانە. حومەیرا  محەمەد ئەمینی

ڕەنگە باڵندەیەک بوو ناڵاندی
یان "با" لە نێوقەدی دارەکاندا
یان من کە لە بەرامبەر دڵی بۆنبەست کراومدا
وەک شەپۆلێک لە پەشیمانی و شەرم و ئازار
هەڵدەچووم و
لەنێوان دەلاقەکەدا بینیم
کە ئەو دوو دەستە ـ ئەو دوو سەرزەنیشتە تاڵە
دیسان درێژ بوون بەرەولای دەستەکانم
لە ڕووناکایی کازیوەیەکی درۆزندا
شی دەبوونەوە و
دەنگێک لە ئاسۆیەکی ساردا
هاواری کرد
"ماڵاوا ؟!

ن: فرووغ فەڕوخزاد
و: حومەیرا  محەمەد ئەمینی

**

بە قاچاخی
لە سنوورەکانی زەینمەوە تێدەپەڕی !
پێ دەخەیتە خەیاڵمەوە و
لە نێو دڵمدا  نیشتەجێ دەبی !
موسافیری بێ ئیزن
من دەرت ناکەم !
ساڵانێکە هەموو  وجودی من
بۆتە خاکی داگیرکراوی تۆ !

ن . فرووغ فەڕوخزاد
و. حومەیرا محەمەد ئەمینی



## تۆ دەڵێی و من دەڵێم

مەهاباد. جەعفەرمەعرووف(ژیار)

من دەڵێم ڕوومەت وەکو ڕۆژ ئەو دڵەم ڕووناک دەکا
تۆ دەڵێی ئاگات لەخۆ بێ تا دڵت وێران نەکا

تۆ دەڵێی خۆ چاوەکانم جووتە ئەستێرەی دڵن
من دەڵێم هەر خۆم بەقوربان بۆیە بۆمن مەنزڵن

من دەڵێم تیری مژۆڵت ڕامەکە ناو جەرگەکەم
تۆ دەڵێی بۆ مانی عیشقم من ئەوا سەودا دەکەم

تۆ دەڵێی شێتی ئەتۆ جا مەستی چاوی کاڵی کێی
من دەڵێم چبکا دڵی من کاتێ قەولت داوە پێی

من دەڵێم ئادەی وەرە تو خوا لە ئامێزت گرم
تۆ دەڵێی دا لاچۆ شێتە من لەتۆ زۆر دڵگرم

تۆ دەڵێی خۆت باش بزانە ناوی من ئاشق کوژە
من دەڵێم وەک زیروو بێرە خوێنی جەرگم هەڵمژە

من کە دەردی بێ کەسیم زۆر چێشتوە دەی کوانێ کەی؟
تۆ بڕێژی خوێنی جەرگم، من لەهەردێ دا دەخەی!

تۆ دەزانی دەی کوڕی کوردم بەشم هەر دوابەشە
من کە ئاوارەی وڵاتان، خۆێنی جەرگم ڕەش ڕەشە

من بە تاسەی چاوی کاڵ و بەژن وئاڵای مەوتەنم
تۆش کە بەژنت هەر وەکوو سێدارەیە بۆ گەردنم

تۆ دەڵێی ئادەی "ژیار" بێرە لە ئامێزم گرە
من دەڵێم ئامێزی گەرمت چەشنی مەوتەن دڵگرە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



بەناوی خودای زاناودلۆڤان

## ئاوڕدانەوەیەک لە شێعری داره پیرەی ماموٚستا جەلال مەلەکشا

بانە.قادری خدر زادە( قادری مەلا عەولای ئالۆت)

فارس دەڵێ: (از کوزه همان تراود که دراوست)
بۆ یەکەم جار کە ئەم هۆنراوە لێوان لێو لە هەستی نیشتیمان پەروەرانەی ماموٚستام بینی بە بێ ناسینی ماموٚستا و ژیان و هزر و بە سەرهاتی ئەو پیاوە هەستم کرد کە بێژەری ئەم ڕستەگەلە کەسێکی خاوەن هەستی زوڵاڵ و خاوێنە . شێعری دارە پیرە هەر مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەر دێنێتە سەماو وەک کۆڕی زیکری شێخی سەنعان بێخود و سەرمەستی دەکات .
دەڵێن کاتی خۆی ئەمیر نەسری سامانی لە جەولە و گەڕانێک دا لە گەڵ دەربار و لشکرەکەی دا لە بوخاراوە گونداوگوند دەڕوا تا دەگاتە بادغەیس واتە خوراسانی ئەوکاتە، بە هۆی کەش و هەوای خۆشی ئەوناوچە کە بە تایبەت لە وەرزی بەهار دا ئەمیر گۆچانی ماندوویی دادەنێ و فەرمان دەا کە خێوەتان هەڵدەن ،بەو هیوایەی کە بۆ حەیامێکی (ایامی چند) لەوێ بمێننەوە . هاوقەتارانی پاشا زۆر بەم کارەی ئەمیر پەرێشان بوون بەڵام نەیاندەوێرا دەربیرِن ، هەربۆیە داوا وهاواریان لە ڕوودەکی کرد و پەنایان بۆ برد کە فریایان کەوێ و جەنابی ئەمیر پەشێمان وەکات ، ڕوودەکی بە هۆنینەوەی شاکاری( بوی جوی مولیان) و گوتنەوەی بە یارمەتی ئامێری چەنگ ئەمیری سەودا سەری زێد کرد و هەرخێرا فەرمانی بەرەو بوخارا دا:
بوی جوی مولیان آید همی
یاد یار مهربان آید همی
میر سرواست و بخارا بوستان
سرو سوی بوستان آید همی

من شێعری ماموٚستا ئاوا دەبینم کە لەوێ دا دارە پیرە داوای لە لقی هەڵقرچاوی خۆی کرد کە بگەڕێتەوە ئەگەر چی سەرکەوتوو نەبوو.
ئەم هۆنراوە هەتا خوا حەز دەکات پڕ ناوەرۆک و بەهادارە.
شێعرێک کە لە بارودۆخێکی سەخت دا گوتراوە و لە گۆڤاری مۆڵەت پێدراوی سروە دا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران.
وەک دەزانین داربەڕوو یان دار وێوڵ پتر لە پێنسەد ساڵ تەمەن دەکەن ئەویش لە کوێستانی چڕ و بەرزی سیحراوی ئەم نیشتمانە دا ، دەیان و بگرە سەدان نەوەو نەویلەی مرۆڤ لە سێبەری دا دەحەسێنەوەو سابات و کەپر دروست دەکەن ، هەر بۆیە وەک هێمایەکی پیرۆز دەڕواننە دارە پیرە ، هەیبەت و قەڵافەتی داربەڕوو لە زستان دا کە بەفر و سەهۆڵ سەر وسیمای دەگرێ ، دەبێتە مایەی سەر سامی و ڕێزی سەد هێندە بەرز دەبێتەوە.
جەلال مەلەکشا بەو ئەندامە لاوازەیەوە بە وتنی ئەو شێعرە پڕ بایەخە بۆخۆی وەک دارە پیرە دەنوێنێ و دەبێتە مرۆڤێک کە خاوەنی هەڵوێستی بوێرانە و نیشتیمان پەروەرانە یە وسەرماو گژەبا پێی ناوێرێ و لە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

چۆک نایەت هە ر بۆیە شایستەیە ناز ناوی دارە پیرەی بۆ هەڵبژێردرێ چونکە ئەو کاڵایە بۆو باڵایە زۆر ڕەوایە.
هەمووومان دەزانین کە نەبیندراوەو نەبیستراوە دوو ئاژەڵ یان دار و گیا پێکەوە وت و وێژ بکەن ، بەڵام مرۆڤی داهێنەری هونەرمەند لەمێژە ئەم بیرۆکەی هێناوەتە دی ، کتێبی کلیلەو دمنە دەڵێن هی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ لەمەو بەرە کە هەموو داستانە جوانەکانی لە زمانی دوو ئاژەڵی کڵیلەو دەمنەوەن دیالکتیک و وتووێژی دارە پیرە و لقی سووتاو زۆر پڕ ناوەرۆکە و پڕە لە وانەو ئەزموون کە لەوانەیە سەدان شێخی سەنعان بهێنێتەوە سەرخۆ .
بەڵام لێرە دا ئەزموونەکە زۆر تاڵترە چونکە لێرە دا دارە پیرەی مامۆستا مەلەکشا تووۆشی کێشەییکی مەزن دەبێتەوە ئەویش دیاردەی خۆخۆری و ئەم پەندە زێڕینە کوردیە دێنێتە ئاراوە کە دەڵێ :
دار تا پوازی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ.
لێرە دا دەبینین کە نەیارانی دارە پیرە هەموو جۆرە پیلانێک دێننە ئاراوە تا بیگلێنن و ڕیشەی بکێشن ، بەڵام دارە پیرەیە و بە ئەزموونەو بە سەدان جار دەوور و بەری بۆتە گەوە و مەیدانی شەڕ و هەزاران لاشەو کەللە سەری دیوە و چەوساوەتەوە و تاڵی و سوێریەکی زۆری دیوە و ئەگەری بەزینی نییە و نەیارانی دەڕۆستی نایەن .

تراژیدیای ئەم شاکارە جوانەی مامۆستا لێرەوە دەست پێدەکا کە خێڵی دوژمن ، دوژمنێکی سەرسەختی لە جسن و خوێنی خۆی بۆ دادەتاشن و بە بەڵێنی بێمایەوە فریوی دەدەن کە ببێتە گۆچان و داردەستی نەیارانی دارە پیرەو ببێتە پواز تا نێو جەرگی باوانی خۆی وەقەڵێشێ ، لێرە دا ئەندامی هەر مرۆڤێکی بە هەڵوێست دێتە لەرزین ، ئاخر چۆن ؟ بۆ دەبێ وابێ ، بەڵام دیارە ئەوەی کە دەبوو نەبوایە ڕووی دا و قەڵافەتی دارە پیرە تەپی و کەوتە زەوی!
دڵنیام کە ئەم شێعرە جوانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلەکشا پشتاوپشت دەستاودەستی پێدەکرێ و بە درێژایی مێژووی ئەم نیشتیمانە ئازیزە وانەی لێ وەردەگیرێ و ناوی مامۆستاش بە مەزنی دەکرێتەوە ، دیارە لقەداری زۆر ماون کە پێدەگەن و هەرگیز زەوی باوانی خۆیان بە گاسن و نیر وئامووری نەیارانیان ناکێڵنەوە و ئەم وتانەی مامۆستا لەگوێیان دەزرینگێتەوە دادەچڵەکێن گەرچی ڕووخانی دارە پیرە ناخۆش بوو بەڵام مژدەی دانیشتوانی دارستان بە نهێنی بۆ یەکتر هیوا و هومێد دەبەخشێتەوە بە دڵی خەمخۆرانی خاک و نیشتیمان و ئەم دێڕە شێعرەی مامۆستا هێمنمان بیر دەخاتەوە:

وتی تۆ پێت وایە دەمرم
وتی نانا دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە ئاسۆ ڕوونە

جێی خۆیەتی و زۆر شایستەیە کە ئێمە و نەوەکانی داهاتوومان بە چاکی و بە پاکی یادی خەمخۆران و مامە خەمەکانی وەکوو مامۆستا جەلال مەلەکشا بکەینەوە و ڕەنج وهەوڵ وتێکۆشانیان زۆر بەرز بنرخێنین و خۆمان بە ڕێرەو و قوتابی گوێرایەڵ و درێژە دەری بیر وبۆچوونی نیشتیمان پەروەرەیان بزانین.



## پەڵکه زێڕینەی ئاوات

سابیر بێتوشی ( سەردەشت گوندی بێتوش)

ئەگەر برینەکانی جەستەی خاکم سارێژ بوون
زامی خەنجەری جەللادەکان کفت و کۆی چوون

گەر شەقارەکانی کەڵبی دوو گورگی لۆزان
شوێنی ڕووشی لە سەر سینە و دڵی خاک نەمان

گەر منداڵێ بووم لە کۆڵانان یاری و کایە
ڕۆ لە پێیان ڕاکەمەوە بەر ممەی دایە

گەر نۆلاوێک بووم بە نوقڵێکی مەساسەوە
دەچمەوە یاری منداڵانم بە تاسەوە

گەر تازە زاوا بووم بووکی یەک شەو جێ دێڵم
خۆ کەمە لاوی دڵداری وەتەن و هێڵم

کە ڕەنێو کەوتە بووم ڕاپەڕم بێمەوە خۆ
زەماوەند کەم بووکی ئازادی کەمە ئەستۆ

گەر باپیرەش بووم خۆ لە نەوان دەشێرمەوە
بە خۆڵی خاکی سوتاو مووی سپی بهۆنمەوە

ئەگەر نەشمام ئەو دەم تۆ خۆش بی ئەی کوردستان
هەرای ڕۆژی سەربەستیت با بگاتە ئاسمان



بانە. فریشتە نێعمەتی زادە

نازانم
ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر ، دەگاتە شار؟
دەگاتە جێژوانگەی یار؟
هەنگاوەکانت دوورن لە شار
بۆ جیهانێکی نوێ ئەگەڕێی و
تێناگەی ئەو جیهانە لەناختایە
کاتێک ڕوانیمە چاوەکانت
دونیایەکم بەدی کرد
پڕی شێعر ،جوانی، ئازادی
مەخابن
دووری لەخۆت
ئەڕۆی
بەرەو خۆزگەیەکی پووچ
ئاخ
چەند حەزت لە سەفەرە
چەند حەزت لە کۆچە
بڕۆ ، شێعرەکانت جێ بهێڵە
با بەشێک لە جیهانت لای من بێت

**

سەیرکە!
چوار وەرزە بارانم
زەرد ئەبم و دەرەتان نییە.
بە هۆش بە
ئاسمانم بارانییە و
پەلکەزێڕینە لای تۆیە.



## دڵتەنگی

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

دڵتەنگ و خەمین بێ مەی و مەیخانە چ بێژم؟
بەو تەوقە کە وەک داوە بە پاوانە چ بێژم؟
سەر گەرمە لە مەیخانە بە پەیمانە بە مەستی
سەرخۆشی ئەوین بەو دڵە مەستانە چ بێژم؟
کەوتوومەتە شوێنێ کە کەلی هات و نەهاتە
بەو بەختە کە گیرۆدە بە پەیمانە چ بێژم؟
هەستم وەکوو دیلێکە لە بەندی قەفەسی ژین
بەو هەستە کە وا مەستە بە جانانە چ بێژم؟
گیراوە لە چوار لاوە هەموو دەور و تەنیشتم
بەو تەیرە بە ئەشکەنجە لە زیندانە چ بێژم؟
هەر دڵبەرێ هات و دڵی بردم لە پەناوە
بەو دڵبەرە وەک سەروە لە ڕاژانە چ بێژم؟
کەی چەرخی فەلەک دێتە خولان بۆ مە بە چاکی
بەو چەرخە کە مەقسوودی لە فەوتانە چ بێژم؟
کەی دەردێ لە ئاسۆ گڕ و پرشنگی هەتاوم
بەو هەورە کە تینوویە بە بارانە چ بێژم؟
هاتوومە دەرت پیاڵە بە دەستم وەرە ساقی
بەو دەردە کە بێ مەرهەم و دەرمانە چ بێژم؟
وا دوڕڕی سەدەف سێحری کەلامی لە سەمایە
بەو زیکرە کە سەرمایەیی عیرفانە چ بێژم؟
بێ هاودەم و هاوڕێ لە دەرت ماومەوە یاهوو
بەو هەستە کە غەرقی کوڵی گریانە چ بێژم؟
زانام بە نهێنێکی لە ئەسراری زەمانە
دەروێشی غەزەل ، بەو دڵە دێوانە چ بێژم؟
هەر چەندە لەمێژ ساڵە سکاڵام لە زەمانە
بەو بیرە کە ئاڵۆز و پەرێشانە چ بێژم؟
من سەخڵتی ڕێگەی تەمەنم گشتی بریوە
بەو چینە کەوا تۆوی حەسوودانە چ بێژم؟
من لەشکری تاوم لە بەرابەر شەوی تارە
بەو دەستە کە هەر هەڵگری پەیکانە چ بێژم؟
دونیا بە خەیاڵێکی هەمووی باغی بەهەشتە
بۆ عومرێ هەمووی چرکە و یەک ئانە چ بێژم؟
سەر بەرز و بڵێندم وەکوو شاهۆ لە ژیانا
بەو هزرە کە وا هۆگری هەرمانە چ بێژم؟



بانە. ناسر فەرەجیان

من کۆپلەشێعرێکم
بە پێنووسێکی شکاو
جەستەیەکی بریندارو
چاوێکی ئەسریناوی
نوسراومەتەوە
من کۆپلەشێعرێکم
پیتەکانم بەقووڵایی مێژوو
سەریان لەسێدارە و
خوێنیان بۆنیشتمان ڕژاوە
لەوکاتەوە باران هەیە
ئاوئەم سڕیتەوەو
ئەنووسرێمەوە
لەوکاتەوەباهەیە
گردەلوول ئەم رفێنێ و
دیسان دێمەوە
من کۆپلەشێعرێکم
دەفتەری نیشتەجێبوونم
پارچەپارچە
زبانم ئەنفال و
مێژووم زیندەبەچاڵ کراوە
من لەپێش تەورات وئینجیل
لە پێش پاپیرۆس و گیلگەمێش
نوسراوم
من کۆپلە شێعرێکی کوردیم
لە سنگی شاعیرێکی نامۆ
هەڵ گیرساوم



# ڕوانینێک بۆ ئەدەبیاتی منداڵان

ڕۆستەم خامۆش. هەولێر

ئەدەبیاتی منداڵان، ترۆپکی بەرز ڕوانینە بۆ کایەکانی دیکەی ژیان بەشێوەیەکی جوانتر، ئەدەبیاتی منداڵان، واتە: شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و هەموو ئەو ژانرە ئەدەبیانەی، کە لەنێو بازنەی ئەدەبیاتی منداڵاندا جێیان دەبێتەوە، واتە: هەموو ئەو پەیڤە ناسک و جوان و بۆنخۆشانەن، کە خۆیان دەخزێننە نێو ماڵی شیعر و چیرۆکەوەو بە زمانێکی ئاسان و بێ گرێ و شیرین و پاراو و سادە دەنووسرێن بۆ منداڵان، بەڵێ ئەدەبیاتی منداڵان، واتە: جیهانێکی پاک و پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی، پڕ لە خەون و خۆزگە و خەیاڵی منداڵانە، ئەدەبیاتی منداڵان، گوڵستانێکی تژیی لە خونچەو گوڵ و چڵ و گەڵایە، کە هەزاران پەپوولەو باڵندەی نەخشینی تێدا دەبینرێن، دارستانێکە هەمیشە سەوز، کە بێ ئەژمار باڵندەی دەنگخۆش نەغمەو گۆرانی تێدا دەچرن، جگە لە چێژ و شادی و کەڵک وەگرتن هیچی تری لێ نیە. بۆیە دەڵێم دەبێ شیعر، کە بەشێکی بەرچاوە لە ئەدەبیاتی منداڵان، لە ڕووی ڕووخسارەوە جوان و قەشەنگ و ڕێک دەرکەوێ، وە لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەڵگری پەیامێک بێ و مانابەخش و پڕ مۆسیقا و ئاوازی بەجۆش بێ، کە منداڵ هەم سوودی لێ وەربگرێ و هەم چێژی پێ ببەخشێ، هەتا بکرێ شیعر بۆ منداڵان وا باشترە کورت و پوخت و واتادار و دێڕەکانی کەم بێ و بڕگەی کورت بێ. وەلێ ئەفسووس، ڕەنگە زۆر کەس وابزانن، یان وا تێبگەن، کە نووسین بۆ منداڵ زۆر ئاسانەو هێندە مەرج و یاسای قورسی نیە، وەلێ پێچەوانەکەی ڕاست و دروست و تەواوە، کە ئەو ئەدەبیاتە ئەوەندە سەخت و دژوارە، کەم کەس دەتوانێ بەرەو ڕووی لوتکەی بەرز و باڵای هەنگاو بنێ و پێیدا هەڵزنێ، چونکە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەوەی دەنووسرێ بۆ کەسانێکە، کە ئێستا منداڵن و بەڵام ڕۆژبەرۆژ تەمەنیان هەڵدەکشێ و گەورە دەبن و دەبن بەتاکێکی پێگەیشتوو لەنێو کۆمەڵگەدا، بۆیە دەبێ بزانرێ کە چی و چۆنیان بۆ بنووسرێ، چونکە منداڵانی ئەمڕۆ، گەورەکانی ئایندەن، بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووبین، دەبێ لە منداڵەوە دەست پێبکەین. جا ئەدەبیاتی منداڵان هێندە گرنگ و بایەخدارە، کە زۆر لە شارەزا و لێکۆڵەر و شاعیر و دڵسۆزانی ئەو بوارە باسیان لێوە کردووە، وەکو شاعیری ناسراوی بولگاری "ران بوسلیک" دەڵێ: (ئەدەب بۆ منداڵان، وەکو شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن)، بەڵێ بە دڵنیاییەوە نووسین بۆ منداڵان زۆر پێویستە، بەڵام وردەکاری و لێزانی و کەسی تایبەتمەندی خۆی دەوێ و کەم کەس دەتوانێ دەستی بۆ ببا، چونکە شارەزاییەکی باشی پێویستە بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەرانی ئەو بوارە سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنن، وە دەبێ بەڕاستی منداڵناس بن و لایەنی پەروەردەیی و دەروونناسی لەبەر چاو بگرن، وە خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ منداڵان هەبێ و هێندەی گیان و دڵ و سۆمای چاوی خۆیان خۆشیان بوێن، چونکە خۆشەویستی بناغەی ڕاستی و پتەویی هەموو کارێکە، بۆیە ئەوانەی منداڵیان خۆشدەوێ و کار بۆ خزمەتی منداڵان دەکەن، بێشک دڵسۆزی گەل و خاک و زمانی نەتەوەکەیانن، وە خەمخۆری نیشتمان و وڵاتن، دەیانەوێ ڕێگەی مرۆڤایەتی بۆ ژیان، ڕێگەی جوانیی و ڕۆشنایی و دۆستایەتی بێ، وە کار بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەیەکی ڕاستگۆ و دەستپاک و ئەمانەتپارێز دەکەن. بۆیە زۆر زەحمەتە هەموو کەسێک بتوانێ لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و براوەو سەرکەوتووبێ، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێ کە باسمان کردن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانێ بەپەیژەکەیدا سەرکەوێ و دەنگ و پەیامی خۆی بگەیەنێ، چونکە نووسین بۆ منداڵان بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە بەرامبەر نەوەکانمان، وە شاعیران و چیرۆکنووسانی بواری ئەدەبیاتی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

منداڵان دەبێ لە شیعر و چیرۆکەکانیاندا پەیامی پەروەردەیی و چاکەخوازی و مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزی و بیری ئاشتیخوازی و هەستی پێکەوەژیان... هتد، لە ناخیاندا بچێنن، ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوانەیان بۆ نووسرا، ئەوا ڕێک دوورە لە سروشتی ڕاستەقینەی خودی منداڵ. بۆیە دەبێ شیعر و چیرۆکی منداڵان پڕ بن لە بەها باڵاکان و ڕەوشتە جوانەکان، تژیی بن لە گەشبینی و ئاوات و ئومێد و هیوا بەخشین. شیعر و چیرۆکی منداڵان دەبێ هەڵگری پەیامێک بن، کە ڕەنگدانەوەی ناخی خۆیان بن و واتادار بن و ببنە هەوێنی جوڵاندنی هزر و ئەندێشەیان، تا خەیاڵیان فراوان بێت و چەشنی ئەو باڵندانەی، کە ئارەزووی فڕین دەکەن بۆ دوور، بۆ ئەوەی ئەوانیش فێر بن دوور دوور بفڕن، بەڵکو زیاتر بڕوانن و بیربکەنەوە، وە جگە لە چێژ وەرگرتن، زانیارییان زیاتر بێ لەئەنجامی گەشتی خەیاڵ.

## شیعر بۆ منداڵان



## ئێوارەیەک

ڕۆستەم خامۆش. هەولێر

ئێوارەیەک دەمڕوانی
بۆ ئاسمانی شین و جوان
بینیم پۆلـێ باڵندە
پێکڕا دەیان جریوان

منیش دەروونم شاد بوو
کەوتمە دیلانێ و قاقا
گوتم ئۆخەی چەند خۆشـە
دەنگیان چەشنی مۆسیقا

چونکە من دۆست و هاوڕێم
لەگەڵ گشت مەلی دونیا
دڵخۆشم بە بینینیان
لە ئاسمان و ڕۆخ دەریا



## بێچووە ورچەکە

ئەمین محەمەد. سلێمانی

بێچوە ورچێ لەناو بەفرا
دێت و دەچێ
زۆر وریایە ڕێگەی ماڵی
لێ تێک ناچێ
سەیری شوێن پێی دایکی ئەکا و
ورد، ورد ئەخوا
کەبرسی بوو ڕائەوەستێ
خواردن ئەخوا
جلی گەرمی لە بەردایە
ورچە خڕین
خۆی لە سەرما ئەپارێزێ
ئەویش وەک من
تووکی سپی و نەرم و نۆڵە
خڕ و خەپان
زۆر دڵخۆش و ئاسوودەیە
لە دارستان
لە سەر بەفر یاری دەکا
تا ئێواران
دەبێت بەهاوڕێی دڵسۆزی
گشت گیانداران.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی باوە



# چاو شووشە

سادق چووبەک

وەرگێڕ: ئەمین گەردیگلانی

چاوەکە ئامادە بوو، دوکتۆر خستییە هێلوونی چاوی کوڕەکەوە و گوتی:
-«دەی چاوت هەڵێنە کوڕم، ئێستا بیقووچێنە، چاوت بقووچێنە. زۆر چاکە. وەک هەوەڵی لێهاتۆتەوە.»
پاشان ڕووی کردە دایک و باوکی کوڕە و گوتی:
-«چاوی لێکەن زۆر تەواو و ئەندازەیە. موو بە بەینی پێلوویدا ناچێ. کوڕە پێنج ساڵان بوو. قیت لەسەر کورسیلەیەکی نزیک مێزی دوکتۆرەکە دانیشتبوو. دایک و باوکی لەپاڵیدا ڕاوەستابوون. باوکی لەپشت سەریەوە بوو، ڕووبەڕووی دوکتۆرەکە. بە لاچاوێک لەدەموچاوی کوڕەکەی دەڕوانی. دایکیشی لەولاترەوە ڕاوەستابوو پشتە سەری کوڕەکەی دەدی و نەهاتە پێشێ کە ببینێ "زۆر تەواو و ئەندازەیە و موو بە بەینی پێلوویدا ناچێ."
ئێستا شەو بوو، دایک و باوکی کوڕەی چاو شووشەیی لەماڵێ لەسەر مێزێک دانیشتبوون. منداڵێکی شیرەخۆرەش دەمی بە مەمکی دایکییەوە بوو. سمێڵی ڕەش و پانی پیاوەکەش بەسەر ڕوومێزیی نایلۆنیدا نووشتابۆوە و چاوی لەسەر لایەکی دەموچاوی کوڕە چاوشووشەییەکەی گیرسابۆوە.
-«عەلی گیان ئیتر چاوە جوانەکانت وەک هەوەڵیان لێهاتۆتەوە. وەک چاوی ئێمە.» باوکی ئەوەی گوت و هەستا لەسەر تاقەکە ئاوێنەیەکی چکۆڵەی هەڵگرت و بردی بۆ لای. کوڕە زەق زەق لە ئاوێنەی دەڕوانی. چاوە شووشەیییەکەی بێ جووڵە بوو. ئاوی پێدا دەهاتەخوارێ.لە پاڵ ئەوەدا چاوەکەی تری کە ساغ بوو، لەسەر ئاوێنەکە زەق وێستا بوو. پاشان لەپڕ چاوی لە باوکی کرد و پێکەنی. چاوی دایکی فرمێسکی تێزابوون و تەماشای نەکردن. سەری داخستبوو و چاوی لە ڕوومەتی منداڵە بەرمەکانەکەی بڕیبوو. دیسان دەنگی پیاوەکە بەرز بۆوە.
-«ژنەکە دەنا وانییە؟ دەنا چاوی عەلی وەک هەوەڵی نەهاتۆتەوە؟»
ژنەکە تفی لینچقی گەرووی قووت دا و سەرێکی لەقاند و تیشکی چراکە لە پشت فرمێسکەکانییەوە لەرزییەوە و بە دەنگی گڕ گوتی:
-«ئەرێ وەک هەوەڵی لێ هاتۆتەوە.»
پاشان بەپەلە منداڵە ساواکەی لە باوەش کرد و بردی لە گۆشەی وەتاغەکە لە لانکەی نا و خەواندی.
پیاوەکە هەستا چووە بەر پەنجەرەکە و چاوی لە حەوشە بڕی. ژنەش چوو لە پەنا مێردەکەیەوە چاوی بڕییە حەوشەکە. حەوشەکەیان ساردوسڕ و تاریک و چۆڵ بوو. پیاوەکە هەستی بە سێبەری گەرمی ژنەکەی کرد لە دوایەوە و بە دەنگێکی گڕ و بوغز لێنیشتوو گوتی:
-«من ئیتر دڵم بڕوایی نادا. بەتەنیا جێیمەهێڵە بچۆ بۆ لای.
ژنەکە دەنگی لەرزی و چاوی کەوتە ڕێشکەوپێشکە و بەگریانەوە: -«من خەریکم دەکەوم بە عەرزدا. ئەگەر دەتوانی تۆ بچۆ بۆ لای.»
پیاوەکە وەرسووڕا و چاوی لە چاوی ژنەکەی بڕی. ڕوومەتی خووسابوو، تنۆکی فرمێسک لەسەر سمێڵی بە زەنگۆڵ وێستا بوو. ژنە گوتی: -«ئەگەر ئاوا بتبینێ دڵی دەتۆقێ. فرمێسکەکانت بسڕەوە.»
خۆشی کتوپڕ لە قوڵپەی گریانی دا و سەری داخست. چاوی لەسەر لاقە ڕووتەکانی خۆی گیرسایەوە.
بە هێواشی دەستی ژنەکەی گرت و گوتی:
-«مەگری. وەرە بچین بۆ لای. ئەمشەو لە هەموو شەوێ دڵخۆشترە. نەتدی پێدەکەنی؟»
چاوی خۆی سڕی و چلمەکەی هەڵلوشی. سنگ و شانی ژنە لەرزییەوە و لەگەڵ هەنیسکێک گریانەکەی قووت دایەوە. هەر دووکیان چوون بۆ لای کوڕەکە و لەپشت سەری وێستان و چاویان تێبڕی.
کوڕە ئاوێنەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو. چاوە شووشەکەی لە هێلوونی چاوی دەرهێنا بوو، خستبوویە سەر ئاوێنەکە و گۆی پڕ لە سپیایی چاوەکەی بە بیلبیلە مردووەکەیەوە لەسەر ئاوێنەکە زەق ببۆوە. چاوەکەی دیکەشی بە قیچی لەسەر ئاوێنەکە ڕاگرتبوو و بەسەر سووڕمانەوە تێیدەڕوانی. هێلوونی ڕەش و قەلپووچیشی بە خاڵی لچی لە چاوە شووشەکە هەڵدەقورتاند.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



بۆکان. لوقمان پیربادینی

بە چاوێ بۆ شەقامی شێتی ئەو شارەت بەڕێ کردم
بە بێ ئامێز، بە تەنیا، ڕووت و بێچارەت بەڕێ کردم

من و هیوایەکی لێوڕێژ لە هەست و خۆشەویستی تۆ
بە ـ نا ـ یەک، تاسنووری مەرگ و سێدارەت بەڕێ کردم

منێ شێتی شەبەنگی خۆری کازیوەی بەیانت بووم؛
بە هێمایەک، بەرەو تاریکی ئێوارەت بەڕێ کردم

لە کۆچ بێزار و دانیشتووی وڵاتی سەوزی دامانت
کەچی وەک بۆرە ڕێبوارێکی ئاوارەت بەڕێ کردم

وتە و ڕاوێژی تۆ سەیرە، وەکوو پێوەندە بۆ هەستم
وەکوو گیرۆدە،شێت و پێت و پەتیارەت بەڕێ کردم

لە فێرگەی خۆشەویستیدا، وەفا و متمانە پیرۆزن
بە هەست و سۆزەوە، بۆو باخ و گوڵزارەت بەڕێ کردم

دڵم پێرستی گۆڤاری ئەوینی چاوەکانی تۆن
بەشێعرێ تا پەرەی ئەو سەوزە گۆڤارەت بەڕێ کرم



سنە. ئێقباڵ بەرقی

لە ئەم زریان وئەم سەرما و کرێوە
چلۆن گرتوویەتی ئەو باخە سێوە؟
هەموو باخان وکێوان کرلە بەفرن
کەچی ئەو باخە هەرغونچەی وەپێوە
سەرم چۆن کردە ئەو باخە لەبۆ سێو
شەوارەم هاتووە دەر بێم لەکوێوە
لەگەڵ مندا بفەرموو یەک کەلامێ
سەلامە ئەر پەیامە ئەر جنێوە
نەما ئارام و ئۆقرەی ئەودڵەی من
وەکوو ئاسک لەشاخان ولە کێوە
بفەرمووی تۆئەگەر تا بێمە جێژوان
دەشەرتە خۆم خشێنم هەرلەجێوە
ئە گەر وەسفی جەماڵی تۆبنووسم
دە وەڵڵاهی گوڵم دوسەد کتێوە
مناڵ بووم نەمدەزانی خۆشەویستی
هەمووی هەڵدێر و هەورازو نشێوە
ئەمە چل ساڵە ڕێی عەشقت ئەپێوم
دیارە چل تریش هەر وام بەرێوە
بە لام ناگەم بەوەسڵت خۆشەویستم
کە ئەم چەرخە لە بۆ من خۆ بزێوە
لە بادەی لێوی کەس کوا من ئەنۆشم
مە گەر بمدا لەئەو فنجانی لێوە
دڵە تووخوا هەتاکوو ڕۆژی وەسڵی
لە سینگمدا بمێنە سەر مەنێوە

## فیلم هەڵگران و گۆڕانیبێژانی زەماوەندەکان بە کام ئاراستەدا دەڕۆن؟



سەردەشت .حەسەن ڕەوش( پارێزەر)

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە زۆربەی ڕێوڕەسم و داب و نەریتەکانی کوردەواری پڕن لە ڕەسەنایەتی و هەڵگری سەدان پەیام و ئامۆژگاری جوانن.

زێدەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم  هاوشێوەیان لە ناو گەلان دا بە کەمی دێتە بەرچاو.

یەکێک لەو نەریتانە ڕێوڕەسمی شایی و زەماوەندە.

لێرە دا باس لە ناوەرۆکی ڕێوڕەسمەکە نییە، هەرچەند ئەویش باس و خواس و پێداچوونەوە دەخوازێ، بەڵام لە پەڕاوێکی تر دا بە جیا لێی دەدوێم.

ئەوەی لێرە باسی دەکرێ گۆرانیبێژ  و فیلم هەڵگەرانی زەماوەندەکانن.

من واناڵێم دنیا دەزانێ، گەڕانەوە بۆ دوایی ناکرێ و هەموو مرۆڤێک ڕووی لە پێشکەوتنە.

بەڵام کامە پێشکەوتن؟

بەکام ئاراستە دا؟

بەکام کەرەستە؟

بە کامە نرخە؟

ڕەنگە هەموومان دوای زەماوەندی خۆشەویستانمان چاومان بە فیلمەکانیان دەکەوێتەوە.

لە یەکەم ڕوانگە دا تا کۆتایی فیلمەکە، چتان دێتە بەرچاو؟

هونەرمەندی فیلم هەڵگر، کامە داهێنانەی کردووە؟

سەیرە! ئەوەندە ڕەسەنایەتییەی کە لە شاییەکەشدا هەبووە، بە نووسراوی زمانی بێگانە و وێنەی بێگانە و گۆرانی بێگانە سڕاونەوە.

ئەگەر چاوێک لە دیوانی شاعیرانمان بکەین پڕن لە دێڕە شێعری ئەوینداری کە بە دەیان زمان وەرگێڕانیان بۆ کراوە، بەڵام لەو فیلمانە دا بە دەگمەن دێنە بەرچاو!

وشەگەلی وەک: ( Love، عشق و. ...) یان بە قەولی خۆیان شتی  ( Lakcheri)لاکچێری، ناو ئاخن کراون کە هیچ پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە نییە.

لە مۆسیقای ڕۆژاوایی ڕا بگرە هەتا ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، فارسی و. ..... ئەوەندە زۆرن جێگایان بۆ شتی دیکە نەهێشتۆتەوە.

من دژی داهێنان و شتی نوێ نیم.

دژی مۆسیقای هیچ وڵاتێکیش نیم.

بەڵام دەزانم کوێم دێشێ!

هەموو دنیا بە دوای داهێنان و شتی نوێدا دەگەڕێ، خۆ ( ئەندە لە مەندەی کەمتر نییە) ئێمەش نوێ خوازین، بەڵام دەبێ نوێ بۆنی ڕەسەنایەتی لێ بێ و لاسایی نەبێ.

دەبێ شتەکەی خۆت بە داهێانێکی جیاواز پێشانی جیهانی بەرەو پێشکەوتن بدەی.

وڵاتانیش هەر ئەوە دەکەن.

خواردنی کۆن بە جوانکاری نوێ دەرخواردی خەڵک دەدەن! شتەکانی خۆیان دەخەنە قاڵبی فیلمی( hollywood) هۆلیوودی و پێشانی جیهانی سێهەم و وڵاتانی دواکەوتووی دەدەن.

پێشینیان دەڵێن:( بەردێک نەزان لە گۆمی باوێ بە هەزار زانا ناهێتەوە دەر ).

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

ئاخر چۆن دەبێ فیلم هەڵگرێک نەتوانێ بە زمانی زگماکی بنووسێ؟
یان بۆ دەبێ ئەوەندەی سەواد نەبێ نەزانێ چ دەکا و بە کام ئاراستە دا دەڕوا؟
چاک بزانن ئەوەندەی لە دەست نەزانی خۆمان بەسەرمان هاتووە، نیو ئەوەندەش زلهێز و زاڵم بە سەری نەهێناوین.
بەڵام بەشی گۆرانیبێژان:
زۆر بە داخەوە زۆربەی گۆرانیبژانی شاییەکانمان بوونە گێرەشێوێنی جێخوونی ئەدەبی گۆرانی کوردی.
هەر لە سەراتای شایی تا کۆتایی، هیچی بەسەر هیچەوە نییە.
نە مۆسیقا نە گۆرانی، لە گەڵ مۆسیقای ڕەسەنی کوردی هاوسان نین و شڕمبڕمێنێکە کەس سەری خۆی لێ سەرەودەر ناکا.
ئاخر ئەو گۆرانیانەی دەیانچڕن یان ئەو مۆسیقایە، چەندەیان کوردین؟
کامە مۆرکی کوردی پێوەیە؟
لەکام قۆناغ و کام بابەتە دەدوێ؟
ئایا ئێمەی کورد بەو هەموو دەوڵەمەندییە شایەنی ئەوانەین؟
من ناڵێم شایی بە گەلۆ و حەیران بگێرن.
من دەڵێم چاوێک بە خەزێنەی گۆرانی کوردیدا بخشێنن.
خەزێنەمان پڕە لە بەند و شێعری پاراو.
هەر لەو سەرچاوە بە نرخە شتی جوان بۆلووبژێر بکەن و بەڕۆژی بکەنەوە.
بەڕێزان، شایی هەڵگری پەیامە منیش پێم خۆشە.
کورد هەر لە سەرەتای مێژوویەوە کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاوە، بەزم و شایی هەبووە.
ئەو کات کورد دوای گەڕانەوە لە ڕاو و شکاری ڕۆژانە، لە گوێی ئاگردان دادەنیشتوون و گوێیان بۆ بەیت و بەسەرهاتی خۆشی ئەو کاتی شل کردووە و کۆڕی خۆشیان گێڕاوە.
ئازیزانم، فەرهەنگی شایی و گۆرانیمان دەوڵەمەند و ناوازەیە پڕە لە شتی جوان و ڕەسەن.
تا ئەو ساڵانەی دوایی گۆرانیبێژانی میللیمان سێ ڕۆژ شاییان دەگێڕا، ئینجا شەوانە لەماڵێک دادەنیشتن تا درەنگانێک بەیت، حەیران و گەلۆیان بۆ ئامادەبوان دەگوتن.
ئەو بەیت و حەیرانانە پڕن لە شتی حەماسی و ئەویندارى کە پەیوەندی قووڵیان لەگەڵ ژیان و ڕابردووی کوردەوە هەیە.
دانیشتوانی کۆڕەکانیش لە، ژن، پیاو، بەتەمەن و کەم تەمەن پێک دەهاتن.
نە وا دەڵێم نە دەکرێ بۆ ئەوکات بگەڕێینەوە، بەڵام، هونەرمەند و گۆرانیبێژی لێزان، دەتوانێ بە داهێنانی نوێ و شێوازی نوێ ئەو هونەرە بە گوێی گوێگرانی خۆمان و جیهان دا دا، تا ببێتە دەنگێک کە زایەڵەی ئەو دەنگە سنووران ببڕێ و بەرگری لە بەلاڕێداچوونی گەنجانیش بکا.
بە هیوای ئەو ڕۆژە گۆرانیبێژان و فیلم هەڵگرانی شایی و زەماوەندەکانمان ببنە تاسەشکێنی خەڵک و خوڵقێنەری بەرهەمی نوێی کوردی.
بە جۆرێک هەوڵەکانیان ڕەنگدانەوەی ڕەسەنایەتیان لێ بەدی بکرێ و کۆمەڵگای جیهانیش قەبووڵیان بکا.

# هیچ کەس، زمسان و وەهار وە یەکەو نەویە...!



پەری نەجەفی. کرماشان

زمسان وەگەرد کزەگەی هاتوویە جا. توک کوویەگان کرماشان سفیدەو کردوو. چەنی خوەش دیرم ئی وەختەیلە وە ماڵ بەیمە دەیشت و وە ناو تەم و واران، کریوە و زمسان نوقمەو بووم، نوقمەو بووم و باوش زمسان لەرز بگریدەم. ڕووژیگ وە ماڵ دامە دەیشت و وە ئێمید ئییەیکە زمسان وە چەو بوونم، کەفتمە ڕێ و چیم. ئەوقەرە وە ماڵ دوورەو کەفتم ک دی نە ماڵی دیم و نە ئایمی. تا چەو بڕ کردیا هە سفید بی و هە سفید، کەم کەم لەرز هاتە گیانم، دگانەیلم وە بان یەک نەوسیا، ئەما خوەشحاڵ بیم  زمستان دەسەیلی وە دەور گیانم گری دای و وە باوشی ئارام گردووم. یەی ساڵ چەوەری مەنووم تا زمسان بایە جا. ئیرەنگە ک هاتوو وە دڵتەنگی پارەکە تا ئیرەنگەم ئرای وتیام ک زمسان دەسم گردە دەس خوەی و دەمی واز کرد و کزەی کیشا نا دەس دەمم.

ئەما ئی کزە، کزەی زمستان نەو، مەنووم ک چە بی؟

ئی لاٚ و ئەولاٚم تماشام کردم و خاس نووریم ئەما کەسی تر نەیم، وە ژێر ئاسمان خودا هە من بیم و زمسان.

وە ناو سێ و دو خوەم بیم ک جاریگ تر ئەو کزە دا دەم چەوم و قژم باڵ باڵەو کرد، کزەی هوونگی بی، هوونگی وای وەهاری. هەر چی زمسان دەسەیلی نا بان چەویلم  تا وای وەهاری وە یاد بووم، نەوردم ک نەوردم، وە ناو دەسەیل زمسان گشت لا ئرام سەوز بی، سەوز...

تا ئیرەنگە هیچ کەس زمسان و وەهار وە یەکەو نەویە ک م دیم.

وە ئیە وە ئەولا، هەر فەسلی باتیا فەرقی نەکردیا، تاوسان یا زمسان، وەهار یا پاییز، وای وەهاری هامڕێ منە.



# دوعای دەریا

نووسەر:خالید حسەینی[ ڕۆمان نووسی بە ناوبانگی ئەفغانی – ئەمریکی]
وەرگێڕ:شەماڵ ئێسماعیل پوور

ئاماژە(شەماڵ): لە جیهانی پڕ لە شەڕ و ئاژاوەدا منداڵان ڕەنگی ژیان و کایە و بەختەوەری ناناسنەوە. ئەوان بێ خەبەر لەو قوڕە پوختەی کە گەورە شەڕخوازەکان، بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی خۆیان بۆیان گرتوونەتەوە، تێیدەچەقێن و لە نێو دووکەڵ و بۆمبا و سووتان و کیمیا باران و بۆ کڕووزدا، ئەدای گەورەکان دەردێنن و بۆ داهاتوویەکی نادیار و لێڵ بە پەلە هەنگاو دەنێن. یەکێک لەم هەزاران منداڵە ئالانە کە بە دەم حەزەکانی باوکە ژیان شێواوەکەیەوە ڕۆحی بە دەریا دەسپێرێ و لاشەی سڕ و بێ گیانەکەی لە کەناری دەریا بۆ چەند ڕۆژێک هەناوی نەخۆشی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ.نووسەر و ڕۆماننووسی  بە ناو بانگی ئەفغانی –ئەمریکی خالید حسەینی ئەم بە سەر هاتە دەکاتە هەوێنی چیرۆکێک و هەمان چیرۆکیش پێشکەش بە ڕۆحی ئالانی کورد دەکات و زۆر زوو بە چەندین زمانی زیندووی جیهان وەردەگێڕدرێ.ئەمەی لە بەر دەستاندایە وەرگێڕدراوی ئەو چیرۆکەیە.

**(دوعای دەریا)**

مەروانی ئازیزم،

لە هاوینە دوور و درێژەکانی منداڵیدا، ئەو کاتەی کە لە تەمەنی ئێستای تۆدا بووم، لە سەر بانی ماڵی باوەگەورەت لە دێ، نزیک حومس لە گەڵ مامەکانت دۆشەکەکانمان ڕادەخست. بەیانیان بە دەنگی جووڵەی لقی دار زەیتوونەکان بە دەم شنەی بەیانەوە، کاڕەی کاژیلەکانی دایەگەورە و تەق و تۆقی قابلەمەکانی، لە گەل فێنکایی و یەکەم گزینگی خورمالوو ڕەنگی هەتاو کە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئاسۆگی دەدا، هەڵدەستاین.ئەو کاتەی کە تۆمان بۆ ئەوێ برد تازە خڕەکە ببووی.من لەو سەفەرەدا بیرەوەرییەکی زۆر ڕوونی دایکتم لە بیرە، کە لە مەزرا پڕ لە گوڵە کێوییەکاندا لەوەڕینی کەرتە گارانێکی نیشان دای .خۆزگە ئەوندە چکۆلە نەدەبووی. ئەگەر وابا، ماڵەکانی گوندت لە بیر نەدەچوو.قورمی سەر دیوارە بەردینەکان و ئەو چۆمەشت لە بیر نەدەچوو کە من و مامەکانت لە خەونی منداڵیماندا هەزار بەنداوی چکۆلەمان بۆ دروست دەکرد.خۆزگە شاری حومست هەر ئەو جۆرە بێتەوە بیر کە من لە بیرمە مەروان! لە شوێنە قەرەباڵغەکانی قەدیمی شار، مزگەوتێک بۆ موسوڵمانەکان، کڵێسەیەک بۆ فەلەکانی هاوسیمان و بازاڕێکی گەورەی پڕ لە ملوانکەی ئاڵتوون و بەرهەمی تازە و جلوبەرگی بووک،بۆ هەموان دروست کرابوو. خۆزگە تۆش ئەو شوێنە قەرەباڵغانەت لە بیر دەبوو کە پڕ دەبوون لە بۆنی خۆشی کیبەی سوورەوەکراو.یان ئەو پێڕەوەی گۆڕەپانی بورجی کاتژمێر کە من و دایکت ئێواران پیاسەمان لێدەکرد.بەڵام هەموو ئەو شتانە ئێستا وەکوو درۆ دێنە بەر چاو. تەنانەت بۆ منیش وەکوو دەنگۆیەکی لە بیر کراو وان لە ڕابردوویەکی دووردا.لە پێشدا خۆپیشاندانەکان هاتن و پاشان گەمارۆ.ئاسمان بە بۆمبا بە سەرماندا ڕشاوە، قاتوقڕی و ناشتنەکان. ئەمە ئەو شتانەن کە تۆ دەیانناسی.تۆ دەزانی کە بۆمبایەک هێندە دەم بە زەوی دەکاتەوە کە بتوانی مەلەی تێدا بکەی. تۆ فێر بووی کە دیتنی خوێنی ڕەش و مەیو هەواڵێکی خۆشتر لە قەڵپەزەی خوێنی گەشە. تۆ ئەوش دەزانی کە دایکان و خوشکان و هاوپۆلەکان دەکرێ لە بستە پێستی چکۆلەی سێ گۆشەی داگیرساودا بدۆزینەوە کە لە تاریکی دا لە نێو کەلەبەری باریک و سوورەوە بووی بێتۆن و ئاجوور دا دەدرەوشێنەوە.مەروان ئەمشەو دایکت لێرەیە و لە گەڵمانە. لە بەر تریفەی سارد و ڕووناکی کەنار. لە پەنا منداڵانی گڕوو گرتوو و ئەو ژنانەی کە بە زمانی جیا لە ئێمە خەریکی نارەنار و لاواندنەوە و نووزەنووزن ؛ ئەفغانییەکان، سومالیاییەکان، عێراقیەکان و ئێریتریاییەکان و سوورییەکان. هەمووومان بێ تاقەتی هەڵاتنی خۆرین.هەمووومان زراوتۆقیوی هاتنی کازیوەین. هەمووومان



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

ویڵین بە دوای ماڵەکانماندا.گوێم لێبوو کە دەیانگوت ئێمە گۆشتی گەردەمل و میوانی ناوەختین. ئێمە نەخوازراوین. دەبێ چارەڕەشییەکانمان بۆ جێیەکی تر بەرین. بەڵام من گوێم لە دەنگی دایکتە کە لە سەر ئاخێز و داخێزی دەریا بە گوێمدا دەچرپێنێ "ئای ئازیزەکەم : ئەگەر ئەوان هێندەی نیوەی تۆ شتیان دەدیت،ئەگەر تەنیا دەیاندیت، بە دڵنیاییەوە دلۆڤانەتر قسەیان دەکرد ".لە شۆقی چوار بەشکراوی مانگدا دەڕوانمە نیوەی ڕوخسارت. مام پیاوەکەم، برژۆڵەکانت دەڵێی بە قەڵەم کێشراون و دەرکەیان لە سەر خەوێکی پاک داخستووە. پێم گوتی ؛ "دەستم بگرە و هیچ شتێکی خراپ ڕوو نادا ! " بەڵام ئەمانە تەنیا وشەن، فێڵی باوکێک ! بڕوا کردنی تۆ بە بابە، واخەریکەباوکت دەکوژێ.ئەمشەو تەنیا شتێک کە ئەتوانم بیری لێبکەمەوە ئەویە کە دەریا چەندە قوڵە و چەندە بەرین و خەمسارد و من بۆ پاراستنی تۆ لە دەست ئەو چ بێ دەسەڵاتم. تەنیا شتێک کە لە دەستم دێ ئەوەیە کە دوعا بکەم. دوعا بکەم کە خودا ئەو کاتەی کە لە کەنار نەدیوین و وەکوو تارماییەکی بچووک لە نێو شەپۆلەکانی ئاودا سەراوبن دەبین و قووت دەدرێین، گەمیەکەمان ڕزگار بکات.چونکە تۆ، بارێکی پڕ قیمەتی مەروان، پڕ بایەختر لە هەمووی ئەو بارانەی کە دەریا تا ئێستا بە خۆیەوە دیوە. دوعادەکەم دەریا ئەوە بزانێ !



سالی ۶۸ لەزانستگای سەبزەوار دانشجوو بووم، نامەیێکی شیعریم بۆ مامۆستا حەقیقی نارد، ئەویش شاگردنەوازی کردبوو جوابی دابووومەوە ئەوەهەردوو شیعرەکە:

بۆکان. ئاسۆ



## بۆ مامۆستا حەقیقی

سەبا هەستە دەخیلم، چون بەریدی ئاشقانی تۆ
پەیامی من بەرە بۆ ئەو موراد و مورشیدەی ئاسۆ
بڵێ چی دیوە لێم وا قەت نەبوو جارێ بپرسێ لێم؟
لەمن را پێم خەتایە یا دلی ئێشاوەلێم ئاخۆ؟؟
چییە بۆچ لائەقەل نایێتە خەونم جارێ ببینم؟
بڵێی لایق نەبێ کەللەم لەبۆ گۆچانەکەی وەک گۆ؟
بڵێ پێی ئەی حەقیقی کانی ڕەحم و لوتف و دینداری
دەزانی چۆنە حالی من لە غوربەتدا لەدووری تۆ؟
ئەرێ تۆ خوا وەکوو جارانە ئێستەش ژووری پڕ نوورت؟
وەها هەر دێنە لات ئەربابی شیعر و ئەهلی دڵ؟ کۆکۆ؟
دەزانی چۆن بەتیری دوورە تۆیی تێک شکا باڵم
مەلی عیسام و شەو گەردم لەڕۆژی ڕوون بوو وم نامۆ
مەگەر یادێکی تۆ فریام کەوێ لەم حاڵەدا ئەینا
تەرەبخانەی دڵم لێی نایێ دەنگێ غەیری شین ورۆ
ئەرێ ، ،ئەحمەد، ، بەبێ من دێتە لات هیچ نایە فرمێسکی؟
کەمن ئێستا لەدووری ئەو دووچاوم لێڵ بوەو کەم سۆ
بەیادی تۆوە باوەڕکە لەئێرش لێ ئەدا نەبزم
حەقیقی پیری عیرفانم، مووڕادم مورشیدی ئاسۆ

سبزوار ١٣۶٨/٩/١٥

## وڵامی مامۆستا حەقیقی

بە فیدای بم سەبا هێنای پەیام و شیعرەکەی ئاسۆ
بەچەشنێکی لە میسرێ ڕا لە بۆ کەنعانی هێنا، بۆ
وەهای ڕوون کردەوە چاوم جەواهێر سورمەکەی لوتفی
ئەشەعەی لێیزێڕی پێی ناکرێ بەوجۆرە شوست شۆ
ئەوا دووبارە سالی دوو بەهارم دێ، دەنا کێ دێ؟
لەپایزدا گوڵی لالەو هەلالە وسوێسنەو شـــــەو بـــۆ؟
برا  بەینێکە دووریم لێدەکەن دوست و ڕەفیقانم
لەدەورم ڕەم دەکەن یاران دەڵێی هەڵدێن لەدەس ئاهۆ

لەوێدەم ڕا کە لێم دووری لەیاران دوورە دیدارم
لەمەولانی دەپرسی؟ چەند ئەتۆم دیوە، ئەویش ئەوتۆ
وەرە بابۆت وەگێڕم نەقڵی کۆلیلی برادەرمان
لەپاشی ساڵ ونیوێکی کەدیتم تێکی نا ئەبرۆ
ئەتۆی گۆچانەکەی دەستم ئەتۆی هەر ئاشنای هەستم
ئەتۆی بۆ زامی ناسۆری دەروونم مەڵحەم وبۆسۆ
ئەگەر نەختێ وەفا مابێ لەکن دوو سێ کەسان ماوە
یەکێکیان ڕەسوە سووتاوەو دوەی دی سەییدەو ئاسۆ
حەقیقی ئارەزووی جارانی هەر دیداری یاران بوو
کەئاواتی لەدەست دەرچوو بە کێ دڵ خۆش بکا ئەوڕۆ؟

حەقیقی بۆکان بەفرانباری ٦٨

- ڕەسوەسووتاوـــ مامۆستا ڕسووڵی کەریمی مهاباد
- کۆلیل ـــ مامۆستا مەلاعومەری ساڵحی ساحێب
- مەولانی ـ کاک ئەحمەدی مەولانی بۆکان
- ئاوات ـ مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی قاقلاوا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

# نامەی ئابراهام لینکۆڵن، شازدەهەمین سەرکۆماری ئەمریکا، بۆ مامۆستای کوڕەکەی

## بەبۆنەی یەکەم ڕۆژی چوونی بۆ قوتابخانه



مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە کەوا کوڕەکەم دێتە قوتابخانە. هەتا ماوەیەک هەموو شتێک بەلایەوە سەیر و تازەیە و هیوادارم بەهێمنی لەگەڵی بجووڵێنەوە. ئەم هەنگاوە چوونە بە شوێن سەرکەشی و گۆبەندێکدا، کە ڕەنگە کەمەندکێشی بکا بۆ ئەوپەڕەوپەڕی دنیا؛ ڕەوتێک کە ڕەنگە شەڕ و کارەساتی دڵتەزێن و پەژارەی بە شوێنەوە بێ. بۆ ئەم ژیانە پێویستی بە بڕوابەخۆبوون و ئەوینە و ئازایەتی؛ جا کەوایە ئەی مامۆستای هێژا:

کوڕەکەم دەبێ بزانێ کە سەرپاکی خەڵک دادپەروەر و ڕووڕاست نین، بەڵام دەبێ بۆشی ڕوون بکەیتەوە کە لە بەرامبەر هەر کەسێکی فێڵەبازدا، کۆمەڵێک مرۆڤی سەرڕاست هەن!دەبێ تێبگا هەتا سیاسەتمەدارێکی بادیهەوا خۆی بنوێنێ، ڕێبەرێکی جوامێریش لەوێ ڕاوەستاوە.

دەزانم زەمانی پێدەوێ، بەڵام دەبێ ڕایبێنی ئەگەر بە کار و زەحمەتی خۆی دۆلارێک پەیدا بکا، باشترە لە پێنج دۆلارییەک کە لە شوێنێک بیدۆزێتەوە. فێری کە تا پەند وەربگرێ لە دۆڕان و چێژ وەربگرێ لە سەرکەوتن. فێری کە تا خۆی بە تاسەی هیچ شتێکەوە نەتاسێنێ. ئەگەر بۆت دەکرێ ڕایبێنە بۆ پێکەنین و قاقاکێشانی دەروونی و ڕوونی کەوە دەوری گرینگی پێکەنین لە ژیانیدا.

ئەگەر بۆت دەلوێ بیپەروەرێنە تاکوو بزانێ کتێب چەندە دەتوانێ لە ژیاندا دەوری گرینگ بگێڕێ. پێی بڵێ ڕامێنێ و قووڵ بێتەوە لە فڕینی ئەو باڵندانەی وا لە ئامێزی ئاسمانا دەسووڕێنەوە. با وردبێتەوە لەو پەپوولە و زەرگەتە نەخشینانەی لە بەر خۆر چەقڵەسەمایانە و با خوردبێتەوە لە پۆلی گوڵانی ڕسکاوی بناری چیاکان.

ئەو دەبێ فێر بێ کە ملهوڕان زۆر سادەتر لە خەڵکی دی ملیان پێ نەوی دەبێ. دەبێ خۆی هەڵکا لە کەسانی بەرچاوتەنگ و کلاوچی و قەلفڕیان پێ بکا و دەبێ ئەوانەش ببەزێنێ و سووکوچرووکیان کا کە بۆ تۆقاندن و خەساربارکردنی خەڵکی کەمدەسەڵات، هێز و دەسەڵاتیان دەخەنەگەڕ.

کوڕەکەم فێر کە باشتر وایە لە قوتابخانە دەرنەچێ تا لە ڕێی گزی و قۆپیکردنەوە سەرکەوتوو بێ. پێی بڵێ باوەڕی بە بیروڕای خۆی بێ، تەنانەت ئەگەر هەموو لایەکیش دژی بۆچوونەکانی بن. کوڕم فێر کە تا لەگەڵ کەسانی نەرمونیان، نەرمونیان بێ و لەگەڵ ملەوەزان بە ملەوەزی تێکەوێ. هەوڵ بدە کوڕەکەم بەهێز بێ و چاونەترس، نەک هەر بکەوێتە شوێن ئاپۆرەوە، ئەویش لە کاتێکا هەموو هەر خەریکی لاساییکردنەوەن. فێری کە تا گوێ بۆ هەموو قسەیەک ڕادێرێ و کامەیانی پێ چاکە ئەویان هەڵبژێرێ.

ئەگەر لە دەستت دێ کوڕەکەم فێر کە تا لەوپەڕی پەژارەدا، بزەی بزێتە سەر لێوانی. بۆی شیکەوە با بزانێ کە گریان و ئەسرینهەڵوەراندن هی ئەوە نییە مرۆڤ شەرم بیگرێ و پێی بەخۆیدا بشکێتەوە. فێری کە ئەوانەی هەر بە شوێن دۆزینەوەی عەیبی ئەموئەودا دەگەڕێن بیانکاتە گاڵتەجاڕ و نابێ بۆیان دانەوێنێ. فێری کە هێزی شان و باهۆ و بڕشتی بیری چۆن چاکە ئاوا بە گران بیانفرۆشێ، بەڵام دانانی نرخ بۆ دڵ و ڕووحی کارێکی بێجێیە. پێی بڵێ گوێ بگرێ لە وتەی بەرامبەرەکانی و ئەگەر لای وایە لەسەر هەقە دەبێ لەسەر قسەی خۆی سوور بێ و چەندی بڕستی هەیە لەپێناویدا بکەوێتە ملانە.

لە جەنگەی وانەدانی کوڕمدا لەگەڵی لەسەرەخۆ بن، بەڵام مەیکەنە یەکێکی نازنازێ، چونکە پۆڵای هەرە چاک ئەوەیە لە بۆتە و کڵی ئاگرین دەرچووبێ. ئەو دەبێ ئازایەتیی هەدانەدانی لا ڕوون بێتەوە و فێری کە هەمیشە بڕوای قووڵی بە خۆی بێ، چونکە هەر لەم ڕێگایەوە دەتوانێ بڕوای پتەوی بە خەڵکیش بێ. داوایەکی قورسە، بەڵام بزانن چیتان بۆ دەکرێ.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی باوە



## مەرگی ناوادەی سامانەکانی نیشتمان

سنە. پژمان حەبیبی

ڕۆژ نییە شەپۆلی هەواڵی مەرگی دڵتەزێن و ناوادەی سامانەکانی ئەو نیشتمانەم دڵی بنەماڵە و خەمخۆرانی نیشتمان بە سەختی بریندار نەکات.

هەفتەی پێشوو هەواڵی کوشتنی گەنجێکی کورد لە باشووری ئێران، دوێنێش هەواڵی کۆچی کرێکارێکی کورد لە تاران بە هۆی جەڵتەی دڵەوە.

دەمێکە لە نزیکەوە شارەزای تێپەڕاندنی ژیانی سەختی ڕۆژانەی ئەو گەنجە خۆنەویستە بووم، هەندێک جار بۆ دابینکردنی لانیکەمەکانی بژێوی ژیان ڕووی لە باشووری کوردستان دەکرد و هەندێک جار ڕووی لە شارە پیشەسازیەکانی ئێران، شۆفیری پاسی هیچ شارێکی پیشەسازیی ئێران نییە کە ڕۆخساری ماندووی گەنجێکی کوردیکی بۆ سوارکردن وێنا نەکردێت، چاوی دانیشتوانی هیچ شارێکی پیشەسازی ئێران نییە کە بە سووک تواشای جلوبەرگی پڕ لە شانازی گەنجێکی کوردی نەکردبێت، بێئەوەی ئەمانە بیربکەنەوە کە ئەم ڕۆخسارە ماندووە و ئەم جلە پڕ لە شکۆوە زۆر لە مێژە ڕۆژانە جارێک شەختەی شاخە سەربەرزەکانی کوردستان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەی بە کۆڵێک هاوچەشنی کێشی ئەوانەوە تێپەڕاندووە، بێ ئەوەی بزانن ئەمانە شۆڕەسوارانی شەکەتی مەیدانی وەدەسهێنانی نان و ئاو بۆ نەمردنی بنەماڵەیانن، ئەمانە ماندوو و شەکەتەکانی هەڵاتنی دەستی پۆلیسی سەرسنوورن. کاک سامان هاوچەشنی هاوتەمەنەکانی بە هۆی تەنگوچەڵەمەکانی ژیانەوە کە ئەمڕۆ بەرۆکی هەر گەنجێکی ئەم وڵاتەی گرتووە دەرفەتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی بۆ نەڕەخسابوو. دوێنێ لەو غەریبستانەی کە کرێکاری کردووە کارەبا پچڕاوە بە ناچاری بۆ دەربازبوون لە سەرمای تاقەتپڕووکێنی شەوگاری پاییزی ڕێگای ئۆشان – فەشەم لە ڕۆژهەڵاتی تاران، چووەتەماڵی جیرانێکی خۆی کە دوو کوڕی ئەفغانی لێبوون، شەو لە سینگی دا هەست بە ئازارێکی زۆر سەخت دەکات، بۆ ئەوەی ئازاری جیرانەکانی نەدات تا سەرلەبەیانی لە بەرامبەر ئازارەکەیدا خۆڕاگری دەکات، بەداخێکی زۆرگرانەوە ئەو گەنجە خۆشەوێستە لە ڕێگای ڕۆیشتن بۆ دوکتور گیانی بەخت دەکات، نازانم تا کەی دەبێت سامانی ئەم وڵاتە بۆ سامانەکانی وڵات خەرج نەکرێت، نازانم تا کەی سامانەکانی وڵات لە تاراوگەدا یان بە چاوی سووک تواشا بکرێن یان بێپشتوپەنا بە ئاسانی و بێئاوڕدانەوە ماڵاوایی لەو ژیانە ناڵەبارە دەستکردە بکەن.

## ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار

سنە. پژمان حەبیبی

خوێندکارانی هێژا، ئەو گلۆپەی کە نەیارانی گەلەکەت زۆر لە مێژە بۆ داهاتووی نیشتمانت هەڵیانکردووە تەنیا و تەنیا ئەستێرەیەکی کاروانکوژ بووە کە بیروزەینی کۆمەڵگای ئێمە بەتایبەت گەنجانی بەلاڕێدا بردووە. ئەورۆ بەپێچەوانەی هەموو چاخەکانی مێژوو، دونیا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، هەواڵ و پێشهاتەکان لە چەند چرکەدا هەموو سنوورەکان تێدەپەڕێنن. بەخۆشحاڵییەوە گەنجانی لێهاتووی ئێمە زۆر بە جوانی توانای خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا بە هەموو جیهان پیشانداوە؛ بردنەوەی خەڵاتی نوبێلی ئاشتی

لە لایەن نادیە موراد، خەڵاتی فیلدزی بیرکاری لە لایەن کۆچەر بیرکار نموونەیەکی تەواوە بۆ بەهێزی و توانای لە ڕادەبەدەری ئێوەی خۆشەویست لە بوارە جیاجیاکان لە ئاستی جیهاندا.

ئەورۆ کە ئێوە لە زانکۆدا سەرقاڵی فێربوونی زانستن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی زێڕینی بۆ خوێندکاران ڕەخساندووە کە لە هەموو پرسە مێژوو و هەنووکەییەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوین و کۆمەڵگای خۆتان ئاوڕێکی جدی بدەنەوە، ئێوەی خۆشەویست زۆر بە ئاسانی و ئاسایی دەتوانن بە وانەگرتن لە مێژوو و سەرنجی ورد لە پێشهاتە هەنووکەییەکان، ئاسۆیەکی تازە و ڕوون بەڕووی کۆمەڵگای کوردەواریدا بکەنەوە و گڵۆپێکی بەهێزی پڕشنگدار هەڵبکەن کە هەموو ئەو تارماییانە کە ناحەزان زۆر ناجوانمێرانە بەسەر بیروزەینی کۆمەڵگای ئێوەدا سەپاندوویانە، بتوێنەوە و هیوایەکی زۆر بە گەنجانی دیکە ببەخشن.

بۆ ئەوەی ئەرکی مێژووی خۆتان بە باشترین شێواز بەڕێوە ببەن، تکایە زۆر بەوردی ئاوڕێک لەم خاڵانە بدەنەوە؛

١ـ خوێندکار نابێت تەنها بۆ دابینکردنی پیشە و داهات بۆ زانکۆ بڕوانێت، زانکۆ شوێنی ئاڵوگۆڕی بیروهزر لە گەڵ کەسانێکدا هەیە کە بیرورای سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە. خوێندکارانی کورد دەبێت لەو دەرفەتە زێڕینە بۆ پێناسەکردنی کلتووری دەوڵەمەند، مرۆڤدۆستی، مێژووی پڕ لە کارەسات و شانازی نەتەوەکەی خۆی بە خوێندکارانی دیکە کەڵکوەربگرن، لە ئەزموونی خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکە لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ دەوڵەمەندکردنی بیر و هزری خۆتان و شێوازی بەرەوپێشچوونی نیشتمانتان زۆر بە جوانی سود وەربگرن.

٢ـ زانستگا دەوری سەرەکی لە گۆڕانکاری کەشوهەوای سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەبینێت، خوێندکارێک کە شارەزایی باشی لە ناوەڕۆکی زۆربەی مەکاتبی فیکری، ئابووری و سیاسی دونیا و خوێندنەوەیەکی وردی زانستی بۆ مێژووی سیاسەتی ناوچە، زلهێزەکان، وڵاتانی دراوسێ و نەتەوەکەی خۆی لە بوارە جیاجیاکاندا هەبێ دەتوانێت ببێتە ئاڵاهەڵگری شۆڕشە گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان.

ئەگەر ئاستی زانستی ئێوە بەڕۆژ بێت بە جێگای ئەوەی وەک هەموو چاخەکانی مێژوو دووپاتکەرەوەی درووشمی سیاسەتمەدارە پاوانخوازەکان و یاریدەدەر بن بۆ لێکترازانی زۆرتر لە نێو کۆمەڵگادا، وەک دەزوی تەسبێح بیرە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا پێکەوە دەلکێنن تا پێکەوە ببنە پێشەنگی گۆڕانکاری ئەرێنی و بنەڕەتی لە بوارە جیاجیاکاندا، خوێندکارێک خەمی نیشتمان و مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەبێت گورگێکە تینووی خوێنی ئاژەڵە دەستەمۆکان، ئاژەڵانێک کە ئێستاش نانی زۆرێک لە بنەماڵە هەژارەکانی نیشتمانی ئێمە دابین دەکەن.

٣ـ ئێوە لە جوگرافیایەکدا سەرقاڵی خوێندنن کە بە هۆی ناشارەزایی، بارودۆخی سەختی ئابووری و لێکترازانی خەڵکی ئێمە، زلهێزەکان و پاوانخوازەکان هەموو دەرفەتە زێڕینەکانی مێژووی ئەم ناوچەیان بە زیانی ئێمە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان گواستووەتەوە، ئەمڕۆش پتر لە هەموو کات ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاوسە بە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە و گرنگەوە، خوێندکارانی زانا، تێگەیشتوو، چالاک بە ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی خۆی و هاوبیری و تێفرکینێکی سەردەمیانە دەبێت زۆر بە وریایی، ژیرانە و ڕێکوپێکی بە پێچەوانەی هەموو چاخەکانی مێژوو ئەو دەرفەتە زێڕینانە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیان بگوازنەوە و ئیدی هیچکات نەبنە چاوساغ و داردەستی چینێکی چاوچنۆک و بەرژەوەندیخواز.



سەردەشت. بناوێ.خەمبار

وەفا سامان نەبوو تاکوو لە بازاڕ بایی بێ قوربان
عەشق نافرۆشترێ تاکوو لە خۆ خۆڕایی بێ قوربان

وەفا هەستێکە مەردانە لە پای دڵداریا مردن
وەفا قەت ناخەوێ چاوی لە ڕێی لالایی بێ قوربان

وەفا ئەستۆنی یەک بوونەو بەرۆکی ناحەزی دەگرێ
ڕەگی ئاستەمترین شەرتە چلۆن ئاسایی بێ قوربان

وەفا باران لە چاوی گوڵ دەبارێنێ وەکوو تۆفان
وەفادار مافی خۆییتی کە خۆی پێ شایی بێ قوربان

وەفا بەندۆکی پەیمانە و گرێی شەرتی ئەبەد ئەی گوڵ
ئەبەد ناترازێ ئەم عەشقە کە هەستی خوایی بێ قوربان

کە نەمدی قەت لە وانەی وا خواردیان سوێندی پەیمانێک
ئەگەرچی من سەرم دانا نەکا ڕیسوایی بێ قوربان

وەفای ئەمڕۆی وەفاداران لە چەشنی ماری ژاراوی
دەگازی جەرگی پەیمان تا لەبەر کۆتایی بێ قوربان

پەڵەی بارانی فرمێسکە دەبێتە مێرگ و سەوزایی
وەفادار نابێ خەمبار و دڵی ڕاڕایی بێ قوربان

## ڕووحم کۆترێکی سەر دارتێلی کۆڵانەکەت!



بانە. کام ژین

دەم دەمانێکە
پەیک ، پەیک
شیرازی فەڕانسە ئەدوێنم
تەژنەی ئەو دڵە غوربەتیەم
بە ئاوی ترێ ئەشکێنم !
ئاوێنەی ژووورەکەم
دەکەمە باڵانوێنی
پرچی کوڵان !
نم نمە، کۆپلە شێعری سەر گوێسەبان
لە سەر ڕەمزی،
دارتێلەکەی کۆڵان دەڕازێنم
دڵ خۆش دەکەم
بە پەنجێرەکەم
سەر خۆش ئەبم
بە چوار تابلۆی سەر دیوارەکەم
ئەگەر لە منداڵیمەوە
بە ڕاست نووسیومە شیراز!
ئەمجارەیان
لە چەپەوە بە زاریش ئەڕەنگێنم
ڕۆحم کۆترە باریکەیکی بریندارە
لە سەر تەلی
دار تێلەکەی کۆڵان
بە دەم بای بێ موبالاتی
ئەویندارییەوە ئەلرزێ
بەڵام ژیان بەردەوامە و
عاشقانە
ئاوێنە ئەدوێنم !

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# شێعر کوردی داڵکە (دایکە)

ŝêár i kurdî daĺike

دهلران. نوورموحەمەد ناسری

دڵم دوو ڤ مەڵیچێکی
د ئاسمۆن داڵکم
diĺim dû vi melîĉikê di asimun i daĺikim
[دڵم دەبێتە مەلووچکێ، لە نێو ئاسمانی دایکمدا]

ڤەختێ ک لۆنەڤێز بوو
چووە داڤونِ داڵکم
vextê ki lonevêz bû ĉûwe davun i daĺikim
[کاتێ کە لانەواز بێت، دەچێتە داوێنی دایکم]

ئەشەم چی هەرواری بچم
ئڵ دەم دەر بڤینمەێ
eŝim ĉî herwarî biĉim iĺ dem i der bivînimey
[دەڵێم وەکوو هەر کاتێک بچم بەشکوو لە بەر دەرگاکە بیبینم]

دڵم هەمیشە دي کەرێ
بوومە مێهمون داڵکم
diĺim hemîŝe dî kerê bûme mêhmon i daĺikim
[کە دڵم هەمیشە دووکەڵ ئەکا کە هەر ببمە میوانی دایکم]

ئڵ کەم تەش بنیشم و
نە بکەرم ڤ ڤەرتاوە
iĺ kem i teŝ binîŝim u neh bikerim vi vertawe
[کە لە کن ئاگر و کوانوو دابنیشم و نیونیگایەک بکەم لە کوانووەکەیدا]

تا ک بچم د حال خوەم
ئڵ بوو نون داڵکم
ta ki biĉim di haĺ i xwem iĺ buw i nûn i daĺikim
[کە بمبات لە هۆش و حاڵ،بۆنە خوشەکەی ئەو نانە کە دایکم ئەیکات]

ڤەختێ ددیمەێ ئەژ هەڤەس
پایل م ئەو زەمی نەێەت

vextê didîmey ej heves payl i mi ew zemî neêyet
[کاتێ کە ئەیبینم لە خۆشیدا ، قاچم لە سەر زەویدا ڕانەوەستا]

هاڵێ ئەو حاڵە دیرمەێ
هاڵێ ڤ گیونِ داڵکم
haĺ i ew haĺe dîrimey haĺê vi gyun i daĺikim
[هێشتا ئەو حاڵەمە هەیە، هێشتا، سوێندمە بە گیانی دایکم، خۆی]

چاوم ک ئڵ گوڵێ کەفێ
دوارە دوومە زاڕووێ
ĉawim ki iĺ guĺê kefê duware dûme zařûwê
[کە چاوم بە گوڵێک ئەکەوێ، دیسان دەبمەوە منالە ساواکەی]

ڤ خوەم ئەشەم دیارمەێ
دەمەێ نشون داڵکم
vi xwem eŝim diyarimey dimey niŝun i daĺikim
[خۆم بو خۆم دەڵێم کە ئەیهێنم، کە بیهێنم و دایکم بیبینێ]

ڤ دەو ڤ دەو چم د دۆمێ،
پاڵدۆم چووخاکەێ گرم
vi daw vi daw ĉim di dumê paĺdum i ĉûxakey girim
[بە ڕاکردن و پەلە ئەچم لە دووی، داوێنی کراسە شۆڕەکەی ئەگرم]

دچم د خاو ک سەر بنم
ئڵ سەر شۆن داڵکم
diĉim di xaw ki ser binim iĺ ser i ŝun i daĺikim
[کە خەوم دێ و سەر بنێم، دیسان لە سەر شانی دایکمدا]

ڤەختێ ک تەو دیەت ئڵەم
دنیشت د سەر سەرینەکەم
vextê ki tew diyet iĺem dinîŝt di ser serînekem
[کە تام ئەگرت، ئەهات و دادەنیشت لە سەر سەرینەکەی من]

هاڵێ ڤەو حاڵە خوو دڤم
ڤ درک و دون داڵکم
haĺê vew haĺ e xû divim vi dirk u don i daĺikim
[هێشتا بەو حاڵەدا، باش دەبمەوە بە گیادەرمانەکانی دایکم]

شەوەل ڤ شیر داڵکم
چی زاڕووی پەڵمێ گرم
ŝewel vi ŝîr i daĺikim ĉî zařûwê peĺmê girim
[شەوگاران، بە شیری دایکم سوێند دەخۆم، هەر وەکوو منداڵێک، تاسەی دەکەم و بیانووی ئەگرم]

نیشم و ڤەرِ خوەم ئەشم
شێعرێ ڤ زۆن داڵکم
nîŝim u ver i xwem eŝim ŝêàrê vi zon i daĺikim
[کە وا دائەنیشم و، بە خۆڕایی، شێعرێک وا بە زمانی دایکی، دەبێژم، بۆ خۆم]

شاعر : نوورموحەمەد ناسری،
nûr mohamed nasirî
le ŝar î dêlêřan (dêhlořan)

***بو ئاگاداری:**

ئەم شاعر و چالاکە فەرهەنگییە لە گەڵ کاک کیوومەرسی مورادی و برێک تر لە برا و خوشکانی فەرهەنگی ئێڵێ کوردی پەهڵە (کوردەلی kurdelî)بو یەکەمجار ئەنجومەنی ئەدەبی (پەهڵەیی ڤەشەل pehĺeyî /veŝelپەڵەی ڤەشەل ) (peĺey veŝelواتا: پەهڵەیی ویژەل/ پەهڵەیی سورایان)یان بنەڕا ناوە ک جیگایێکە بو خزمەتگوزاری بە شێعر و ئەدەبی کوردی.
ئێڵی کوردی پەهڵە دە شارستانەکانی ئاودانان و دێهلوڕان و مێهران و ئیلام و گیەڵان و رووژهەڵاتی دەجلە، دانیشتوون.

ئەم شێعرە دە سایتی شەفەقنیوز کوردەکانی فەیلی (پەهڵەیی) عراق، چاپ کراوە



بانە. ک.د.ئازاد

## له جیژوان هەر بەرامەی خۆشی سێوە

ئەگەر دەت زانی حاڵم چەند پەشێوە
به سەد شێوە دەهاتی تا له جێوە

وەها لیت هاڵێ دەستی پڕ نیازم
که لاو لاو واقی وڕ مێنێ به پێوە

خەمی دووریت وەها پشتی چەماندووم
له سەر شانم دەڵێی قورسایی کێوە

ئەوێستاش پاشی ساڵێک مەستی مەستم
له جیژوان هەر بەرامەی خۆشی سێوە

که تۆم ناسیوە گش وەرزم بەهارە
به زستانیش نیه سەرما و کڕێوە

به شێتم دادەنێن خەڵکی وڵاتم
ئەوەند کەوتووم له کووچەی ماڵی ئێوە

بەڵام کوا شەرتی دڵداری وەهایه
یەکێ شاد و ئەویتر بار له لێوە؟

ئەتۆ سوڵتانی لەم شارە، مەفەرموو:
غەریبی خۆشترە لەم شکڵ و شێوە

دەترسم جارێ داواکەم، له تۆ ماچ
به سەد شێوە، بڵێی: داوات جنێوە!

چ خاکێ کەم به سەرما، کاتێ بێژی
ئەمان لەم شاعیرە، زۆر سەر بزێوە!

به ئازادی شەوێک لای تۆ وەمێنم
چ باکێکم له مەرگ و نەنگ و نێوە



## عەشقی خاک

شنۆ. عومەر محەممەدی

ئێمە وەچەی شۆڕە بین
ڕەگمان لە سینگی زەوییە
سەرمان
بۆ خاکی بەر پێی ڕێبواران نەوییە
هەتا لەو خاکە بژین
سێبەرمان شوێنی حەسانەوەی
مرۆڤی دەربەدەر و برسییە
ئێمە لەبەرەی سپیدار نین
خۆمان هەڵاوەسین بەسینگی ئاسمان
قەل پۆپە و چڵووکمان
بکا بە هیلانە و
هەربەرە و بەرزایی بچین
بێزمان لە زەوی هەستێ و
ئاگاداری ژێرپێمان نەبین

## کۆچی دار

کۆچ مەکە ئەی دار
پاییز لەتۆ بێ ڕەنگترە
زەوی لە هەرچی ڕووەکە زوێرە
ئاسمان دڵپڕەو
مەیلی نیگایەکی ئاشقانەی خۆری نییە
هەرچی هەورە
چاو بە فرمێسکە و
هەرچی دەوەنە
بۆنی خەمی پاییزی ناوەختی گرتووە
کۆچ مەکە ئەی دار
هێشتا گەڵا دەستی سەوزی بە دامێنی تۆ وەیە
باڵۆرەکانی غەریبی  بەهار
بەدەم سرەباوە ئەچڕێ
کۆچ مەکە ئەی دار
پێدەشت ، مامزێکی سەرهەڵگرتووە
لەشوێن پێی لووتکە ئەگەڕێ و
لووتکەش بەدوای هەواری بەفرەوەیەو
وێڵی زستانی ونە
کۆچ مەکە ئەی دار
ماڵێک بێ پەنجەرەیەو
میچێک خەریکە دەڕمێ و
چرایەک ئەکوژێتەوە
مامۆستایەک بێ کورسی و
مناڵێک بێ پێنووسە
کۆچ مەکە ئەی دار
لەوڵاتی بێ دارستان
باڵندە ئەمرێ و
چریکە ئەمرێ و
ڕووبار بێ ئاو دەخنکێ
کۆچ مەکە ئەی دار
حەسارێک چۆڵ دەبێ
کچە دراوسێکەمان بێ هەنار
زەماوەند دەکا
کۆچ مەکە ئەی دار
هاوین هەتیو دەبێ و
سێبەر بێ باوک
لە ئامێزی خاکا شینی گەڵا دەگێڕێ

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

# بگەڕێوە



بانه. کەوسەر خوداپەرەست

مانگ ونە، تەمێکی گەورە داپۆشیوە، وەک چۆن خۆشەویستی من لە تۆ داپۆشراوە
ئەستێرەکان ون بوون لە باوەشی ئاسماندا، وەک من کە بێ تۆ ژیانم لێ ون بووە
ئاسمان وەک قژەکانت ڕەشە، تەنانەت ئەستێرەشی تێدا دیار نییە
هەور گریانی بەلاوەیە، بەس باوەشی دایکی لێ دیار نییە
دەریاکان شەپۆل دەدەن، وەک هەناسەکانی من کە گریانی تێدا کوژراوە
ماسیەکانیش تەنانەت شێوەیان لە من دەچێ، تینووی هەناسەتن
دێنە سەر ئاوەکە تا بۆنی تۆ هەڵمژن بەڵکو تا گەڕانەوەت نەمرن،
لەم کەنارەوە، لە پەنای دەریادا، سەیری ئەو کیژ و کوڕانە دەکەم، شێعری هێمن دەڵێن بۆ یەکتر، چیرۆکی مەم و زین و خەج و سیامەند دەگێڕنەوە،
باسی نەیامەتیەکانی شەهریار دەکەن، یەکەم پیتی ناوی یەکتر لەسەر لمەکە بە پەنجە دەنووسن...
تۆ دەڵێی ئەو دەریایە بۆ ئەوانیش هێندە بێ ڕەحم بێت؟ بڵێی ئەوانیش ڕۆژێک وەک من بێ تۆ بێنە پەنای ئەم دەریایە و لەبیرەوەریەکانیان دا وەکوژێن؟
شەپۆلەکان دێن بەرەو پیرم، دەریا باوەشی بۆ کردوومەتەوە، لەجێی تۆ ...
دەڵەی ئەویش بەزەیی پێمدا دێتەوە...
دونیام نوقمی شەوە، خۆر قەت هەڵ نایەت، ناهێڵم خۆر هەڵبێت، چۆن دەتوانێ لەجێگای چاوەکانت دونیام ڕۆشن بکاتەوە؟
لە هێمنی شەوەکانمدا، بەدەم بیستنی دەنگی ئەو بێدەنگییە گەورەوە، قژە لوولەکانی مانگ پەڵکە دەکەم
لە گەڵ هەر تاڵێکی دانێک لە بیرەوەریەکانت گرێ دەدەم
بەدەم گرێ دانەوە، کۆڵانەکانی شار دەپێوم
ئاخر ئێوارێ دێتەوە یادم، لە ژێر بارانی پاییزدا بوو
دەنگی هەورەبرووسکەکان و یاری کردنی منداڵانی کۆڵان لەژێر لێزمەی بارانەکەدا
دەنگی کەوتنە خوارەوەی گەڵاکان لە ساردی خەزانێکی دوور و درێژدا،
بەڵام من لە هەموو ئەو دەنگانەدا، لەناو هەموو ئەو هات و چۆیانەدا بەشوێن دەنگی دواهەمین هەنگاوەکانی تۆدا دەگەڕام
بەشوێن دواهەمین نیگاکانتا شەقامەکانم پێوا، ئاخو کام دار یا کام
کۆڵان بۆ دواهەمین جار میوانداری سەمفۆنیای چاوەکانتی کردووە
بگەڕێوە تا ئەو چڵکە هەورە لەبەر دەم مانگدا لانەچووە
پێش گریانی هەورەکان بگەڕێوە
بگەڕێوە تا ماسیەکانیش وەک من لە بێ تۆیی دا بێ سەر و شوێن نەبوون
بگەڕێوە من سیامەند نیم، لە دووری تۆ بەرگە ناگرم، شەهریار نییم ببم بە شاعیر، من لە بێ تۆییدا شێت دەبم
بگەڕێوە تا ناومان هێشتا لەسەر لمەکان ماوە
پێش ئەوەی وەکووژێم
باوەشی دەریا بێ ڕەحمە دەم خنکێنێ، بگەڕێوە تا لە بێ تۆییدا ڕەق هەڵ نەیێم
بگەڕێوە با گریان نەبێتە دوابەشی من لە بوونی تۆ لەم دونیایەدا ...



**بانە. شەیدا ئەحمەدی**

## مەی

ڕاستە ژن
لە مەیخانە بێنیتەدەر
تەنیا مەستیت بۆدەگۆڕێ
لە هەر پەنجەی
بە نازەوە مەی دەچۆڕێ
بۆیە دەڵێن
بەدەنگی مەی ئەم وتنە
نە ژن جێگای مەیخانەیە و
نە مەیخانە جێگای ژنە

## داواکاری

بیرت دێ دڵ
داوای شێعرێکت لێ کردم
لەو شەوە بارانییەدا
خەیاڵم هێندە خووسا بوو
وشە ئاوی لێ ئەچۆڕا
کاتێک چەتری هەستت هەڵکرد
خەیاڵ ڕۆشت و
شێعرم بۆ ئامێزت گۆڕا

## بەڵێن

تۆ دەریا و
منیش دوورگە
دڵنیامکە سەر لە ڕێتم
هەرگیزکەم ناکەیتەوە
شەپۆلی خۆشەویستی
لە کەنار دڵی شێتم

## وزەی خەندە

کاتێک
خونچە ئەدا لێوەکانت
من شای شەیدای
وڵاتێکی هاوپەیمانم
چەشنی گەڵای وەرزی خەزان
هەڵدەوەرێن خەمەکانم



**مەریوان. ڕانا**

دەروونم جە داخ زەمانە کەیلەن
دڵ بێزار بیەن ماتوو بێ مەیلەن
حەسرەت مەندەنا پەی ساتێو وەشی
کزەی خەم بۆران ئەسرچوون سەیلەن

❋❋

وەشڵەی دەروونم ڕێو کۆتەی سارا
گرد کەسی زانێش چی ماتەم دیارا
بیەن بە کەمەو ڕۆخانەو خەمی
بە ژەهروو تیرەو دەورەی زامدارا

❋❋

وەشـــی نەمەنەن نەوەشی ئامان
خراب وەختێوە گێرتەنش دامان
چە نی پاییزی پەیمانش بەستەن
هەرسات ئازیزێ بەرۆ جە لامـان

❋❋

وەشڵەی وارانە ڕێوەنە
چەنی خشەو گەڵاو پاییزی
پێسەو نمە وارانێوی
وەرە بییێنێ جە هەورەکاو
ماچم کەردێ
سەر گۆناو کاڵوو ئازیزی



# چالاکی ژنان لە بواری ڕاهێنان و ئابووری

ئامادە کردنی :ئیسماعیل غەمگیـن

لە جیهانێکدا کە هەمووی بە دەستی پیاوان بەڕێوە دەڕوا و تەنیا بەشێکی هەرەکەم ژن ڕێبەرایەتی دەکات و زۆری هەرە زۆری پرسی ژنانیش لە لایان پیاوانەوە بڕیاری بۆ دەردەکرێ، جێی گەلێ دڵخۆشیە کە ژنانی کورد لە بوارە گرنگ و هەستیارەکاندا هەمیشە خۆیان دەرخستووە و لە کۆمەڵگادا دەرکەوتوون ، ئەمەش لە کاتێکدا لە پێشتر ئەو هەل و مەرجەیان بۆ نەڕەخسابوو تاکوو وەک ئیستا تواناو بەهرەکانی خۆیان بخنە ڕوو.

بە خۆشحالیە کە لە ئیستادا کۆمەڵێک لە ژنان لە پۆستە باڵا حکومیەکان کوورسی نشین و بەڕێوەبەری دایرە و فەرمانگای حکومین و زۆری دیکەشیان وەک شاعیر و هونەرمەند و شانۆکار و هتد .. لە بوارە جوراجورەکاندا خەریکی چالاکین و لە زۆر شوێنیشدا لە پێش پیاوانەوە هەنگاو دەنێن.

بەڵام ئەوەی گرنگە ژنانی چالاکی مەدەنین کە لە ڕێکخراوە جوراوجورەکاندا جێ دەست و پەنجەیان بە ڕوونی دیارە و بەشداریان، بۆتە هۆی کەم کردنەوەی تووند وتیژی بەرانبەر بە ژنان و گەیشتن بە ماف و خواستەکانیان لە باری مادی و مەعنەویەوە.

بەشداری ژنان لە ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی فەرهەنگی ، ئەدەبی ، زانستی ، ژینگە پارێزی و کومەڵایەتی و فێرکاری ئەوە دەردەخا کە گەیشتن بە ئاسۆیێکی ڕوون و پڕشنگدار بێ بەشداری و هاوبەش کردنی ژنان بەدی نایەت و ڕەنگە بچێتە چوار چێوەی مەحاڵەوە.

بۆیە پێویستە ژنانی کورد بە شێوەی ئەکتیڤ لە هەموو مەیدانەکاندا ئامادە بن.

ئەوەی کە زۆر لە سەر ژنانی کۆمەڵگا گرنگە و بەلایانەوە بار قوورسیە سەربەخۆیی ئابووریە هەر بۆیە هەوڵی زۆریان داوە کە لەم بارەوە بگەن بە سەربەخۆیی ، گەرچی لەم ڕێگاشدا گەلێک کێشە و گرفتیان هاتووتە بەردەم بەڵام بە خۆشحاڵیەوە لە شارەکانی کوردستان نموونە گەلێکی باش و لێهاتوومان هەیە کە توانیوایانە بوێرانە ڕێگا ببڕن و بگەنە ئامانج .

خاتوو ئامینە ئیختیاردینی لە شاری بانە یەک لەو خانمە سەرکەوتووانەیە کە وەک هونەرمەند و چالاکی بوواری ژنان و ژینگە وەک خاتوونێکی سەرکەوتوو بە بونیادنانی



"چڤاکی ڕاهێنانی توێژەرانی زانست"
( مجتمع اموزشی جویندگان دانش )
بانە شەقامی کەمەربەندی ١ لە سەروی مزگەوتی ڕەساڵەت، لە تەنیشت قوتابخانەی کچانی (نیایش)

توانیوەیەتی خزمەتێکی بەرچاو و پڕبەیاخ بکا بە لاوانی بانەیی .

لەم ناوەندا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لاوان ڕاهێنانیان لە گەڵ دەکرێ و لە پۆلەکانی فێرکری پێشەیدا دوای فێر بوون دەخرێنە بازاری کارەوە ،

لەم ناوەندە زانست و فێرکاریەدا کە لە سەرەتایی ساڵی ١٣٩٠ وە دەست بەکار بووە، توانیویەتی ٢٠٠ لاوی کچ و کوڕ بنێرێتە بازاری کارەوە و نزیکەی ٣٠٠ مامۆستا و فەرمانبەر و کارگێری دایرەکان توانیوایانە لەم کۆگایە دا پەرە بە کار و پێشەکانیان بدەن.

هەر بەم مەبستەش لە بەردەوامی کار و چالاکیەکانی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی بانە

بە مەبەستی سەردان و ڕێزلێنان لە خاتوو ئامینە ئیختیاردینی لە ڕۆژی سێ شەممە ١١ی سەرماوەزی ٢٧٢٠ کوردی

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی بانە بە ئامادە بوونی مامۆستا ک.د.ئازاد و بەڕێز عەلی مەحموودی (ئاودێر) وەک بەرپرسی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی بانە هاوڕێ لە گەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی سەردانێکی دۆستانەیان سازدا.

لەم سەردانەدا سەرەتا مامۆستا ک. د. ئازاد کورتە وتارێکی پێشکەش کرد لە سەر گرنگی و بوونی ئەم کۆگا زانستینا و ڕۆڵی فێرکردنی لاوان و ئامادە کردنیان بۆ بازاری کار و دوورکەوتنە لە بێکاری و ئەو کێشە و گرفتانەی بەرۆکی لاوانیان گرتووە و وەک پرۆسەیەکی سەرکەوتوو ناوی برد.

دوواتر بەڕێز ئاودێر لە وتاری خۆیدا سپاسی دەستەی بەڕێوەبەری چڤاکی کرد و جەختی خستە سەر بەردەوام بوونیان و ئەو هەلە زێڕینەی چڤاک ڕەخساندوویەتی بۆ لاوانی شاری بانە و ئامادەیی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی بۆ هەر چەشنە هاوکاریەک دەربڕی.

هاوکات هەرکام لە ئەندامانی ئەنجومەن ئەدەبی وتاری خویان پێشکەش کرد و سپاس و دەست خۆشانەی خۆیان ئاراستەی بەڕێز خاتوو ئامینە کرد.

لە بەردەوامی دانیشتنەکەدا خاتوو ئامینەی ئیختیاردینی وتاری خۆی لە سەر کار و چالاکیەکانی فێرگە بۆ ئامادەبووانی دانیشتنەکە ختسەر بەرباس و لە کۆتاییشدا ڕێزنامە و دەستەگوڵی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی بانە لە لایان بەڕێز ئاودێر پێشکەشی خاتوو ئامینەی ئیختیاردینی کرا و بە سەردان لە پوڵەکانی فێرکاری کۆتاییان بە سەردانەکی سێ شەممەیان هێنا..

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی بانە

وێنەکانی خوارەوە تایبەتن بە سەردانی دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنە "چڤاکی ڕاهێنانی توێژەرانی زانست ( مجتمع اموزشی جویندگان دانش ):














سەقز. مریەم یەتیمی

**١ـ ئەستێرە**

لە گرشەی
قامکەکانی تاریکایی
شەوی ڕەش
لۆدڕ دەکا

**٢ـ با**

با ژنێکی قەرەچی
قژخۆڵاوییە لە
گۆی شەقاما دەخولێتەوە و
دەست بە گیرفانی پاڵتۆی
دیواری مێهردا دەکا

**٣ـ با**

با هاوڕێیەتی
شێعری زانیبا
گەڵاکانی بابۆڵە
نەئەکرد.

**٤ـ دنیا**

دنیا ساردە
پاییزێکی پیرگەڵاکانی
ڕاخستووە

**٥ـ پاییز**

بە پاییز بڵێن
هەرچەند تۆ پیر بی
دنیا لە تۆدا جوانە

**٦ـ بانگی عەشق**

ئەوکاتەی خوا بانگی
عەشقی داوە
من بوومە شاعیر

**٦ـ گەڵا**

گەڵا بێ پیاڵە
مەست کەوتووە
لە شەقامی پاییزدا

**٧ـ خونچە**

هەردەم خۆنچەی
شەڵا بە خوێنە دڵ
ئیترسەیری باخی بیانەم
بۆ چیە؟

**٨ـ بەفر**

بەفر فرمێسکی دایکمە
لە کۆچی باوکم
بە جێ ماوە

**٩ـ ڕووبار**

ڕووبارەکانی ئێرە
فرمێسکی دایکانی وڵاتن
نەوتراوەکانیان بۆ دەریا
ئەبەن

**١٠ـ گوڵەگەنم**

پەنجەرە پڕە لە
داسی مانگەشەو و
سواڵەی گوڵەگەنم!

**١١ـ خەم**

کات لە دەستما
کورت ئەبێتەوە
بەشی نووسینی
خەمەکانم ناکا

**١٢ـ دوایین نیگا**

شێعرێکی بەرزی
لێک دابڕانە

**١٣ـ ژیان**

ژیان بەحری
عەقڵە و لەودا پەڕ پەڕ
ئەبێ عەشق

**١٤ـ ئاوێنە**

دەرژێ لە
ئاوێنەی شکاو چاوی
هەڵوەریوی
گەڵای پاییز! و مێژوویش
لە بێهوودەیی

**١٥ـ حەژمەت**

سەرم پڕە
لە جەنازەی کۆڵبەر
لە حەژمەتی خەواڵوویی
لە خەواڵوویی شار

**١٦ـ تماشا**

لە تماشای مرۆڤێکی
کارتۆن خەوی ئەم جەهانە
هیچ وشەیەک گەرم داناهێنێ
ڕۆحی کەسیرەم.

**١٧ـ خۆر**

شەو
شەوی پاییز با
خۆی بنوێنێ
لێرەو لەوێ
بەیانی هەر دێت و
خۆر ئەکەوێ

## شێعر بۆ منداڵان



### بەفر

سەقز. ئازاد سەیدئیبراهیمی

بەفر ئەباریٚ و دائەکا
هووژەهووژی بایە دیٚ
چەندە گەرمە ژوورەکە و
دەنگی نەرمی دایە دیٚ
دانەدانەی بەفرەکان
هەر هەموو لەو بەرزەوە
باز ئەدەن هێور بە ناز
دێنە باوەش عەرزەوە
شار و کۆڵان و شەقام
پڕ لە شایی و خۆشییە
دارەکەی بەر دەرکەمان
بەرگی تۆڕی پۆشییە
چەرموە هەرچی هەیە
هێندە لێرە بارییە
دەرکەوم با ، نۆبەتی
خزخزانە و يارييە
چۆلەکەی سەر تێلەکە
هەڵترووشکاوە و کزە
من لە سەر روخساری ئەو
بۆچی نابینم بزە؟
تێگەیشتم برسیە
با هەرا کەم هەر ئەلان
من لە بەر هەیوانەکە
دانە داکەم بۆ مەلان



### خاڵخاڵۆکە

بێهزادی زارەع زادە(باوکی نیشتمان)

ئەی خاڵخاڵۆکە
کەم هاتو چۆ کە

زووبێ بۆ لای من
مێروولەی هێمن

توخوا وەرە لام
خۆمن بەتەمام

با بزانم دایە
کێی لەگەڵدایە؟

هەڵبفڕی خێرا
برایەکی خێرە!

هەڵنەفڕیت دیارە
خوشکێ نازدارە!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# سێوە

**بانە. ک.د.ئازاد**

مەریوان، بۆ من  پڕە لە بیرەوەری تاڵ و شیرین!
شارێک لە قەراخ زرێبار و جوانیەکانی سروشت.
دەسەڵاتم بایە ناوم دەنا شاری خۆشەویستی!

**

خوێندنەوەی شێعری من تەواو بوو.
لە ناو چەپڵە و ڕێزی  شاعیران وخەڵکی ناو هۆڵەکە چووم و لە جێگای خۆم دانیشتم.
شەوە شێعریکی خۆش بوو. شاعیرانی زیاتر لە دە شاری کورد نشینی ڕۆژهەڵات لەو کۆڕە دا بەشدار بوون!
خەریکی تەماشا و گوێگرتن لە یەکێکی تر لە شاعیران بووم.
کەسێک دەستی لە سەر شانم دانا و وتی: مامۆستا گیان لە دەرەوە کاریان پێتە!
سامان بوو. کوڕێکی باڵا بەرزی کەمێک باریکەڵە. پێشتر دیبووم. چالاکێکی بواری ئەدەب و نووسینی کوردی بوو. شارەزا لە زاراوەی هەورامی!
هەروا کە لە گەڵ سامان بۆ دەرەوەی هۆڵەکە دەڕۆیشتم، پرسیم: ها سامان گیان کێیە؟
ـ مامۆستا گیان میمکە!
میمک بە زاراوەی مەریوان بە خوشکی دایک دەڵێن.
لە زەین و خەیاڵم دا ژنێکی گەڕاوە و بە تەمەنم هێنا پێش چاوی خۆم!
لە دەرەوەی هۆڵەکە، کچێکی جوان چاوەڕیم بوو. تەمەنی هەر بیست و چەند ساڵ دەبوو. سامان وتی: ئەوەش میمکم سێوە!
سامان خێرا بە جێی هێشتین و گەڕاوە بۆ هۆڵەکە!
سێوە دەستی درێژ کرد و منیش دەستم لە گەڵ لێداوە. دەستێکی نەرم و نیان!
نەم دەزانی چی بڵێم.
سێوە هاتە هانام و وتی: ناوم سێوەیە و یەکێک لە لایەنگرانی شێعرەکانی تۆم!
ئەگەر من دەستم نەکێشاباوە، سێوە بە تەما نەبوو دەستی لە ناو دەستم دەربێنێ!
ـ خۆشحاڵم بە ناسینتان!
ـ تۆم لە ناو وێنە و فیلمی کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا دیوە کە شێعرتان خوێندۆتە، زۆر بەختەوەرم ئاوا لە نیزیکەوە دەت بینم!
ـ سپاس
ـ حەز دەکەی بچین لەو پارکەی ڕووبەڕوومان دا کەمێک پیاسە بکەین؟
وەک تەلیسم لێ کراوان شوێنی کەوتم!
کەمێک لە پارکەکە گەڕاین. ئەو قسەی دەکرد و منیش سەیری ڕوخسار و چاوەکانیم دەکرد.
باڵایەکی مام ناوەندی، کەمێک گۆشتن، دەم و چاوێکی خڕ و پڕ لە خەندە، قژێکی ڕەشی کەمێک لوول، دووچاوی ڕەشی تا ڕادەیەک گەورە. لێوێکی تۆزێک گۆشتن و چکۆلە. لە کاتی قسەکردن دا دەستەکانی لە جووڵە دابوون و ئاماژەی بە دەورووبەری دەکرد. کە قسەی دەکرد، هەستت دەکرد بە تەواوی لەشی دەدوێ! شیرین دەدوا و ئارام بوو!
ـ من زۆربەی شێعرەکانی تۆم لە بەرە. ساڵەهایە ئاواتم دیتنی تۆ و قسەکردن لە گەڵ تۆیە. زانیم هاتووی بۆ مەریوان، بە خۆم جورئەتم دا لە نیزیکەوە بت بینم. ڕاستیەکەی من عاشقی تۆم!
لە قسەکانی دا بۆ جارێکیش نەی وت، ئێوە! دەی وت: تۆ، وەک ئەوەی ساڵەهایە یەکتر دەناسین و لێک نیزیکین!

واقم وڕ مابوو. زۆر ڕاشکاوانە و بێ پەروا لە خۆشەویستی من دەدوا!
ـ سێوە خان! سپاس بۆ خۆشەویستی و متمانەت، بەڵام پێت وا نییە دەبێ زیاتر بیری لێ وەکەی. من هێشتا نات ناسم و ئەوە یەکەم جارە دەت بینم!
ـ ڕاستە! تۆ یەکەم جارە دەم بینی بەڵام من ساڵاهایە لە گەڵ خۆت و شێعرەکانت ئاشنام! تکایە بۆ سبەی شەو بۆ خواردنی شێو خۆت و هەموو هاوڕێکانت وەرن بۆ ماڵی ئێمە تا لە نیزیکەوە بم ناسی و جوانتر مەبەستی خۆمت پێ بڵێم!

**

کە چوومەوە لای دۆستانم، پێم وتن کە کەسێک بۆ سبەی شێو دەعوەتی کردووین!
ـ ئەو کەسە کێیە؟
ـ ئافرەتێکە و زۆریش پێداگری کردووە!
ـ مادام تۆ دەیناسی کێشە نییە!
ـ منیش زۆر لە مێژ نییە دەیناسم، بەڵام زۆر حەز دەکەم بچین!
ئەو شەوە فیکر و خەیاڵ نەیان هێشت تۆزێک بخەوم!
هەر چاوم لە سەریەک دادەنا، پێکەنین و ڕوخساری سێوە دەهاتە بەر چاوم!

**

سبەینێ لای ئێوارە، سامان هات و ئێمەش هەموو لە گەڵی چووین بۆ ماڵی سێوە خان!
لە ڕێگا دا بە سامانم گوت: باشە میمکت لە گەڵ کێ دەژی؟
ـ تەنیایە!
ـ چۆن؟
ـ لە مێردەکەی جیا بۆتەوە و لە گەڵی نەچووە بۆ دەرەوەی وڵات! ملک ودوکان و ماڵ و سامانێکی زۆریشی بۆ بە جێ هێشتووە! تەنیا خۆی و ژنێکی کارەکەر و باخەوانێکی هەیە. کە ئەوان لە قاتێکی تر دا دەژین! ژنە کارەکەرەکە، تەنیایە و باخەوانەکەش ژن و منداڵی هەیە!
گەیشتینە بەر دەرکی ماڵی سێوە!
ماڵێکی شاهانە و گەورە!
سامان لە زەنگی دا. درگای حاسارێ کرایەوە و هەر چوار ماشێنی پێمان بوو چووینە ژوور!
حەسارێکی گەورە و هەراو! پڕ لە دار و درەخت!
سێوە خۆی بە پیرمانەوە هات!
لە لیباسی ماڵەوە دا کە کراس و کەوایەکی درێژ بە ڕەنگی سوور و تەڵایی بوو وەک فرشتە وابوو!
دۆستەکەنم بە دیتنی سێوە واقیان وڕ مابوو. هەموو گیانیان ببوو بە چاو!
سێوە هات و تەنیا دەستی لە گەڵ من لێداوە و بە سەر سڵاوی لە هەموان کرد. بە منەوە پازدە نەفەر بووین و ئەوەشم پێشتر بە سامان وتبوو.
هەموو چووین بۆ ژوورەوە. بە ئاسانسۆر سەرکەوتین بۆ نهۆمی سێهەمی ماڵەکە.
ئەو شەوە تا درەنگانێک من و دۆستانم بە خۆشی ڕامانبوارد. خواردن و خواردنەوە تا دڵ دەیهەویست لەوێ بوو.
سێوە لای من دانیشتبوو. دۆستانی تری شاعیریشم بە کچ و کوڕ و ژن و پیاوەوە،هەر کامیان لە لای هەر کەس پێیان خۆش بوو دانیشتبوون.
لە کاتی خواردن دا سێوە بە ئەسپایی وتی: دەزانم تۆ خواردنەوەی ئالکۆلی ناخۆی، شەربەتی ترێ و هەنارم بە تایبەتی بۆ تۆ هێناوە. ئیشارەی کرد و ژنە کارەکرکە دووشووشەی هێنا و لە بەردەم منی دانان!
بە سەرسووڕمانەوە وتم: تۆ لە کوێ دەزانی من....
نەیهێشت ڕستەکە تەواو بکەم وتی: من هەموو شتێک لە بارەی تۆوە دەزانم!

دوای شێو ، چەند کەس لە شاعیران، شێعریان خوێندەوە و چەند کەسی دەنگ خۆشیش بە حەیران و مەقام، کۆڕەکەیان ڕازاندەوە!

سێوە داوای کرد تا من شێعر وەخوێنم. هەموو مەجلیسەکە هاتنە سەر قسەی سێوە و منیش خۆم ئامادە کرد تا شێعر وەخوێنم.

سێوە وتی: مامۆستا گیان! تکایە من ناوی هەر شێعرێکم وت، تۆش بۆمان وەخوێنە!

پاشان یەک یەک ناوی شێعرەکانی منی دەوت و منیش ئەگەر لە بەرم با دەم خوێندەوە و ئەگەریش جوان نەم زانیبا لە ناو شێعرەکانم دا دەگەڕام و دەم خوێندنەوە!

سێوە وتی: تکایە،شێعری "ئەفسانە" وەخوێنە!

چەند دێڕم لە بەر بوو و پاشان ویستم لە ناو شێعرەکانم دا بگەڕێم و بۆیان وەخوێنم!

سێوە وتی: زەحمەت مەکێشە ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ من بۆیان دەخوێنمەوە.

پاشان لە هەوەڵەوە تا کۆتایی، لەبەر، بە دەنگە بە سۆزەکەی بۆی خوێندینەوە.

کۆڕەکە بە جارێک شڵەژا و بە چەپڵە و بژی بژی ئەو هۆڵەیان پڕ کردبوو.

ساعەت لە نیوە شەو لایدابوو. ئیشارەم کرد لە دۆستان کە بڕۆین!

هەموو هەستاین. سێوە وتی: تکایە مامۆستا تۆجارێ مەڕۆ. کەمێک کارم پێتە!

ناچار مامەوە و دۆستانم لە کاتێکا بە بزە و نیگای پڕ مانایان لێیان دەڕوانیم،ڕۆیشتن!

سێوە ئیشارەی بە ژنە کارەکەرەکە کرد و ئەویش بە جێی هێشتین!

من مامەوە وسێوە!

هات لە پەنام دانیشت!

وتی: من هەموو شتێک لە بارەی تۆوە دەزانم!

بۆ نموونە: لە کوێ دەژی. حەزت لە چ خواردنێکە. کەی ژنت هێناوە و کەی مردووە. چەند کتێبت چاپ کراون ،چ ڕەنگێکت پێ جوانە و ......ئەوەش دەزانم کە بڕیارت داوە دوای مردنی ژنەکەت، قەت ژن نەهێنیەوە!

پێم سەیر بوو! سێوە زۆر شتی لە ژیانی من دەزانی!

پاشان هەستا و ئالبۆمێکی گەورەی هێنا... هەموو ئەو وێنانەی من، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا بووم تێی دابووا!

ئەو شێعرانەی منش کە لە گۆڤارەکان دا چاپ کرابوو، قرتابوون و لەو ئالبوومە دابوون. تەنانەت وێنەی تاکە کەسی و وێنەی سەردەمی منالێشی تێدابووا!

بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: باشە کەی ،چۆن و بۆ ئەو شێعر و وێنانەت کۆ کردۆتەوە؟

وتی: من خۆشم دەوێی و ئەو ڕاستیە ناشارمەوە کە لە بەر تۆ لە گەڵ مێردەکەم نەچووم بۆ هەندەران!

ـ من ناتوانم تۆم خۆش بوێ!

ـ بۆ؟

ـ من ژن هێن نیم و منداڵی گەورەم هەیە و ....

ـ منیش دەزانم! بەڵام چبکەم دڵم ئەوە نازانێ!

ـ دەبێ....

ـ دەبێ لە بیر خۆمت بەرمەوە؟ زۆرم هەوڵ داوە. ناتوانم!

هەر دووک بێدەنگ بووین!

لە لایەکەوە سەری کڕنۆشم دادەنواند بۆ ئەو عەشقە بە سۆزە و لە لایەکیشەوە نەمدەویست ژیانی منداڵەکانم بشێوێنم!

ـ بیر لە چی دەکەیەوە؟

ـ نازانم!

ـ پێویست ناکا زۆر خۆت ناڕاحەت کەی! ساڵەهایە بێ پرسی خۆت تۆم خۆش ویستوە و ساڵانێکی تریش دەتوانم! بەڵام ویستم پێت بڵێم کە لەم دونیا گەورە دا و لە ناو نیزیکەی هەشت ملیارد ئینسان دا تەنیا تۆم خۆش دەوێ!

خۆت لە شێعرێک دا وتووتە خۆشەویستی هیچ تەمەن و سنوورێک ناناسێ! وایە؟

ـ بەڵێ من وتوومە! بەڵام...

ـ تکایە! من بە هێچ قیمەتێک لەو عەشقە پاشگەز نابمەوە! چ ژن و منداڵت هەبێ و چ نەت بێ، هێچ لە خۆشەویستی من کەم ناکاتەوە! تۆ بە لای منەوە خواوەندی عەشقی و من دەتپەرەستم! قەت داواشت لێ ناکەم وەک ژن و مێرد بژین! تەنیا ئەوەم دەوێ جار جار سەردانم بکەی. ئەوەش بزانە تا ماوم هی تۆم! هێچ دەستێکی نامەحرەم لە من نادرێ!

**

کاتێک ویستم لە ماڵی سێوە بێمە دەر دەمەو بەیانی بوو.

هەر دووک تا سپێدە لای یەک بووین! من لە گەڵ داڵغە و کێشەکانی دەروونی خۆم و ئەویش شادمان لە پەنا خۆشەویستەکەی!

لە یەک کات دا بەو عەشقە شادمان بوو و لە هەمان کاتیش دا پەشێو و دڵ بە خەم و سەرگەردان!

سێوە، تازە قسەی دڵی درکاندبوو و زۆر بەو کارە کەیف خۆش بووا!

لە پەنا من، لە باڵندەیەک دەچوو کە شوێنێکی جێ متمانەی دیوەتەوە و ئارام و ئاسوودە بووا!

هەستام بڕۆم! هەر دوو دەستی گرتم سەری لە ناو دەستەکانم دا شاردەوە و تێر تێر گریا!

خۆم دەستە کەمێکم لەو نەبووا! هەر دووکمان بەو دەمەو بەیانییە لە باوەشی یەکتر دا گریایین!

نازانم! بەڵام خودا و هەموو فرشتەکانیش لەو سەرەوە دڵیان پڕ بووا!

کاتێ گەیشتمە لای کەوشەکان،سێوە داهاتەوەو کەشەکانی منی هەڵێنا و ماچی کردن و پاشان لە بەر پێی من دای نان!

**

پایز بوو و ئاسمان وەک دڵی من گیرابووا!

جار جار چەند دڵۆپ دەهاتنە خوارێ!

فرشتەکان، دڵیان پڕ بووا!

لە ماڵی سێوە دوور کەوتمەوە. لە لای پارکێک ماشێنەکەم وێستاند و بە ناو پارکەکە دا گەڕام. لەشم گڕگڕ دایسا!

کزەی ساردی پایزی، وردە وردە بە لەشم دا دەگەڕا. هێند لە ناو داڵغە و فیکر دابووم کە نەمزانی کەی ڕۆژ بۆوە!

بێ ئەوەی خۆم لە دۆستانم ئاشکرا بکەم ڕۆیشتمەوە بۆ شارەکەی خۆم!

**

زۆر جار، کە هۆرە و گۆرانیەکانی هەورامیم گوێ دەگرت. هەستم دەکرد، پڕن لە سۆز و خۆشەویستی!

لەو کاتەوە سێوەم دیبوو، هۆگری تەواوم بە گۆرانییەکانی هەورامی گرتبووا!

گەڵا نەمەن بە دارانەوە
وەفا نەمەن لای یارانەوە
سوورە هەراڵە و سەر و سەرکەشا
وەفا و تۆ پێ من دنییەو وەشا
وەشڵێم بە بەقا گێڵا سەرکەشا
هەر ئاذێ مزانا وەفا چن وەشا
چەمە سیاوەکاو مەوزە بارەرە



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

وەفادارەنا كەرام دارەرە

**

هەموو وەرزەكان، جارێک سەردانی مەریوان دەکەم! شەوێک لای سێوە دەمێنمەوە و دەگەڕێمەوە!
ئەو شەوانەی کە لە لای سێوەم خۆشترین شەوەکانی ژیانمن!
هەموو بنەماڵەی سێوە، بە خۆشەویستی ئێمە دەزانن!
بە تایبەت بەهێ خۆشکە گەورەکەی سێوە، کە لە جوانی دا دەستەکەمێکی لە سێوە نییە!
بەهێ، خاوەنی مێرد و دوومناڵە. زۆر جار پێم دەڵێ:
ـ هیچ کەس لە دونیا دا شیاوی خۆشەویستی سێوە نییە، تۆ نەبێ!

**

زۆر جار کە بۆ شاری خۆم دەگەڕێمەوە، دەڵێی شتێکم لێ ون بووە. هەست دەکەم بەشێک لە دڵ و ڕووح و جەستەم لای سێوەیە!
خۆشەویستی ئێمە بە شێوەیەکە کە زۆربەی ئەوانەی دەمان ناسن، بە ڕێزەوە سەیرمان دەکەن!
خۆشەویستی سێوە، ڕەنگ و بەرامەیەکی تایبەتی داوە بە من و نووسراوەکانم!
کاتێ لە ناخەوە پێدەکەنێ، هەست دەکەم بەختەوەرترین مرۆڤی دونیام!
کە لای یەکترین، خەم و پەژارە لەو شارە دا نامێنێ!
زۆر جار، دوو بە دوو بۆ قەراخی زرێبار دەچین. لە ڕاستی دا زرێبار بەهانەیە بۆ ئەوەی زیاتر شان بە شانی یەکتر بڕۆین و قسە بکەین. لە قەراخ زرێبار من غەیری سێوە هێچ نابینم! هەموو گیانم دەبێتە چاو و سەیری سێوە دەکەم! ئەویش زۆر جار کە دەچینەوە ماڵ دەڵێ: ئاگام لێ نەبوو زرێبار چۆن بوو!
کە ئەو قسە دەکا،من هێچ ناژنەوم! مۆسیقای دەنگی دەمباتە دونیای خەیاڵەوە!

**

جارێک باوکی سێوەم دی!
خۆی داوای کردبوو تا چاوی پێم بکەوێ!
پیاوێکی تێگەیشتوو. لە ڕەچەڵەکی کوێستانە بەرزەکانی هەورامان!
گفت خۆش و ڕەزا شیرین. زۆر جار وشە و ڕستەیەکی هەورامی ئاوێتەی قسەکانی دەکرد!
لێی نەپرسێم کێم و چیم و چکارەم!
دوای خواردنەوەی چایی وتی: زۆر ئاگات لە سێوە بێ!
دوایی وەک مرۆڤێکی تێگەیشتوو چاوەکانی نووقاند و سەرێکی ڕاوەشاند و دەستەکانی بۆ ڕاست و چەپی خۆی دا گێرا و بە پەرۆشەوە، وتی: سەیرە من بە تۆ دەڵێم ئاگات لە سێوە بێ! عاشق،چ پێویستی بە ئاگادار کردنەوە و ڕاسپاردنی منە!
دایکی، کە لە هەموو ئەو ساتانە دا بێدەنگ بوو و چاوی لە من  نەدەترووکاند، بە زاراوەی هەورامی وتی:
خوا ئاگاڎارتا بو چن ئۆ یویی مشدێ!

**

ساڵی چواری خۆشەویستیمان بوو، ڕۆژێک بەهێ ، تەلەفوونی بۆ کردم!
ـ سێوە نەخۆشە! زوو وەرە بۆ مەریوان!
نەمزانی لە ڕێگا دا چۆن ڕۆیشتم! باڵم گرتبوو!
لە هەورازی تووەسووران، بەرانبەر ئاوهەڵدێرەکەی گەوێڵە،خەریک بوو، ماشێنەکە هەڵدێرم بۆ ناو ناخی دەرڕە!
کە گەیشتمە بەر دەرکی ماڵی سێوە، خێرا دابەزیم و بە پەلە لە زەنگی درگام دا!
باخەوانەکەی دەرگای کردەوە!
ـ سڵاو! سێوە لە کوێیە؟

بە پێکەنینەوە وتی: وا لە خەستە خانە!
بە پەلە چووم بۆ خەستە خانە!
بەهێ، بە پیرمەوە هات!
ـ سێوە چۆنە؟
ـ بێ خەم بە! شکور باشە!
سێوە لە سەر تەختی خەستەخانە ڕاکشابوو! بە دیتنی من هەستا و دانیشت. دەستەکانی گرتم و ماچی کردن!
سێوە، تا ڕادەیەک کز ببوو. وەکوو گوڵێکی نیوە ژاکاوی لێ هاتبوو. بەڵام بە دیتنی من دووبارە گەشایەوە!

**

دوایی بەهێ گێڕایەوە: چەند شەو لەوەپێش، سێوە پێی وتم؛ خەونم دیوە بوومە پەپوولە و بە سەر شارا هەڵدەفڕم. خۆشەویستەکەم دەبینم کە دێ بۆ مەریوان. دەچم لە سەر شانی هەڵدەنیشم. لە سەر شانی ئەو ڕا دونیام لێ دیارە!
سێوە ساخ و سلامەت بوو و هیچ نەخۆشیەکی نەبوو!
بە بەهێی وتبوو: خوای خۆشەویستی کەسێکی پێ داوم کە تا ماوم گیان و لەشم هی ئەوە! گەر بش مرم لە ئامێزی ئەو دا دەمرم!
شەوی ڕابردوو کوتووپڕ حاڵی تێک دەچێ و دەیبەن بۆ خەستە خانە!
دوکتۆرەکان وتیان: نەخۆشیەکی دەگمەنی دڵی لە گەڵە. دەنگی نەکردووە و دەردەکەی تاقەت هێناوە! تا حاڵی تێک نەچووە کەس نەیزانیوە! دەبێ بێ دڵی نەکرێ و ساتێک نەهێڵن خەمۆک و ناڕاحەت بێ!

**

دیسان وەرزی پایز بوو! ئەمجار ئاسمان بە پڕتاو دەباری!
من و سێوە لە پشت پەنجەرەی ماڵی ئەوان، سەیری بارانمان دەکرد!
نەخۆشی سێوە، زیاتر منی وەئاگا هێناوە!
تەمەن کە بەرەو پێشەوە دەڕوا،سلامەتیش ڕوو لە کزی دەنێ!
ـ بڵێی ڕۆژێک، من یان سێوە بمرین و ئەیترمان تەنیا وەمینێ!
سێوە پاش من ساتێکیش ناژی! چون منیش هەست دەکەم بێ سێوە ناتوانم هەناسە هەڵکێشم!
سێوە، لە کاتێکا سەری لە سەر شانی من بوو، وتی: توخوا قەت جێم مەهێڵە!
پاشان هەر دووک لە ناخەوە تێر تێر گریایین!
تا بە تەواوی چاک نەبۆوە، نەمتوانی بە جێی بێڵم!

**

ساڵەها لە یەکەم دیداری من و سێوە تێدەپەڕێ!
سێوە،وەفادارانە مایەوە و شووی نەکرد!
منیش، بوومە باڵندەیەکی کۆچەری!
ساتێک، لای سێوەم، ساتێک لە شارەکەی خۆمم!
زۆر جار، کە دەچمەوە بۆ مەریوان،سێوە باوەشی دەگرێتەوە وتێر بۆنم دەکا و بە زاراوەی هەورامی شێعرێکی مەولەویم بە دەنگە خۆشەکەی بۆ دەڵێ:
ئەی ڕۆشنی چەم! تاکەی؟ تەشریف بەر
لێلاوی، سادەی! هووناوی هوون کەر
پەی چێش؟ قیبلەکەم عەزمی سەفەر کەرد
سێلاوی دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد
بینایی وەڕاست دڵەی پڕ دەردم
ئای چەن سەرسەختێ بیم لوای نەمردم!

دڵە! وە بادەی وەسڵش بادی بی
دەماخت نە ئەوج برج شادی بی
هیجرانی باڵاش وەهیچ مەزانای
وێت وە ساحیب سەبر تاقەت مەوانای
سا ئیسە، ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش
سەبرت ئەر ئازان بمانۆ شنۆش!

**

پایز وەرزی ناسین و یەکەم دیداری من و سێوەیە!
کە پایز دێ مەیلی چوون بۆ لای مەریوان زیاتر بە دڵم دا دێ!
تێپەڕ بوونی تەمەن، زیاتر لیکی نیزیک کردووینەوە!
سەردانەکانم بۆ مەریوان زیاتر بووە!

**

ئێستا، تەمەنم، نیزیک بۆتەوە لە شەست ساڵ و سێوە، پێی ناوەتە چل و پێنج ساڵ. قژەکانی ناو بە ناو سپی بوون!
ڕەنگیان ناکا و نایان شارێتەوە!
دەڵێ: لە پێناوی تۆ دا سەرم سپی کرد بەڵام نە ڕوو زەردی تۆ بووم و نە ڕوو ڕەشی خۆشەویستی!



**سەقز. ئێوارە شێعرێک بە بەشداری شاعیرانی شارەکانی سەقز، بانە ، بۆکان ، دیواندەرە و سنە هاوینی  ساڵی ١٣٩٢ ی هەتاوی**



**کانیسوور. شەوێک لە گەڵ هەڵەبجە کۆڕەشێعرێک لە لایەن ئەنجومەنی کانی. ڕەشەمەی ١٣٩٦ ی هەتاوی**